چیرۆک و بیرۆک

بەرگی ١






د. تارق سوێدان

ئاسۆ ئەحمەد

نووسیویەتییەوە و وەریگێڕاوە

لە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری



ناوی کتێب: چیرۆکە و بیرۆکە

نووسەر: د. تارق سوێدان

وەرگێڕ: ئاسۆ ئەحمەد

بەرگ: یەکەم

نەخشەسازیی بەرگ: مستەفا ئیحسان

خەتخۆشی: محەمەد عەقراوی

نۆرەی چاپ: یەکەم

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (٢١٤)ی ساڵی ٢٠١٥ی پێدراوە

پێشگۆتن

ئەم بەرهەمەی بەردەستتان، لە بنچینەدا بریتییە لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیی ڕاهێنەری نێودەوڵەتیی گەشەپێدانی مرۆیی و نووسەری بەتوانا (د. تارق سوێدان)، کە لە ڕەمەزانی ڕابردوودا بە نـاوی (قصة و فکرة) پێشکەشی کرد. ئەوەندەی ئێمە بزانین تا ئێستا نەکراوە بـە کتێب. کەواتە ئەمە هەر ئەوە نییە وەرگێڕان بێـت، بـەڵکو سـەرەتا نووسراوەتەوە ئینجا وەرگێڕراوە، کە برای بەڕێزمان (ئاسۆ ئەحمـەد) پێی هەڵساوە. جێی دەستخۆشی لێکردنە.

بەرنامەکە خۆی سی ئەڵقەیە، ئەوەی لێرەدا نووسراوەتەوە تـەنها سیانزە ئەڵقەیەتی. پێمان باش نەبوو هەمووی لە یـەک بەرگـدا کـۆ بکەینەوە، چونکە ڕەنگە خوێنەری ئەم سەردەمە تاقەتی خوێندنەوەی کتێبی لەوە گەورەتری نەبێ.

لە وەرگێڕانی ناوی بەرهەمەکە وشەی (چـیرۆکە)مـان بـە گونجـاو زانی، تا کێش و سـەروایەکی لەگـەڵ (بیرۆکـە)دا هـەبی، کـە بـەپێی فەرهەنگەکەی گیوی موکریانی ئەویش هەر بە مانای چیرۆک دێ.

ئەگەر خوێنەران پێشـوازییان لـەم بەرگـە کـرد و بـەدڵیان بـوو، پشت بە خودا لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەودواکەشی لە بەرگێکی تـردا بڵاو دەکەینەوە.

لە بەچاپ گەیاندنی ئەم کتێبەدا خۆمان بە قـەرزاری هـەر یـەک لەم بەڕێزانە دەزانین: (د. بەشدار عومەر) کە دەستگرۆییی مـاددیی بەرهەمەکـەی کـرد و بـەڕێز (محەمـەد ئـاکرەیی) کـە ناونیشـانی کتێبەکـەی نووسـی و کـاک (مسـتەفا ئیحسـان)یـش کـە بەرگەکـەی نەخشاند. خودای گەورە پاداشتیان بداتەوە.

بە نیازی دیدار لە دووەم بەرگدا...



سەلمانی فارسی

قوربانی دان
له پێناوی ئایدیادا

سەلمانی فارسی

قوربانی دان لە پێناوی ئایدیادا

زۆر کەس هەن هەموو کات و هەوڵ و کارامەییی خۆیان بۆ پارە بەدەست هێنان دەخەنە گەڕ و دەکەونە ململانێیەکی سەخت لە پێناوی بەدەست هێنانی پارووی ژیان. خەڵکانێکیش هەن ئامادەن لە پێناوی دنیادا قوربانی بە هەموو بەهاکان بدەن، ئامادەن هەموو حەرامێك بشكێنن بۆ ئەوەی دەستیان بە پارەو دەسەڵات بگات. لە بەرانبەریشدا کەسانێك هەن ئامادەن قوربانی بدەن بە ئازادییان، بە ماڵ و منداڵیان و تەنانەت بە هەموو شتێکیان لە پێناوی ئایدیای حەقدا و لەوانەیە لەو پێناوەدا وڵاتی خۆیان جێ بهێڵن و دەربەدەر ببن.

ئەم چیرۆکە لەبارەی کەسێکەوەیە کاتێك کە قەناعەتی بە ئایدیای حەق هات، بڕیاری دا لەو پێناوەدا بژیت و قوربانی بدات و وڵاتی خۆی جێ بهێڵێت، بۆ مانەوە لەسەر ئەو ئایدیایە دووچاری دەیان چەرمەسەری هات.. ئەو کەسە سەلمانی فارسییە (بەر ڕەزای خودا بکەوێت).

بنەچەی سەلمان دەگەڕێتەوە بۆ ئەسفەهانی وڵاتی فارس، بۆ گوندێك كە پێی دەوترێت (جەی). ئەو لە سایەی خۆشگوزەرانیدا پێگەیشت. باوكی یەكێك بوو لە دەوڵەمەندترین و پایەدارترین پیاوەكانی ئەو گوندە، دوهقان (بە مانای گەورەی ئاینی)ی گوندەكە بوو، واتە لە سەركردایەتیی پۆست و ئاین و دارایی گوندەكەدا بوو.

سەلمان لە زانیاریی (مەجووسیەت)دا پلەیەكی باڵای بڕی و بوو بە (زەیوان)ی ئەو ئاتەشگایەی لە گوندەكەیاندا بوو. ئەم پایەیە تەنیا بە كەسێك دەدرا كە بە دیندارێكی باش بناسرایە. سەرباری ئەوەش باوكی خۆشەویستییەكی زۆری بۆی هەبوو.

سەلمان كەسێك بوو هەر بە سروشت حەزی بە حەق و بە دینداری بوو. لێبڕاویی سەلمان لە خزمەت كردن بە مەجووسیەت، سەرباری ناحەقیی ئەو ئاینە، لەوانەیە باوەڕێكی بەهێزی بە گرینگیی بیروباوەڕ و ئاین بۆ مرۆڤ لە پشتەوە بێت. ئەو كەسەی پابەندی بیروباوەڕێك بێت و بە دڵسۆزی كاری بۆ بكات، ئەستەمە بتوانرێ بیر لەوە بكرێتەوە دەستبەرداری ئەو بیروباوەڕە بێت.

باوكی سەلمان باخ و بێستانێكی زۆری بە دەستەوە بوو كە سەرچاوەی داهاتی بوو و قازانجێكی زۆری لە بەروبوومەكەیەوە دەست دەكەوت. ماوەیەك بەهۆی سەرقاڵ بوونی بە كاری سیاسییەوە، باوكی سەلمان نەیدەپەرژایە سەر باخەكانی و ئەمی ڕادەسپارد ئاگای لێیان بێ. ڕۆژێك لە كاتێكدا بەرەو باخەكان بەڕێ دەكەوت، سەلمان بەلای

کڵێسایەکی دیان (مەسیحی)ەکاندا تێپەڕ بوو و گوێی لە دەنگی پەرستش و دوعاکانیان بوو.. کاریان تێکرد، سەرسامی نوێژ و خشووعیان بوو، بەتایبەت کە شتی وا لە ئاینەکەی خۆیدا نەبوو. حەزی بۆ ئەو ئاینە چوو، لە دڵی خۆیدا وتی: "بێگومان ئەم ئاینە لە ئاینەکەی خۆمان باشترە". لێرەدا سەلمان هەر چەندە بۆ مەجووسیەت دڵسۆز بوو، بەڵام سروشتە پاکەکەی هەر زوو نادروستیی بیروباوەڕەکانیی بۆ دەرخست. ئەمە دەری دەخات سەلمان پیاوێکی وێڵی ڕاستی بووە و هەر کاتێك شتێکی بینیبێت کە لەوەی خۆی باشتر بووبێت، ئامادە بووە بەرەو پیری بچێت، هەر وەك دەریدەخات ناحەقی تا لە سروشتەوە دوورتر بێت کەوتنی ئاسانتر دەبێت و لە ئەنجامی هەر بیرکردنەوەیەکی سادە یان تێڕامانێکی ئارامەوە هەرەس دەهێنێت. هەر بۆیە لە ئاینەکەی ئێمەدا سەرەتا بەوە دەست پێ دەکەیت کە بڵێیت "لا إلە – هیچ خودایەك نییە" بە واتای ڕووخاندنی هەموو خوداوەندێك، ئینجا تەنیا یەکێکیان دەهێڵێتەوە کە ئەویش زاتی بەرزی ئەڵڵایە "الا الله". سەرەتای بانگەواز ئەوەیە هەموو خوداوەند و بتەکان بخەین و ناحەقییان بسەلمێنین ئینجا ڕاستیی ئەم ئاینە دەردەکەوێت.

ئەم دیمەنەی دیانەکان لە خشووع و پاڕانەوە، کاری زۆری کردە سەر سەلمان (بەر ڕەزای خودا بکەوێت). ئەو ڕۆژە تا خۆر ئاوا بوون بە دیاریانەوە مایەوە و نەچوو بۆ سەر باخ. کاتێك نوێژی دیانەکان تەواو بوو و بڵاوەیان لێکرد، سەلمان

چوو بۆ لای گەورەکەیان و پرسیاری لەبارەی بنچینەکانی ئەو ئاینەوە لێکرد. ئەویش بۆی باس کرد کە پیاوێك لە وڵاتی شام ئەو ئاینەی هێناوە و خۆی کوڕی خودایە!

سەلمان شەو گەڕایەوە ماڵەوە و بەسەرهاتەکەی بۆ باوکی گێڕایەوە و سەرسامیی خۆی بەرانبەر بەو ئاینە دەربڕی. باوکی لێی تووڕە بوو، چۆن دەبێت کوڕی سەرۆکی ئاینیی مەجووسەکان ئاینێکی تر کاری تێبکات؟ ترسی لێنیشت و بڕیاری دا سەلمان لە ماڵەوە بەند بکات. سەلمان ئەوەی ڕەت کردەوە، لە بەرانبەریشدا باوکی بڕیاری دا کۆتی ئاسن بخاتە دەست و پێیەوە، تا جارێکی تر بەلای دیانەکانەوە نەچێ. سەلمان سەرباری ئەو هەموو کۆتە (کۆتی مەجووسیێتی، کۆتی دەوڵەمەندی، کۆتی خۆشەویستیی باوکی، کۆتی ئاسن)، هەر کۆڵی نەدا. ئازادییەکی گەورەتر لەو ئایدیایەدا هەیە کە مرۆڤ باوەڕی پێی هەیە، سەلمانیش پێی وا بوو ئەوەی بینیویەتی باشترە لەوەی کە خۆی هەیەتی و بیری لەوە دەکردەوە چۆن خۆی لەو کۆتانە ڕزگار بکات کە بەستوویانەتەوە. سەیری کرد ئەگەر لە شوێنی خۆی دابنیشێت، هەرگیز ڕزگاری نابێت. بۆیە بڕیاری دا بەرەو شام بڕوات. نامەیەکی نهێنیی بۆ ئەو دیانانە نووسی کە لە کڵێساکەدا بوون داخۆ کاروانێکی دەست دەکەوێت بەرەو شام بڕوات؟ ئەوانیش کاتی بەڕێ کەوتنی کاروانێکیان پێ وت. لەگەڵ دۆستەکانی دەوروبەری ڕێککەوت لە کۆت و بەندەکان ڕزگاری بکەن و بە نهێنی خۆی گەیاندە لای دیانەکان و لەوێوە بەرەو وڵاتی شام بەڕێ کەوت.

لێرەدا لەو ڕێگەیە دەڕوانین کە باوکی سەلمان بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە گرتبیە بەر. کێشەکە لە بیروباوەڕ و ئاوەزە، بۆیە پێویست بوو باوکی گفتوگۆیەکی ئارامی لەگەڵدا بکردایە و بیروڕای لەگەڵدا ئاڵوگۆڕ بکردایە، بەڵکو بە لۆژیك وەڵامی بداتەوە، بە شتێك کە سروشتی مرۆڤ قبووڵی بکات. ئەم شێوازە لە هەموو شوێن و کاتێکدا دووبارە دەبێتەوە، شێوازێکی شکست خواردووە و هۆکاری ڕژد بوونی خاوەن بیرکردنەوەکانە لەسەر ئەوەی هەیانە. زۆر کات زیندانەکان بوون بە هۆکاری پابەند بوونی زیاتری زیندانییەکان بەو ئایدیایانەی لە پێناویدا لە زیندان توند کراون. دەبینیت زیندان بووە بە قوتابخانەی دەرچوونی بیرمەندەکان، هەر وەك چۆن دەشبێت بە قوتابخانەی دەرچوونی شەیتانەکان و زیاتر بەرەو تاوان چوونی تاوانکاران. زیندانەکان وا لە خاوەن ئایدیاکان ناکەن دەستبەرداری ئایدیاکانیان بن، بەڵکو ئامرازی زیاتر قووڵ بوونەوەیانن.

با زیاتر لەسەر ناونیشانەکە "قوربانی دان لە پێناوی ئایدیادا" ڕابمێنین. سەیری قەبارەی ئەو قوربانی دانە بکەن کە سەلمان لە پێناوی ئایدیاکەیدا دای، ئەو ئایدیایەی دەیەوێت لە پێناویدا بژی، قوربانیی بە هەموو شتێك دا و بە هەژاری و کەساسی چوو بۆ شام.

سەلمان لە شام پرسیاری لە بارەی گەورەترین زانا و خوداناسی ئەو ناوچەیە کرد. ناردیان بۆ لای قەشە و شوانی کڵێسایەك. چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ ئەو قەشەیە گێڕایەوە و

بۆی باس کرد کە دەیەوێت لای بمێنێتەوە و خزمەتی بکات و فێری ئاینەکەی ببێت. قەشەکە قبووڵی کرد. سەلمان لەگەڵ ئەو قەشەیە مایەوە، خزمەتی دەکرد و پەرستشەکانی لەگەڵدا ئەنجام دەدا. زۆری پێنەچوو سەلمان بۆی دەرکەوت ئەو قەشەیە پیاوێکی خراپە، خێر و سەدەقە بە بەردەستەکانی کۆ دەکاتەوە و دواتر بۆ خۆییان گل دەداتەوە و دەستیان بەسەردا دەگرێت. تا وای لێهاتبوو سامانێکی زۆری کۆ کردبووەوە و هیچی لێنەدەدا بە هەژاران و ژیانێکی خۆشگوزەرانانەی بۆ خۆی بەرێ دەکرد. بۆیە سەلمان بە تەواوی رقی لێی بووەوە.

ئەو قەشەیە، زۆری پێنەچوو مرد. پرسەیەکی گەورەی بۆ رێکخرا و شین و شەپۆرێکی زۆری بۆ ئەنجام درا. سەلمان لێرەدا رەخنەی لێگرتن و وتی ئەمە پیاوێکی خراپ و دونیایی بووە، لە ژێر پەردەی دینداریدا پارەی کۆ کردووەتەوە و خۆی لە دەسەڵاتداران نزیک کردووەتەوە و شوێنی پارە کۆ کردنەوەکەی پیشان دان. خەڵکەکە کە ئەو هەموو پارە و زێڕ و زیوەیان بینی، لاشەی قەشەکەیان فڕێ دا و دایانە بەر بەرد.

سەلمان بەوە لە ئاینە تازەکەی هەڵنەگەڕایەوە. کەسانی هۆشمەند شوێنی ئایدیا دەکەون نەك کەسان، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسانە گەورە زانایانی ئەو ئایدیایەیش بن. خراپی و گومڕاییی ئەو قەشەیە وای نەکرد سەلمان دەستبەرداری ئەو بیرە بێت کە هەڵی گرتبوو.

پاش ئەو قەشەیە، کەسێکی تریان لە شوێنەکەی دانا. سەلمان لەگەڵ ئەو قەشە نوێیەش بوو. قەشە نوێکە بەڕاستی پیاوی چاك بوو، یەکێك بوو لە خاکیترین کەسەکان، شەو و ڕۆژ لە خوداپەرستیدا بوو و سەرقاڵی کار کردن بوو بۆ ڕۆژی دوایی. سەلمان زۆری خۆش دەویست. کاتێك مەرگی نزیك بووەوە، سەلمان هەستی کرد دوای ئەو پیاوە سەرگەردان دەبێت، بۆیە داوای لێکرد کەسێکی بۆ دەستنیشان بکات تا دوای خۆی هاوڕێیەتیی بکات. قەشەکە پێی وت کە کەسێك ناناسێت بەتەواوی خوداناس بێت و ئاینی نەگۆڕیبێت و بۆ بەرژەوەندیی خۆی نەیقۆستبێتەوە و نزیکی فەرمانڕەوایان نەبووبێتەوە، جگە لە پیاوێك کە ئەویش لە شام نییە بەڵکو لە مووسڵە لە باکووری عیراق.

سەلمان شامی جێهێشت و ڕووی کردە مووسڵ. چووە لای ئەو پیاوە و چیرۆکی خۆی بۆ گێڕایەوە و بە نیازی هاوڕێیەتی لەگەڵیدا مایەوە.

ئەو کەسەی قەناعەت بە ئایدیایەك دەهێنێت و بۆی دەژیت، پێویستە لەگەڵ کەسێکدا بێت کە یارمەتیی بدات بۆ پابەند بوون بەو ئایدیایەوە.

سەلمان ئەو پیاوەشی بە پیاوێکی باش بۆ دەرکەوت. ئەو پیاوانەی سەلمان دەچووە لایان هەموویان پیاوی پیر و لە تەمەندا گەورە بوون. ئەمیشیان زۆری نەبرد کۆچی دوایی کرد، بەڵام پێش ئەوەی وەفات بکات، داوای لەمیش کرد کەسێکی پێ پیشان بدات کە دوای خۆی بچێتە لای. ئەمیش

ڕێنمایی کرد بچێته لای پیاوێك له شاری نسێبین (كه ئێستا قەزایەکە سەر بە مێردینی کوردستانی تورکیا–وەرگێڕ).
سەلمان چوو بۆ لای ئەو پیاوەش و چیرۆکی ژیانی خۆی بۆ ئەویش باس کرد. هاوڕێیەتیی ئەویشی کرد و وەك پیاوێکی باش بۆی دەرکەوت. بەڵام ئەمیش وەك ئەوانی تر زۆری نەبرد وەفاتی کرد.

سەیری ئەم قوربانی دانە بکەن، چۆن ئەم شار و ئەو شار دەگەڕێت و ئامادەیە بە خزمەتکاری بژی، تەنها بۆ ئەوەی لە سایەی ئایدیا و باوەڕێکدا بژی کە پێی ڕاستە.

سەلمان پاش کۆچی دواییی ئەمیش، ڕووی کردە عەمووریە. لەوێ چووە خزمەتی پیاوێك کە بە هەمان شێوە بە پیاوێکی باش بۆی دەرکەوت و لە کۆتاییەکانی تەمەنیدا بوو.

لە عەمووریە سەلمان کاری کرد و توانیی هەندێك پارە کۆ بکاتەوە، بڕێك مانگا و مەڕ و بزنی پێ کڕی.

کاتێك ئەم پیاوەش کەوتە سەرەمەرگ، سەلمان داوای لێکرد ڕێنماییی بکات بچێتە لای کەسێکی تر. پیاوەکە پێی وت: پێم وایە کەسێکی تر لەسەر زەویدا نەماوە بەو ئایدیا و باوەڕەوە پابەند بێت کە ئێمە لەسەری بووین، بەڵام وا دەزانم کاتی دەرکەوتنی پێغەمبەرێك هاتووە لە ناوچەکانی عەرەب، کە ئاینی ئیبراهیم پێغەمبەر زیندوو دەکاتەوە. لە نیشانەکانیشی ئەوەیە لە خاکی خۆی دەردەکرێت و ڕوو دەکاتە خاکێکی پڕ لە دارخورما و دەکەوێتە نێوان دوو ناوچەی ڕەش کە پڕن لە بەردی تیژ کە کاروان و سوپاش

نـاتوانن پێیـدا تێپـەڕن. هـەروەها ئـەو پێغەمبـەرە کۆمـەڵێک نیشـانەی هەیـە کـە ناشـاررێنەوە: خـواردنی وەک دیـاری پێشکەش بکرێت دەیخوات بـەڵام سـەدەقە نـاخوات، لـەنێوان هەر دوو شانیدا خەتمی پێغەمبەرایەتی هەیە (کە وەک خاڵێکی گەورە وایە و مـووی درێـژی لێـوە دەردەچێت و لـە شێوەی پۆپنـەی کەڵەشێردایە و هـەموو پێغەمبـەرەکان هـەیانبووە)، ئەگەر دەتوانی بڕۆ بۆ ئەو وڵاتە.

بەڵام ئایا سەلمان دوای ئەو هەموو گەشت و گەڕانە، بێـزار بوو؟ ئایا ئەوەندە قوربانی دانـە لـە پێنـاوی ئایـدیا و بـاوەڕدا بەس نییە؟ ئەی باشتر نییە لە گەشت و گەڕان بکەوێت و ئیتر سەرقاڵی بەخێو کردن و پەرەپێدانی ئەو سامانە ئاژەڵییە بێت کە پەیدای کردووە؟

پـاش مـەرگی هاوڕێکـەی لـە عەمووریـە، سـەلمان ڕێـی بـە کاروانێکی بازرگانە عەرەبەکانی خێڵی (کەلب) کـەوت و داوای لێکردن هاوڕێیـەتیی بکـەن بـۆ گەیشـتن بـە عەرەبسـتان و لـە بەرانبەردا ئەو ڕەوە ئاژەڵەیان پێبدات کـە کـۆی کردبـووەوە. ئەوانیش ڕەزامەندییان پیشان دا. بەڵام لە ڕێگەدا، لە ناوچەی (وادی قوڕا)ی باکووری دوورگەی عەرەب، خیانـەتیان لێکرد. دەستیان بەسەر سامانەکەیدا گرت و وەک کۆیلـە بـە پیـاوێکی جوولەکەیان فرۆشتەوە. لە کاتێکدا ئـەو ئـازاد و لـە بنچینەدا گەورەیەک بوو لە گەورەکان. پاش ماوەیەک جوولەکەیەکی تـر لە (بەنو قورەیزە) کڕییەوە کە خەڵکی شاری (یەسریب) بـوو. کە برا بۆ یەسریب، لـەوێ دارخورمـا و ناوچـە ڕەشەکانیشـی

بینی، زانیی لەو شوێنەیە کە پیاوەکەی عەمووریە بۆی باس کردبوو و داوای لێکردبوو بۆی بچێت، بۆیە سەرباری کۆیلە کرانی، دڵخۆش بوو.

پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێت) هێشتا نیگای بۆ هاتبوو، هەر لە مەککە بوو و کۆچی نەکردبوو بۆ یەسریب (کە دواتر بوو بە مەدینە). سەلمان بەهۆی کۆیلە بوونییەوە هەواڵی پێ نەگەیشتبوو، تا ئەو کاتەی پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێت) کۆچی کرد بۆ یەسریب و خەڵکی شارەکە چوونە پێشوازیی.

سەلمان خۆی باسی ئەو ڕووداوە دەکات کە لە ڕۆژی کۆچی پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێت) بەسەریدا هاتووە، ئەو دەڵێت:

لەسەر دارخورمایەک بووم، گەورەکەم و هاوڕێیەکی لە خوارەوە بوون و قسەیان بەیەکەوە دەکرد، ئامۆزایەکی هات و وتی: خودا بەنو قیلە (مەبەستی ئەوس و خەزرەجەکان بوو) لەناو ببات! وا لە (قوبا) کۆ بوونەتەوە و پێشوازی لە کەسێک دەکەن کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکات. لەو کاتەدا وەک ئەوەی تام لێ هاتبێ وا بوو، شڵەژام و ترسام لە خۆشیدا بەر ببمەوە و بکەوم بەسەر گەورەکەمدا، بەڵام خۆم گرت و بە هەڵەداوان هاتمە خوارەوە، بە پیاوەکەم وت چی؟ چی ڕووی داوە؟ توخودا بۆمی بڵێوە. گەورەکەم لێم تووڕە بوو و مشتێکی بەهێزی تێسرەواندم و وتی: تۆ کارت بەوەوە چییە؟! بگەڕێوە سەر کارەکەت.

سەلمان بەو شێوەیە ئەو هەواڵەی بیست کە چەندین ساڵ بوو چاوەڕوانی بوو.

لە کاتی پشووی ئێوارەدا، سەلمان چوو هەندێك خورمای لەگەڵ خۆیدا برد بۆ لای پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێت). خورماکەی خستە بەر دەستی و وتی: فەرموو ئەوە خورمای سەدەقەیە. پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێت) لە خورماکەی نەخوارد و هەمووی دا بە هاوەڵەکانی.

دوای ماوەیەك، جارێکی تر هاتەوە خزمەتی، ئەم جارەش هەندێك خورمای پێشکەش کرد، بەڵام ئەم جارە پێی وت: "فەرموو لەم خورمایە بخۆ، دیارییە". پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێت) لێی وەرگرت و خواردی.

سەلمان بەردەوام بوو لە بەدوادا گەڕانی نیشانەکانی پێغەمبەرایەتی لەو زاتەدا (بەر دروودی خودا بکەوێت). ڕۆژێکی تر پێغەمبەری لە بەقیع بینی سەرقاڵی ناشتنی یەکێك لە هاوەڵان بوو. سەلمان دەڵێت: پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێ) پۆشاکێکی دوو پارچەیی لەبەردا بوو (وەك ئەوەی حاجییان لە کاتی حەجدا دەیپۆشن)، بەملا و بەولایدا دەسووڕامەوە تا نیشانەی پێغەمبەرایەتییەکەی نێوان هەر دوو شانی ببینم. پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێ) لە ئامانجەکەم تێگەیشت، پارچە پۆشاکەکەی سەر شانی لادا و نیشانەکەی پێ پیشان دام، خۆم دایە سەر شانی و بە گریانەوە کەوتمە ماچ کردنی نیشانەکە.

سەلمان تەواوی ئەو سێ نیشانەیەی بینی کە هاوڕێکەی عەمووریەی بۆی باس کردبوو. چەندە ڕووداوێکی خۆش بوو بۆ سەلمان! ئەم جارەیان نەك تەنیا بە دیداری پیاوچاکێك شاد بوو، بەڵکو گەیشت بە کەسێك کە پێغەمبەر و نێرراوی خودایە.

پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێت) کارەکەی بەلاوە سەیر بوو. سەلمان دەستی کرد بە گێڕانەوی بەسەرهاتەکانی ژیانی. پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێت) سەرسوڕمانیی بەرانبەر ئەو هەوڵ و خەباتەی سەلمان پیشان دا کە بۆ گەڕان بەدوای ڕاستیدا داویەتی، داوای لێکرد چیرۆکەکەی بۆ هاوەڵان بگێڕێتەوە تا پەند و ئامۆژگاریی لێ وەربگرن.

پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێت) بە سەلمانی فەرموو کە داوای (موکاتەبە) لە گەورەکەی بکات و پێی بڵێت کە بۆی نییە ڕەتی بکاتەوە (واتە بڕێك پارەی پێبدات تا لە بەرانبەردا ئازادی بکات). بەر لە هاتنی ئیسلام خاوەنی کۆیلە دەیتوانی ڕازی نەبێت، بەڵام ئیسلام وەڵام دانەوەی بە واجب دانا.

گەورەکەی داوای بەرانبەرێکی زۆری کرد و وتی: "هێلکەیەکی زێڕم بۆ بهێنە!" پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێت) داوای لە هاوەڵان کرد هەموویان یارمەتیی سەلمان بدەن تا ئازاد ببێت. سەلمان لە کۆیلایەتی ئازاد بوو، کە بەهۆیەوە بەشدار بوون لە هەر دوو شەڕی بەدر و ئوحودی لەدەست چوو. بەڵام دوای ئازاد بوونی (لە ساڵی سێی کۆچیدا)، ئیتر لە هەموو شەڕەکانی تر لەگەڵ پێغەمبەر

(دروودی خودای لیٚ بیٚت)دا بەشداریی کرد. سەلمان تەمەنیٚکی دریٚژی بەڕیٚ کرد و لە سەردەمی خەلیفایەتیی عوسمانی کوڕی عەفان (بەر ڕەزای خودا بکەویٚت) کۆچی دوایی کرد و وەك دەوتریٚت تەمەنی ١٢٠ ساڵی تیٚپەڕاندبوو.

کەس چیرۆکیٚکی وای بیستووە، پیاویٚك هەموو ژیانی خۆی بۆ گەڕان لە پیٚناوی ڕاستیدا تەرخان بکات و لەو پیٚناوەشدا قوربانی بە هەموو شتیٚك بدات و ئارامی لەدەست نەدا؟

دووچاری خیانەتی ڕیٚگا بووەوە و تووشی بە تووشی پیاوچاکانی درۆینە بووەوە، بەڵام هەموو ئەمانە وایان لیٚنەکرد دەستبەرداری بنەمای ئایدیاکەی بیٚت: گەڕان بەدوای ئەو ڕاستییەی باوەڕی پیٚهیٚناوە.


***

بەداخەوە زۆر کەس پەردە دەخاتە سەر گشت هەستەوەرەکانی (چاوی، گوێی، ئەقڵ و دەروونی). کە ئەمەش دەبیٚتە ڕیٚگر لە گەیشتن بە بیروباوەڕە ڕاستەکان. ئەوانە بە ئایدیایەك ناگەن کە شایانی ئەوە بیٚت بە گیان و ماڵ و کات و ژیان و هەموو شتیٚك قوربانیی بۆ بدەن. زۆریٚك لە خەڵکان ژیانیٚکی هەڕەمەکییانە دەژین. هەست ناکەیت ئامانجیٚکیان هەیە هەوڵی بەدی هیٚنانی دەدەن یان باوەڕیان پیٚی هەیە. ماددەگەرایی بەسەریاندا زاڵ بووە و تەنیا ملکەچی پەیدا کردنی پیٚداویستییەکانی ژیانن. تەنیا دەیانەویٚت بژین و هیچی تر. وەك ئەوەی زمانحاڵی ژیانیان بڵیٚت: "منداڵدان دەهیٚنیٚت و گۆڕیش دەبات". ئەو مرۆڤانە بەهایان نییە.

ئەوەی شوێنکەوتەی ئایدیایەکە، پێویستە پێوەری هەبێت بۆ پێوانە کردنیان، ئایا ئەو ئایدیایە هی ئەوەیە لە پێناویدا بژیم؟ ئایا ئەوەندە دەهێنێت ژیانمی بۆ ببەخشم؟ هەر وەک پێویستە بەدوای ئەزموونەکاندا بگەڕێت و بیری داناکان و نووسینی زاناکان بخوێنێتەوە، تا لە ڕاستیی ئایدیاکەی دڵنیا بێت و بەردەوام بەدوای ڕاستییەوە بێت.

لە کۆتاییدا

"ئەگەر باوەڕت بە ئایدیایەك هەبوو، دەبێ لە پێناویدا بژیت بە بێ سڵکردنەوە، قوربانیی بۆ بدەیت و دوا جار لە پێناویشیدا بمری".



مالکۆلم ئێکس

گۆڕان

ماڵكۆڵم ئێكس

گۆڕان

بیرۆكەی ئەم جارە لەبارەی گۆڕانەوەیە.. گۆڕان تاكە شتی چەسپاوە لە ژیانماندا.. گۆڕان چییە؟ گۆڕان بە سانایی بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوە لە واقیعێكی نەخوازراوەوە بۆ بینینێكی باشتر و ویستراو.. خەڵكی هەن حەزیان بە گۆڕانكاری نییە و دەیانەوێت ژیانیان هەر وەك خۆی بمێنێتەوە.. ئەوانە ئەو كەسانەن كە ویست و هان دان بۆ بەدیهێنانی ئەو خواستانەیان تێدا نییە. كەسانێكی تر هەن لەبەر هۆیەكی جیاواز لەوە، حەزیان بە گۆڕان نییە.. ئەوان دەزانن مەبەست لە گۆڕان چاك كردنەوەی ڕەوشی گەندەڵی ژیانە و لەبەرئەوەی زیانمەندی پرۆسەكە دەبن، بە هەموو هێزێكیانەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە.

لێرەدا نموونەی باڵای كەسایەتییەك دەخەینە ڕوو كە گۆڕانكاریی ئەرێنی ناونیشانی سەرەكیی ڕەوتی ژیانی بووە، ئەویش (ماڵكۆڵم ئێكس)ە.

ماڵكۆڵم ئێكس بە ناوێكی ترەوە هاتە دنیاوە، ناوی بنچینەییی ئەو (ماڵكۆڵم لیتڵ) بوو كە بە مانای "ماڵكۆڵمۆكە"

دێت. ساڵی ١٩٢٥ لە شاری ئۆماهای ویلایەتی نبراسکای ئەمریکا لەدایك بووە.

باوکی ماڵکۆڵم قەشەیەکی مەسیحی بوو لە مەزهەبێك کە پێی دەوترێت (باپتیست) و چالاکێکی سیاسیی ڕێکخراوێکی ڕەشپێستەکانی سەردەمی خۆی بوو. لەو سەردەمەدا واتە لە بیستەکانی سەدەی بیستدا، ڕەگەزپەرستی دژ بە ڕەشپێستەکان، لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەوپەڕی توندییدا بوو. ڕاستە (ئەبراهام لینکۆڵن) ئەوانی لە بەندایەتی ڕزگار کردبوو، بەڵام هێشتا هەر وەك چینێکی نزم تەماشایان دەکرا، بە جۆرێك ئەو ڕەشپێستەی بیتوانیایە پێڵاو بۆیە بکات یان ببێتە دەرگاوان، بە کەسێکی سەرکەوتوو دەژمێررا. زۆربەیان هەر کاریان دەست نەدەکەوت و نەخوێندەواری بەتەواوی تێیاندا بڵاو بووبووەوە، ئەوان نەدەبوو لەگەڵ سپیپێستەکاندا لەیەك ئۆتۆمبیل یان پاسدا سەربکەون، مەگەر بە مەرجێك بەردەست و خزمەتکار بن.

ژیانی خانەوادەی ماڵکۆڵم بریتی بوو لە زنجیرەیەك خەم و پەژارە. ماڵکۆڵم هەر لە بچووکییەوە چەندان کارەساتی بە چاوەکانی خۆی بینیوە، کوشتنی چوار لە شەش پوورەکانی بینیوە کە بە دەستی ڕەگەزپەرستە سپیپێستەکان کوژراون. باوکیشی بەهۆی چالاکیی سیاسییەوە چەندان جار دووچاری هەڕەشە و تۆقاندن بووەتەوە و بەهۆی ئەو فشارانەی دووچاری دەبووەوە ناچار بوو لە ساڵی ١٩٢٨ ڕوو لە ویلایەتی (میشیگان) بکات. بەڵام هەر سێ مانگ دوای ئەو کۆچبار بوونە، ماڵەکەی لەلایەن ڕێکخراوی (کو کلوکس کلان Ku-

Klux Klan)ی ڕەگەزپەرستەوە سووتێنرا. ئەو ڕێکخراوە بە کورتکراوەی کەی کەی کەی(KKK) ناسراوە و ڕێکخراوێکی ڕەگەزپەرستی توندڕەوی سپیپێستەکان بوو و کاریان کوشتنی ئەو ڕەشپێستانە بوو کە چالاکیی سیاسییان هەبوو یان هەوڵیان بۆ ڕزگار بوون لە دەسەڵاتی سپیپێستەکان دەدا. لەبەر ئەوەی کارەکانی ئەو ڕێکخراوە کوشتن و تاوانکاری بوو، لە ڕووی یاساییەوە قەدەغە بوو. ئەندامەکانی، وەك ئاماژەیەك بۆ بالایی ڕەگەزی سپی، جلوبەرگی سپییان دەپۆشی، کڵاوی سپیشیان لەسەر دەنا، کە سەرەکەی تیژ بوو و تەنیا چاویان دەردەکەوت. ئەوان هێرشیان دەکردە سەر ماڵی ڕەشپێستەکان و ئاگریان تێبەر دەدا و ئەوەی لەناوی بووایە دەیانسووتاند. بە کۆمەڵ ڕەشپێستیان لە شەقامەکاندا دەکوشت و خەڵکانی تر لە سپیپێستەکان -کە زۆربەیان هەمان ئەو ڕۆحییەتە ڕەگەزپەرستانەیەیان هەبوو- چەپڵەیان بۆ لێدەدان و دەستخۆشییان لێدەکردن.

لەم بارودۆخەدا، خانەوادەی مالکۆلم جارێکی تر کۆچبار بوونەوە. ئەم جارەیان بۆ شاری (لانسینگ) لە هەمان ویلایەت. ئەمە لە کاتێکدا مالکۆلم هێشتا لە تەمەنی منداڵییدا بوو. کاتێك تەمەنی گەیشتە شەش ساڵان، باوکی بە شێوازیکی زۆر دڕندانە کوژرا. گرووپی (کەی کەی) گرتیان و لەسەر ڕێگایەکی ئاسن بەستیانەوە، بە جۆرێك تایەکانی ئەو پاسە کارەباییەی بەسەریدا تێپەڕ دەبێت، بەسەر سەریدا بڕوات، ئا بەم جۆرە گیانی لەدەست دا. بەڵام دواتر ڕاپۆرتێك ئامادە کرا گوایە خۆی خۆی کوشتووە!

ڕەشپێستەکان بەم جۆرە دەژیان. کوشتنی ئەو پیاوە شۆکێکی گەورە بوو بۆ خانەوادەکەی، بەتایبەت بۆ دایکەکە کە تەمەنی تەنیا ٣٤ ساڵ بوو و حەوت منداڵی بەسەرەوە بوو. ئەو خانمە ناچار بوو لە ماڵی سپیپێستەکاندا وەك کارەکەر کار بکات. بەهۆی ئەوەی شارەزای مێژووی ژیانی مێردەکەی بوون، مامەڵەیەکی دڵڕەقانە و ڕەگەزپەرستانەیان لەگەڵدا دەکرد.

هەر لەو کاتەدا دەسەڵاتدارانی میشیگان ئەو مانگانەیەشیان بڕی کە بە خانەوادەکە دەدرا. ئەو خانمە لە ساڵی ١٩٣٩ دووچاری داڕووخانی دەروونی هاتەوە و بڕرایە کەمپی نەخۆشییە ئەقڵییەکان.

بەم جۆرە مالکۆلم لیتڵ و خوشك و براکانی دووچاری چەشتنی تاڵیی لەدەستدانی باوك و لەدەستدانی دایك بوونەوە. ئەو حەوت منداڵە سەرگەردان بوون و کەوتنە ژێر چاودێریی حکوومەتەوە، کە ئەویش پەرتەوازەی کردن و هەر یەکەیانی ناردە هەتیوخانەیەك. لێرەدا گۆڕانکارییەکی نوێ لە ژیانی مالکۆلم ڕووی دا، گۆڕانکارییەك کە خۆی دەستی تێدا نەبوو. هەموو ئەمانە شوێنەواری نەرێنیی لەسەر ژیانی جێهێشت. ئەو هەر چەندە کاتێك لە هەتیوخانە بوو، چووە قوتابخانە، بەڵام هیچ کەسێك گرینگیی پێ نەدەدا و چاودێریی نەدەکرد. بۆیە ژیانی بەرەو بەرەڵڵایی و دزی ڕۆیشت. هەر لە منداڵییەوە بوو بە کەسێکی تاوانکار. کاتێك تەمەنی تەنیا ١٦ ساڵان بوو، لە قوتابخانە دەرکرا.

لە تاوان بەردەوام بوو تا جارێك لە كاتی ئەنجام دانی تاوانێكدا دەستگیر كرا و لە زیندانی نەوجەوانان توند كرا. ئەو خوێندنی دواناوەندیی لە زینداندا تەواو كرد. لێرەشدا گۆڕانكاریی دووەمی ژیانی ڕووی دا. مالكۆلم ژیانی ئازادیی گۆڕا بە ژیانی بەندی. بەلام هەر بەردەوام بوو لەسەر ئەو جۆرە ئاكارەی لە دەرەوە هەیبوو لە كێشەنانەوە و لێدان و دەستەگەری. ئەوەی كە نوێ بوو لە ژیانی ناو بەندیخانە، ئەو گفتوگۆیانە بوون كە لەنێوان بەندییەكاندا دەكران، ئەوان كە بێ كار بوون و هەریەكەیان ئاین و بیروباوەڕێكی هەبوو، دەكەوتنە قسە كردن لە بارەی بۆچوونەكانیانەوە. ئەو گفتوگۆیانە سەرنجی مالكۆلمیان ڕادەكێشا كە پێشتر بەهۆی سەرقالیی بە دزی و تاوانەوە، بواری ئەوەی نەبوو بیانبیستێ. لەم كاتانەدا كۆمەڵێك نامەی پێگەیشتن كە سەرتاپای ژیانیان گۆڕی. نامەكان لە براكانییەوە بوون كە لە دەرەوەی زیندان بوون. لەو نامانەدا پێیان ڕاگەیاند ئەوان بوونەتە پەیڕەوكاری ئاینێكی نوێ، ئاینێك كە تایبەتە بە ڕەشپێستەكان و دەتوانێت لە ژێر چنگی "شەیتانە" سپییەكان ڕزگاریان بكات. ئەو ئاینە بریتی بوو لە چەند بەشێكی پەرش و بلاوی ئاینی ئیسلام. پیاوێك كە ناوی (فاراد محەمەد) بوو بانگەوازی پێغەمبەرایەتیی دەكرد و یەكێكی تریش كە ناوی (ئێلایجا محەمەد) بوو بانگەوازەكەی بۆ بلاو دەكردەوە و داوای لە خەلكی دەكرد باوەڕ بە پێغەمبەرایەتیی ئەو زاتە بێنن. فاراد محەمەد كەس نایناسێت و كەس نازانێت كێیە، وێنە یان نووسینێكی نییە، زیاتر پێدەچێت كەسایەتییەكی خەیالی

بێت. هەر بەڕاستیش ئێلایجا محەمەد خۆی دامەزرێنەری ئەو گرووپە بوو کە بە (ئوممەتی ئیسلام لە ئەمریکا *Nation of Islam in America*) ناسراوە و کورتکراوەکەی NOIــە. ئێلایجا محەمەد خۆی بە شوێنگرەوەی پێغەمبەرەکەی دادەنا و شوێنکەوتووانیشی هەر وەك پێغەمبەرێك لێیان دەڕوانی.

ئەو گرووپە هەر چەندە هەندێك شتی لابەلایان لە ئیسلامەوە وەرگرتبوو و ناوی ئیسلامیان لە خۆ نابوو، بەڵام بیروباوەڕی سەیریان تێکەڵ کردبوو، وەك ئەوەی باوەڕیان بە بوونی دوو خوداوەند هەبوو: خوداوەندی چاکە، کە ڕەنگی ڕەشە و خوداوەندی خراپە کە ڕەنگی سپییە. واتە هەر بە ڕەگەزپەرستی ڕووبەڕووی ڕەگەزپەرستی دەبوونەوە. نوێژیان لەسەر کورسی و لە ڕۆژێکدا تەنیا دوو جار بوو، یەکێکیان لە بەیانی و ئەوی تریان لە شەودا. زەکات دەبوو بدرێت بە پێغەمبەرەکەیان. حەجیش، ئەوەی نەتوانێت بچێت بۆ مەککە دەتوانێت بچێت بۆ کۆشکەکەی ئێلایجا محەمەد لە (چیکاگۆ). ڕۆژووشیان لە ڕەمەزاندا نەبوو، بەڵکو لە کریسمس (واتە جەژنی دیانەکان)دا بوو. هۆکاری ڕۆژوو گرتنەکەیان لەو کاتەدا بۆ ئەوە دەگێڕایەوە کە گوایە لەو کاتەدا خراپە کردن زۆر دەبێت و بۆ ئەوەی لەو خراپانە دوور بن، بەڕۆژوو دەبن. هەروەها باوەڕیان بە تەورات و ئینجیل هەبوو هاوشان لەگەڵ قورئاندا.

ئەو تێکەڵەیە کە ئێلایجا محەمەد ئامادەی کردبوو بە ناوی ئاینەوە، دەستی بە تەشەنە سەندن کرد. مالکۆلمیش کاتێک ئەو ئاینەی وەرگرت، گۆڕانکارییەکی مەزن لە ژیانیدا ڕووی دا،

له بەرەڵڵایی و ژیانێکی بێسەروبەر و پڕ لە تاوانەوە بەرەو پابەند بوون بە ئاینەوە. وایە ئاینەکە خۆی تەواو نەبوو و پاشاگەردانی بوو، وەلێ ئاین هەر چییەك بێت هەر هەندێك مانای جوانی تێدایە، چاکە کردنی تێدایە، بەزەییی تێدایە، خێر کردنی تێدایە...

وەرگرتنی ئەو ئاینە و ئەو گفتوگۆیانەی لە زیندانەدا گوێی لێدەبوون، مالکۆلمی بەرەو خوێندنەوە برد، بە جۆرێك زۆربەی کات لە کتێبخانەی زیندانەکەدا بوو. هاوڕێکانی باسی ئەوە دەکەن کە هەزاران کتێبی لەو کتێبخانەیە خوێندووەتەوە و ڕۆژانە ١٥ سەعات سەرقاڵی خوێندنەوە بووە. کاتێك گڵۆپی ژوورەکان لە سەعات ١٠دا کوژێنراونەتەوە، لە ژێر ڕووناکیی ڕاڕەوەکاندا کتێبی خوێندووەتەوە و تا بەرەبەیان بەردەوام بووە لەسەری. لە ناو کتێبەکاندا کتێبی ئاینە جۆربەجۆرەکان و فەیلەسووفەکانی خۆرهەڵات و خۆرئاوای هەبوو. ئەمانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر ژیانی بەجێ هێشت. ئەو گفتوگۆیانەی لە زیندانەدا ئەنجامی دەدان، توانایەکی باشیان پێبەخشی لە قسە کردن بۆ جەماوەر و بەڵگە هێنانەوە و ڕەت دانەوە و بەکار هێنانی لۆژیك و.. هتد. مالکۆلم بوو بە کەسێکی ڕۆشنبیر و خاوەن بیر کردنەوەی قووڵ و شارەزا لە بیر کردنەوە و مێژووی مرۆڤایەتی.

مالکۆلم دەستی کرد بە بانگەواز بۆ (ئوممەتی ئیسلام) لەناو زیندانییەکاندا، داوای لێدەکردن پابەندی دینەکە بن و دوور بکەونەوە لە کوشتن و دزی و تاوان. کەسانێکی زۆر گوێیان بۆ بانگەوازەکەی شل کرد و پابەندی ڕێنماییەکانی

بوون و ئاكاريان گۆڕا. ئەمە وای لە كارگێڕیی زیندان كرد بڕیاری ئازاد كردنی بدەن بەر لەوەی ماوەی زیندانییەكەی تەواو بكات.

وتەبێژی ئوممەتی ئیسلام

مالكۆلم دوای ئەوەی لە زیندان دەر چوو، بەهۆی توانا بەهێزەكەی لە وتار دان و ئەو زانستە زۆرەی بەدەستی هێنابوو، بوو بە بانگخوازی یەكەمی ئوممەتی ئیسلام و ئێلایجا محەمەد كردی بە وتەبێژی بزووتنەوەكە.

زانستەكەی بەچاو زانستی ڕەشپێستێك یەكجار زۆر بوو، هەر چەندە بە بەراورد بە زانستی سپیپێستێك ئاسایی بوو. لێرەدا بڕیاری دا ناوی خۆی بگۆڕێت و لە مالكۆلم لیتلەوە بیكات بە مالكۆلم ئێكس.

بۆچی ناوی خۆی گۆڕی؟

ئێكس (سین) بۆ شتی نەناسراو بەكار دێت، ئەو لێرەوە دەیەوێت پیشانی بدات كۆیلایەتی بۆ سپیپێستەكان ڕەت دەكاتەوە. مالكۆلم دەڵێت: "سپیپێستەكان ئەو ناوی لیتلەیان لە ئێمە ناوە، ئەمەش كاتێك بە كۆیلایەتی ئێمەیان هێناوە بۆ ئێرە. مەبەستیان سووكایەتی كردن بووە. بۆیە من ئەو ناوە ڕەت دەكەمەوە كە لە بابوباپیرانەوە بۆمان ماوەتەوە. دەزانم ناوی ڕاستەقینەی من ناوێكی ئەفریقاییە، بەڵام ئێمە لە بنەچە و ڕەگ و ڕیشە ئەفریقاییەكانمان دابڕێنراوین و ئەو ناوە نازانم، بۆیە ئێكس دەخەمە پاڵ ناوی خۆم".

سەرکردە و ئەستێرەی ڕاگەیاندنەکان

مالکۆلم بوو بە ئەستێرەیەکی ڕاگەیاندنەکان و یەکێك لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییی ڕەشپێستەکان و ڕق و کینەی بەرانبەر سپیپێستەکان زیاتر بوو و لەگەڵ (مارتن لوسەر کینگ)ی سەرکردەی دیانە ڕەشپێستەکان کەوتە ناکۆکییەکی قووڵەوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی مارتن داوای بەیەکەوە ژیانی ئاشتییانەی لەگەڵ سپیپێستەکان دەکرد و داوای دەکرد ڕق و کینە بەرانبەریان نەنوێنرێت، وەك ئەوەی لە وتارە بەناوبانگەکەی (خەونێکم هەیە —I Have a Dream) داوای دەکرد. مالکۆلم پێی وا بوو سپیپێستەکان سەرچاوەی نەهامەتین، بۆیە پێویستە خۆیانیان لێ ڕزگار بکەن، نەك داوای پێکەوە ژیانیان لەگەڵدا بکرێ.

چوون بۆ مەککە و گۆڕانکارییەکی تر

مالکۆلم ئێکس ساڵی ١٩٦٤ بڕیاری دا بەرەو مەککە بەڕێ بکەوێت، ئەمەش بە مەبەستی کۆ کردنەوەی باربوو بۆ (ئوممەتی ئیسلام)، نەك حەج. بەڵام لەوێ گۆڕانکاریی گەورە و ڕیشەیی تێیدا ڕووی دا. دەتوانین بڵێین ئەو گۆڕانەی لەم گەشتەدا بەسەر مالکۆلم ئێکسدا هات، ئەوەیان گۆڕانی ڕاستەقینەی ژیانی بووە. مالکۆلم لێرەدا سەرسامی ئیسلامەتیی ڕاستەقینە و ژیانی موسڵمانان بوو کە دوور بوو لەو ئیسلامە شێواوەی (نەتەوە)کەی پەیڕەویی لێدەکرد. ئەو لە ماوەی ئەو ١٢ ڕۆژەی لە مەککە مایەوە، بۆی دەرکەوت

موسـڵمان تاکـه خودایـەك دەپەرسـتێت و ئیسـلامەتیی ڕاسـتەقینە بەتـەواوی لـەو ئیسـلامەتییە جیـاوازە کـە ئوممەتەکەی ئێلایجا محەمـەد پـەیڕەویی لێدەکـەن. ئـەو لـە بـارەی حەجـەوە دەڵێـت: "لـە ژیانمـدا لـەو برایەتییـە ڕاسـتگۆیانەترم نـەبینیوە کـە خـەڵکانی ڕەنـگ و ڕەگـەزە جیاوازەکـان کـۆ بکاتـەوە". هـەروەها دەڵێـت: "ئـەمریکا پێویستیی بەوەیە لە ئیسلام تێبگات، لەبەر ئەوەی تاکە ئاینە چارەسەری ڕەگەزپەرستیی پێبێت".

هـەر لێـرەدا گـۆڕانی ڕیشـەیی بەسـەر تێـڕوانینی ئـەو بـۆ ڕەگەزی سپی هات، ئـەو پێشـتر پیـاوی سپی و خـودای ئـەو پیاوە سپییەشی بە شەیتان دادەنا، بەڵام ئێستا ئـیتر پێـی وا نییـە پیـاوی سـپی شـەیتان بێـت و خـودای سـپی خـودای خراپەکاری و خودای ڕەش هی چاکەکاری بێـت. تێڕوانینێکـی دادپەروەرانـەی وەرگـرت: دەگونجێـت سپیپێسـتەکان پیـاوی چـاکیان تێـدا بێـت وەك چـۆن دەگونجێـت ڕەشپێسـتەکانیش پیاوی خراپیان تێدا بێت.

دوای مەککە، مالکۆڵم سەردانی میسری کرد و لـەوێ شـێخ (حەسەنێن مەخلووف)ی شێخی ئەزهەری بینی کە یەکێك بـوو لـە گـەورە زاناکـانی ئـەو سـەردەمە. دوای بینـینی زانایـانی ئەزهـەر، مـالکۆڵم زانیـاریی زیـاتری لـەبارەی ئیسـلامی ڕاستەقینەوە دەست کەوت و سەرلەنوێ موسڵمان بوونی خۆی ڕاگەیاندەوە و ناوی خـۆی گـۆڕی و کـردی بـە حـاجی (مالیـك شاباز). شاباز ناوی زانایـەکی ئەفریقاییـە کـە سـەلماندوویەتی ئەفریقاییەکان هەموویان لـە یـەك خێڵـەوە هـاتوون و ئـەمیش

وەك ئینتیمایەك بۆ ئەو تاكە خێڵە ناوی ئەو زانایەی لـە خۆی نا.

دوای ئـەوەی گەڕایـەوە ئـەمریكا، دەسـتبەردار بـوونی لـە بنەما ڕەگەزپەرستانەكانی (ئوممەتی ئیسـلام) ڕاگەیانـد. ئـەو هـەوڵی لەگـەڵ ئێلایجـا محەمـەدی سـەركردەی گرووپەكـە دا دەستبەرداری بیروباوەڕە لار و لەوێرەكانی ببێـت و سـەردانی كەعبەی پیرۆز بكات، تا بە چاوی خۆی ڕاسـتییەكان ببینێـت. بەڵام ئێلایجە زۆر بەتوندی ئەوەی ڕەت كردەوە.

مالیك شاباز گرووپێكـی نـوێی بـە نـاوی (كۆمەڵـەی ئـەهلی سـوننە) ڕاگەیانـد. دامەزرانـدنی ئـەو بزووتنەوەیـە لەسـەر كۆمەڵێك پرەنسیپ بوو، لەوانە:

١. بەشداریی سیاسـی لـە هەڵبژاردنـەكانی ئـەمریكا. گرووپـەكـەی ئێلایجە بەشداریی سیاسیی بەتـەواوی ڕەت دەكـردەوە، بـەڵام ئەم داوای لە ڕەشپێستەكان كرد بەشداریی پرۆسـەی سیاسـی بـــبن و هاوشـــانی سپیپێســـتەكان مومارەســـەی مافـــە سیاسییەكانی خۆیان بكەن.

٢. دامەزراندنی ڕەوتی تایبەت بە ڕەشپێستەكان بـۆ هـەڵبـژاردن، بە مەبەستی فشار دروست كـردن بـۆ سـەرخستنی كاندیـدێكی دیاریكراو یان خستنی –تەنانەت ئەگـەر لـە سپیپێسـتەكانیش بێت– و ناچار بكرێن پابەندی ئەو بەڵێنانـە بـن كـە بـۆ دابـین كردنی مافە كۆمەڵایەتی و سیاسییەكان دەیدەن. كاندیـدەكان بەردەوام بەڵێنیان بۆ باش كردنی ژیانی ڕەشپێستەكان دەدا، بـەڵام دوای دەرچـوونیان، بەڵێنـەكانیان نـەدەبردە سـەر. ئەمەش خاڵی سێیەمی لێكەوتەوە:

٣. لەبەر ئەوەی کاندیدە براوەکان پابەندی بەڵێنەکانیان نابن، بۆیە ڕەشپێستەکان مافی خۆیانە لە ڕێی فشاری سیاسییەوە داوای جێبەجێ کردنی ئەو بەڵێنانە بکەن. ئەگەر جێبەجێیان نەکرد، پەنا بۆ ڕێکاری تر دەبەن. ئەگەر ئەوەش هەر سوودی نەبوو، هێز و توندوتیژی بەکار دەهێنن. ئەم پرەنسیپەی لە وتارێکی بەناوبانگدا لە شاری (دیترویت) لە ساڵی ١٩٦٤ ئاشکرا کرد. لەو وتارەدا هۆشدارییەکی توندی بە سیاسەتمەدارە سپیپێستەکان دا، کە خۆی و بزووتنەوەکەی بڕیاری دەنگ پێدانیان دابوو، بەوەی ئەگەر پابەندی بەڵێنەکانیان نەبن ئەوا ئەوان و ئەمریکاش دووچاری توندوتیژی دەبنەوە. ئەگەر سیستمی سیاسیی وڵات بە جۆرێك هەموار نەکرێتەوە کە وەڵامی خواستی ڕەشپێستەکان بداتەوە، ئەوا دەستبەرداری هەڵبژاردن دەبن و پەنا بۆ فیشەك دەبەن. دروشمەکەشیان بریتی بوو لە: "یان کارتی دەنگ دان یانیش گوللە (Ballet or Bullet)". ئەم دروشمەشی لە هەموو وتارەکانیدا دووپات دەکردەوە. ئەمە هەڕەشەیەکی توند بوو، بە جۆرێك تەواوی میدیاکانی ئەمریکای سەرقاڵ کردبوو و مالیك شابازی کرد بە پاڵەوان و گەورەترین سەرکردەی ڕەشپێستەکان لە بەر چاوی گەنجە ڕەشپێستەکانی ئەو وڵاتە، ئەوانیش بە کۆمەڵ ڕوویان لە بزاڤەکەی دەکرد.

ترسی حکومەت و دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکا لە هەڕەشەکانی مالیك شاباز پەرەی سەند، بە جۆرێك بە

گەورەترین هەڕەشەی سەر وڵاتەکەیان دایانە قەڵەم. هاوکات ئیلایجا محەمەدیش کە خۆی بە پێغەمبەر دەزانی و سەرکردایەتیی گرووپی (ئوممەتی ئیسلام)ی دەکرد، ئەوی بە دوژمنی خۆی ناساند و هێرشێکی توندی ڕاگەیاندنی لە دژ دەست پێکرد. بە جۆرێك کار گەیشتە بەکارهێنانی توندوتیژی لە دژی و لەو میانەدا ئاگر لەماڵەکەی بەردرا تا خۆی و خانەوادەکەی لەناو ببرێن، بەڵام ئەو توانیی ڕزگاری ببێت.

ناوبانگی مالکۆڵم لەو کاتەدا بە جۆرێك بوو کێبڕکێی مارتن لوسەر کینگی گەورەترین سەرکردەی ئەو کاتی ڕەشپێستەکانی دەکرد. یادەوەرییەکانی کە لە ساڵی ١٩٦٤ بە هاوبەشی لەگەڵ (ئەلیکس هالی) بڵاوی کردەوە، وەك ئاگری بن کا بڵاو بووەوە. لایەنگران و دوژمنانی کەوتنە خوێندنەوەی ئەو یادەوەرییانە.

مالیك لەگەڵ ئەو فشارە توندانەدا هەستی دەکرد کۆتاییی نزیك بووەتەوە و دەیوت: من ئێستا لە سەر وەختی شەهید بووندام.

بەڵێ، لە ساڵی ١٩٦٥دا و لە کاتێکدا کە وتارێکی ئاگرینی دەدا، سێ تاوانکاری سەر بە ئوممەتەکەی ئیلایجا محەمەد بە بەرچاوی جەماوەرەکەوە ١٦ فیشەکیان پێوە نا و تیرۆریان کرد.

شەهید کردنی مالیك شاباز چەندین کاردانەوەی بەدوای خۆیدا هێنا، لەوانە: سەرهەڵدانی بزووتنەوەی (بەورە ڕەشەکان-Black Panthers) لە لایەن ڕەشپێستەکانەوە

بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان لە ڕێی بەکارهێنانی هێز و توندوتیژییەوە.

هەر چەندە دەزگا ئەمنییەکانی ئەمریکا توانییان دزە بکەنە ناو ئەو بزووتنەوەیە و لە ناوەوە هەڵی بتەکێنن، بەڵام داواکاریی ڕەشپێستەکان بۆ بەدەست هێنانی مافەکانیان بەردەوام بوو، تا توانییان یاسای هەڵبژاردن هەموار بکەنەوە بە جۆرێك مەرجی خوێندەواری بۆ دەنگ دان لابرا، ئەو مەرجەی بەهۆیەوە زۆربەی ڕەشپێستەکان لە مافی دەنگ دان بێبەش دەکران، بەهۆی ئەوەی نەخوێندەوار بوون. یاسای نوێی دەنگ دان لە ساڵی ١٩٦٥ دەرچوو کە مافی دەنگ دانی بۆ هەمووان دەستەبەر کرد.

بەهۆی بزووتنەوەکەی مالکۆڵمەوە، کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕوویان دا، کە ڕەنگە بە بیری خۆیشیدا نەهاتبن، لەوانە دوای ئەوەی ئێلایجا محەمەد لە ساڵی ١٩٧٥ کۆچی دوایی کرد، (واریس دین محەمەد)ی کوڕی شوێنی گرتەوە کە بە مالکۆڵم و بیروباوەڕەکانی سەرسام بوو و باوەڕی پێیان بوو و دەرچووی زانکۆی ئەزهەریش بوو، لە ساڵی ١٩٧٦ گرووپی ئوممەتی ئیسلامی هەڵوەشاندەوە و سەرجەم ئەندامەکانی کە نزیکەی دوو سەد هەزار کەس دەبوون، گەڕاندەوە بۆ ئیسلامەتیی ڕاستەقینە و ناوی بزووتنەوەکەی گۆڕی بۆ (کۆمەڵەی موسڵمانانی ئەمریکا).

وانەکان

لە چیرۆکی مالکۆلم ئێکسەوە (بەر ڕەحمەتی خودا بکەوێت) کۆمەڵێك وانە فێر دەبین، لەوانە:

١. ئامادەیی بۆ گۆڕان ئەگەر شتێکی لەوەی خۆت باشتر بینی.
٢. ڕەت کردنەوەی زوڵم و ڕووبەڕوو بوونەوەی تا ئەو کاتەی دەڕووخێت.
٣. لادان چەندین شێوەی هەیە، سیاسی و ئاینی، هەموو کاتێکیش ڕووبەڕووی ڕاستی دەبێتەوە و ڕەتی دەکاتەوە.
٤. تەنیا ئیسلام چارەسەرە بۆ کێشەکانی مرۆڤایەتی و چەوساندنەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە.

لە کۆتاییدا:

ئەم وتەیەی مالکۆلم ئێکس دەکەینە دیاری کە دەڵێت: "کاتێك خەڵکی هەست بە خەمباری بکەن، تەنیا دەتوانن بۆ حاڵی خۆیان بگرین. بەڵام کە تووڕە دەبن، ئەو کات گۆڕانکاری دەکەن".



ماکیاڤیللی

ئامانج پاساوی کرداره

ماکیاڤێللی

ئامانج پاساوی ئامرازە

ئایا ئامانج پاساوی ئامرازە؟ هەندێك کەس لەوانەیە پەلە بکەن و بڵێن: وەڵامەکە ڕوونە، بێگومان ئامانج پاساوی ئەو ئامرازە نییە کە بۆ پێگەیشتنی بەکار دەبرێت. بەڵام ئەگەر بەڕاستی وەڵامەکە ئاوا ڕوونە، ئەی چۆن پاساوی ئەو فێڵە بکەین کە پێغەمبەر یوسف (سڵاوی خودای لێبێت) بۆ جیا کردنەوەی بنیامینی برای لە براکانی تری بەکاری هێنا؟ یان چۆن کارەکەی نەعیمی کوڕی مەسعوودی هاوەڵی پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێت) ڕاڤە بکەین، کاتێك درۆی کرد بۆ ئەوەی قوڕەیش و جوولەکەکان لەیەك بکات؟ خەڵکی وتەی "ئامانج پاساوی ئامرازە" ڕەت دەکەنەوە، بەڵام لە واقیعی ژیانیاندا پەیڕەوی دەکەن!

بنچینەی ئەو تیۆرە لە کتێبی (میر-*The Prince*)ی ماکیاڤێللییەوە سەرچاوەی گرتووە، کە پاڵەوانی چیرۆکی ئەم جارەمانە.

ماکیاڤێللی ئەو کەسایەتییەیە کە مامۆستای گەورەی زۆرێك لە فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداران و سەرکردە سەربازییەکانی ڕابردوو و ئێستاشە. کاتێك ئەو کەسایەتییە دەناسین، دەزانین ئەمڕۆ چۆن حوکم دەکرێین.

ماکیاڤێللی ساڵی ١٤٦٩ لە شاری فلۆرەنسای ئیتاڵیا لەدایک بووە. لەو کاتەدا ئیتاڵیا لەوپەڕی شڵەژانی سیاسیدا بوو، دابەش بووبووە سەر چوار شار کە هەر یەکەیان دەوڵەتێکی بچکۆڵە بوو و بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند تێیدا دەسەڵاتدار بوو. ئەو دەوڵەتانە وەك ویلایەتی سەربەخۆ هەڵسوکەوتیان دەکرد. بەهۆی ئەو پارچە پارچەییە و نزیکییان لە وڵاتە گەورەکانی ئەوروپا، وەك فەرەنسا و ئەڵمانیا و ئەوانی تر، ئەو شارانە بەردەوام لەژێر مەترسیی داگیر کراندا بوون.

لە ساڵی ١٤٣٤ـەوە -واتە ٣٥ ساڵ بەر لە هاتنە دونیای ماکیاڤێللی، شاری فلۆرەنسا یان وڵاتی فلۆرەنسا، لە ژێر حوکمڕانیی بنەماڵەی (مەدیچی)دا بوو، کە بنەماڵەیەکی یەکجار دەوڵەمەند بوو. مەدیچییەکان حوکمێکی پشتاوپشتیی سەرکوتکەرانەیان بەڕێوە دەبرد، هەر چەندە بە ڕووکەش حوکمێکی دیموکراتییان پیشان دەدا و سیستەمەکانی ئەو کۆمارەیان پاراستبوو کە وەریان گرتبوو و پەرلەمان لە ئارادا بوو و هەڵبژاردنیش ئەنجام دەدرا.

ماکیاڤێللی لە سەردەمی یەکێك لە میرانی ئەو بنەماڵەیە گەورە بوو کە خەڵکی فلۆرەنسا ناوی (لۆرێنزۆی مەزنیان) لێنابوو. سەردەمی لۆرێنزۆ بە چەرخی زێڕین لە ڕابوونی ئیتاڵیا و تەنانەت هەموو ئەوروپا دادەنرێت. لۆرێنزۆ خۆی ئەدیب و شاعیر بوو و گرینگیی بە ئەدیبان و هونەرمەندان و زانایان دەدا، گەشەی بە شار و وڵاتەکەی دا و خۆشگوزەرانیی تێدا چەسپاند. ماکیاڤێللی لەو سەردەمەدا ژیاوە و وەك گەنجێکی ئەو سەردەمە باسی ژیانی گەنجەکان دەکات و دەڵێت: ئەوان سەربەست بوون و ئازادییان زۆر لە ئازادیی

باوانیـان زیـاتر بـوو، بـە ئـازادی جلوبـەرگیان دەپۆشـی و پارەیەکی زۆریان لە ڕووکەشکاریدا خەرج دەکرد و ئامانجیان جـوان دەرکـەوتن و کـات بەسـەربردن و ڕابـواردن بـوو و دەیانویست توانای قسـە کردنـی باشیان هـەبێت و بە پلـە و پۆست بگەن. هەموو ئەمانە تێڕوانینی ماکیاڤێللی بۆ خەڵکی و گەل ڕوون دەکەنەوە، لە سۆنگەی ئەو ژیانەوە کە لـە سایەی بنەماڵەیەکدا دەگوزەرا هـەموو جومگـەکانی دەسـەڵاتیان بە دەستەوە بوو و فەرمانڕەواییەکیش بەڕێوە دەچوو کە کۆماری و بە سـیما دیمـوکراتی بـوو و خـەڵکی لـە خۆشـگوزەرانیدا دەژیـان. ئـەو گـەنجێکی ئـەو سـەردەمە بـوو. ماکیـاڤێللی فەلسـەفەکەی خسـتە ڕوو کـە فەلسـەفەی زۆرێـک لـە فەرمانڕەواکانی ئەمڕۆ پێکدەهێنێت.

ماکیاڤێللی باوەڕی وا بوو ئارەزوو و چێژ وەرگرتن بەسەر خەڵکیـدا زاڵـە و گـرینگترین شـت بـە لایانـەوە ژیانـە و خۆشەویستیی ژیان و ئارامی زاڵە بەسەر بەها و ڕەوشت و هەر خۆشەویستییەکی تـردا. ئـەو پێـی وا بـوو خـەڵکی ئـارەزووی لاسایی کردنەوەی فەرمانڕەواکان دەکەن و بیر ناکەنەوە. پێی وا بـوو یـاری کـردن بـە خـەڵکی ئاسـانە و ئەگـەر فـەرمانڕەوا کارامـە بێـت، دەتوانێـت بـە ویسـتی خـۆی هەڵیانسووڕێنێت. هـەروەها بـاوەڕی وا بـوو زۆربـەی خـەڵکی خۆویسـتن و تێڕوانینیان کورتە، ڕاڕان و بە ئاسـانی دەخەڵـەتێنرێن.. ئـەم تێڕوانینە بۆ گەل، بنەمایَ فەلسەفە سیاسییەکەی ماکیـاڤێللی و هـەموو ئـەو کەسـانەیە کـە لەسـەر بیروڕاکـانی ئـەو حـوکم دەکەن. تیۆرەکـەی ماکیـاڤێللی بەنـدە بـە هەڵوەشـاندنەوەی ڕەوشت و فەلسەفەی ڕەوشت لـە بـواری سیاسـەت و گۆڕینی

سیاسـەت بـە شـتێکی کـرداری کـە هـیچ پەیوەندییـەکی بـە ڕەوشـتەوە نـەبێت. ئەمـە لـە کاتێکدا ئـەو تیـۆرەی بـەر لـە تیۆرەکـەی ماکیـاڤێللی بەسـەر بـواری سیاسـەتدا زاڵ بـوو دەیوت: ئامانجی سەرەکیی دەوڵـەت بـرەو دانـە بـە ڕەوشـتی گشتیی خەڵك. ماکیاڤێللی هات و ئەم تیۆرەی ڕەت کردەوە و وای دانا کە ئامانجی سەرەکیی دەوڵەت پاراسـتنی ئاسـایش و برەو دانە بـە خۆشـگوزەرانیی خـەڵکی و پڕەنسـیپی ڕاسـت و چەوت و بگـرە پڕەنسـیپی حـەق و ناحـەقیی ڕەت کـردەوە و پڕەنسیپی بەرژەوەنـدیی گـەل و پاراسـتنی گـەل و ئاسایشـی گـــەل و پـــڕ کردنـــەوەی پێداویســـتییەکانی گـــەل و دوور خستنەوەی مەترسیی گریمانەیی سەر گـەل شـوێنی گرتـەوە. بـەلای ماکیاڤێللییـەوە کارامـەیی و هۆشـیاریی سـەرکردە لـە پڕەنسیپەکانی گرینگترن، پێی وا بوو سەرکردەی باش ئەوەیە کە تمووحی بەرزی هەیـە و دەزانێـت چـۆن خـۆی بپارێزێـت و خۆشەویستیی ژیانی هەبێت، سەرکردەی باش ئەو کەسەیە کە سوور بێت لەسەر ئەوەی خۆی و کەسوکاری دەوڵەمەند بکات، ڕێـك وەك مێدیچـییەکان! بـە ڕای ماکیـاڤێللی ئەگـەر ئـەم سـیفەتانە بـە کـۆکراوەیی لـە کەسـێکدا هـەبن، دەیکـەن بـە سەرکردەیەکی نایـاب بـۆ بـەڕێوەبردنی دەوڵـەت و تـەنیا ئـەو کەســانەی تمووحیــان هــەبێت و تــەماعکار بــن دەتــوانن سەرکردەی خەڵکی بن!

ماکیاڤێللی لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا کە ناوی (میر – The Prince)ە و (کراوەتــە کــوردییش–وەرگێــڕ)، کۆمــەڵێك ئامۆژگاریی ئاڕاستەی سەرکردەی کارامە کـردووە تـا سـیفەتە کەسایەتییەکانی بە جۆرێك ڕێك بخات، لـە خزمـەتی دەوڵەتـدا

بن. ماکیاڤێللی جیاوازی لەنێوان ڕەوشتی کەسێتی و ڕەوشتی سەرکردەییدا دەکات. ئەو پێی وایە ڕەوشتی کەسێتی، کە مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا پەیڕەوی دەکات، پێویستە بە گوێرەی بەهاکانی مەسیحیەت بێت، بەڵام ڕەوشتی سەرکردەیی نابێت لە ئاینەوە سەرچاوە بگرێت، بەڵکو دەبێت لە بەها ڕۆمانییەکانەوە سەرچاوە بگرێت. ئەو دەڵێت جەنگاوەرە دێرینەکانی ڕۆمان (گلادیاتۆر)ەکان، لە پێناوی گەیشتن بە خواست و سەروەری و سامان سڵیان لە کوشتن و لەناو بردن نەکردووەتەوە. ئەمە بەلای ئەوەوە ڕەوشت و فەزیلەت بووە و پێی وا بووە ئەم ڕەوشتانە لە سەرکردەدا بەتەواوەتی لەگەڵ سروشتی تاکی ئاساییدا دەگونجێت و قبووڵیەتی و هەر کەسێك ئەو ڕەوشتانەی نەبێت ناتوانێت سەرکردایەتیی خەڵکی بکات. ماکیاڤێللی پێی وایە سەرکردە پێش ئەوەی بڕیار بدات، پێویستە ڕەوشەکە شی بکاتەوە و بڕیارەکەی لەسەر بنەمای واقیعی بدات و ئاوڕ بۆ ڕەوشتی ئاسایی نەداتەوە. ڕەوشتی ئاسایی ئەگەر سوودمەند بوو دەتوانێت سوودی لێ وەربگرێت ئەگەرنا با گوێی نەداتێ، چونکە گرینگ واقیعەکەیە! هەروەها پێی وایە خەڵکی خۆویستن و تەنها بەرژەوەندیی خۆیان دەوێت و گوێ بە بەرژەوەندیی خەڵکی تر نادەن.

ساڵی ١٤٩٤ لەناکاو حوکمی پشتاوپشتیی بنەماڵەی مێدیچییەکان ڕووخا و ڕاهیبێکی دۆمەنیکی بەناوی (جیرۆلامۆ سناڤۆنارۆلا) توانیی دەست بەسەر فلۆرەنسادا بگرێت و حوکمی کۆماری و دیموکراتیی بۆ گەڕاندەوە و حکومەتێکی ئاینیی مەسیحیی دامەزراند. داوای لە خەڵکی کرد دەست بە

ژیانی هەژارانە بکەن واز لەو خۆشگوزەرانی و ڕابواردنە بهێنن کە لە سایەی فەرمانڕەوایی مێدیچییەکانەوە فێری بووبوون.

کاتێک فەرمانڕەوایی بۆ سافۆنارۆلا چەسپا، دەستی بە دیکتاتۆرییەت کرد و بە ناوی ئاینەوە دەستی خستە ناو ژیان و ئازادیی تاکەکانەوە و دەستی بەسەر پارە و پوول و سامانی فلۆرەنسادا گرت. حوکمی ئەم ڕاهیبە زۆری پێنەچوو و لە ساڵی ١٤٩٨دا ڕووخا. خۆیشی ئیعدام کرا و لاشەکەشی سووتێنرا.

ماکیاڤێللی کتێبێکی تەواوی لەسەر ئەم ڕاهیبە نووسیوە و لە کتێبی میریشدا باسی دەکات و بە "پێغەمبەری بێ چەک" ناوی دەبات.

دوای ڕووخانی حوکمی ڕاهیب، جارێکی تر حوکمی دیموکراتی گەڕایەوە. وەسفی ئەو ڕاهیبە بەو جۆرە لەلایەن ماکیاڤێللییەوە، ڕەنگ دانەوەی باوەڕبوونیەتی بە بنەمای هێز و کۆنترۆڵ کردن و بەکارهێنانی توندوتیژی لەلایەن سەرکردەی سیاسییەوە. چونکە ڕاهیبەکە کاتێک حوکمی گرتە دەست، هێز و توندوتیژیی بۆ لەناوبردنی نەیارەکانی بەناوی ئاینەوە بەکار هێنا و ترس و بیمی لەناو خەڵکدا بڵاو کردەوە. ماکیاڤێللی پێی وایە سەرکردەی سیاسی پێویستە هێز و توندوتیژی بەکار بهێنێت، چونکە ئەوە ترس لەناو خەڵکدا بڵاو دەکاتەوە و ترسیش بنەمایەکی سەرەکییە بۆ زاڵ بوون بەسەر خەڵکدا. ئەمەش هەمان ئەو بنەمایەیە کە زۆرێک لە فەرمانڕەواکانی ئەمڕۆ باوەڕیان پێیەتی. ماکیاڤێللی پێی وایە سەرکردەیەک کە خەڵکی لێی بترسێت لەو سەرکردەیە باشترە کە خەڵکی خۆشی دەوێت، خۆشەویستی و لێ ترسانیش، زۆر

دەگمەن نەبێت بەیەکەوە کۆ نابنەوە. هەروەها جەخت لەسەر سیفەتەکانی سەرکردەی سیاسی دەکاتەوە کە پێویستە لە ڕووی کارگێڕییەوە سەرکردەیەکی سەربازی بێت. وەك چۆن سەرکردەی سەربازی دەبێت ئازا و بە زەبت و ڕەبت بێت، ماکیاڤێللی پێی وایە پێویستە ئاواش ئەو سیفەتانە ببنە بنەمای ژیانی سیاسی. ماکیاڤێللی پێی وایە وەك چۆن بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتنی سەربازی پێویستە پشت بە پیلانگێڕی و خەڵەتاندن و سیخوڕی و خۆپاراستن لە سیخوڕی ببەسترێت، سەرکردەیەکی سیاسییش بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، پێویستە هەمان ئەو ئامرازانە بەکار بهێنێت. ئەو یەکەمین کەسە کە تیۆرێکی تەواوی لەبارەی پیلانگێڕیی سیاسییەوە خستبێتە ڕوو. هەر چەندە لەسەر ئەرزی واقیع بەر لەویش ئەو تیۆرە پراکتیزە دەکرا، بەڵام تا ئەو کاتە وەك تیۆرێکی سیاسی نەخرابووە ڕوو.

ماکیاڤێللی دەڵێت: "هەر چەندە خەڵەتاندن و پیلانگێڕی لە ژیانی شەخسیدا ڕەت دەکرێنەوە، بەڵام بۆ سەرکەوتنی سیاسی پێویستن، چونکە دوا جار بەرژەوەندیی گەلیان تێدایە".

هەروەها دەڵێت: پێویستە سەرکردە لە گرینگیی پابەند نەبوون بە بەڵێنەکان تێبگات و پابەندی بەڵێنەکانی نەبێت ئەگەر زانیی ئەو بەڵێنانە کاریگەریی خراپیان بەسەر بەڕێوەبردن و ئاسایشی وڵاتەوە دەبێت. پێویستە قسە بکات و هەندێك بەڵێن بدات، بەڵام دواتر و کاتێك بەسەر ڕەوشەکەدا زاڵ دەبێت، کار و کردەوەی پێچەوانەی ئەوە بکات کە بەڵێنی داوە. ئەمانە شتی نامۆ نین و پرەنسیپن. پرەنسیپی "ئامانج

پاساوی ئامرازه" گرینگترین پڕەنسیپە بۆ سەرکردەی سیاسی وەك ئەوەی ماکیاڤێللی خستیە ڕوو نەك بەها ڕەوشتییەکان.

دوای ڕووخـانی حـوکمی ڕاهیـب، ماکیـاڤێللی دەسـتبەجێ پشتیوانیی خۆی بۆ ئـەو دەسـەڵاتە تازەکـە دەربـڕی ئـەویش لەباوەشی گـرت. چـەندین پۆسـتی جیاجیـای لـە سایەی ئـەو حوکمەدا وەرگرت. دوای تەنها چەند مانگێك بوو بە سکرتێری ڕاوێژکاریی دووەمی کۆماری فلۆڕەنسا، کە بـە پۆسـتێکی بـاڵا دەژمێـررا و سەرپەرشـتیی هـەموو کاروبارەکـانی دەرەوە و سەربازیی دەکرد.

ماکیاڤێللی بۆ ماوەی ١٣ ساڵ لە پۆستە باڵاکانـدا مایـەوە، واتـە تـا سـاڵی ١٥١٢. لـەم سـاڵەدا شـتێك ڕووی دا کـە هـیچ کەسێك تەنانەت ماکیاڤێللییش چاوەڕوانی نـەدەکرد، ئـەویش گەڕانەوەی بنەماڵەی مێدیچی بـوو بـۆ سـەر حـوکم. بێگومـان ئـەوان دەسـتیان بـە پاکتـاو کردنـی دوژمنـەکانیان کـرد و ماکیاڤێللییان بە پیلانگێڕی لە دژیان تۆمـەتبار کـرد. ئەمـەش لــە ڕاسـتیدا وا نـەبوو. ماکیـاڤێللی بەنـد کـرا و دووچـاری ئەشکەنجەیەکی زۆر هاتەوە. لـە کۆتاییـدا ئـازاد کـرا و ژیـانی تەریکیی لە گوندەکانی فلۆڕەنسا بۆ خۆی هەڵبژارد.

ماکیاڤێللی لەو ماوەیەدا ژیانێکی یەکجار ساکاری لـە گونـد بـەڕێ دەکـرد، ڕۆژگـاری لەگـەڵ داربڕەکانـدا بەسـەر دەبـرد، گفتوگـۆی لەگـەڵ دەکـردن و هـەواڵی خـەڵکی و دەوڵـەتی لـێ دەپرسین و گوێی بۆ ئەو دەنگۆیانـە هەڵدەخسـت کـە لـە نێـو خەڵکیـدا بـڵاو دەبوونـەوە. دواتـر لەگـەڵ گۆشـتفرۆش و بیناسازەکان کۆ دەبووەوە. وەك ئەوەی خۆی باسی دەکات،

یاریی کاغەز و تاوڵەی لەگەڵ دەکردن و بەشێکی ڕۆژگاری لە خەڵوەتدا بەسەر دەبرد و کتێبی تێدا دەخوێندەوە.

شەوانی ماکیافێللی ماوەیەکی سەیر بوو، ئەو کاتانەی کاتی خەڵوەت و نووسینی ڕاستەقینە بوو، ئەو کاتێك لە بارەی سیاسەتەوە دەینووسی، کەشێکی بۆ خۆی دروست دەکرد کە لەگەڵ نووسین لەبارەی سیاسەتەوە بگونجێت. ماکیافێللی خۆی باسی ئەو کاتانەی دەکات و دەڵێت: کاتێك شەو دادێت دەگەڕێمە ماڵەوە، جلوبەرگە لادێییەکانم کە قوڕ و پیسی داپۆشیون دادەکەنم و جلوبەرگی کۆشك و خانەدانەکان لەبەر دەکەم و دەچمە کتێبخانەکەمەوە، تا لە ئاستی ئەو پیاوانەدا بم کە کتێبەکانیان پڕ کردووەتەوە، ئەوان پێشوازی لە من دەکەن. چێژ لەو خواردنە وەر دەگرم کە تەنها بۆ منە و سڵ ناکەمەوە لە گفتوگۆ کردن لەگەڵیان و پرسیار کردن لێیان لە بارەی هۆکاری کردارەکانیان، ئەوانیش لوتف دەنوێنن و وەڵامم دەدەنەوە – ئەو خۆی وەڵام دەداتەوە و کەسایەتییان شی دەکاتەوە–، ڕۆژانە بۆ ماوەی چوار سەعات لەگەڵیان دەمێنمەوە، ئیتر دوودڵی و ڕاڕایی جێم دەهێڵێن و خەمەکانم بیر دەچنەوە.

ماکیافێللی لەم ماوەیەدا هەموو بیروڕا سیاسییەکانی خستە ڕوو. ساڵی ١٥١٣ و کاتێك هەر لەو تەریکییەدا بوو، کتێبە بەناوبانگەکەی (میر)ی نووسی و پوختەی بیرە سیاسییەکەی تێدا نا، دەیویست لەو ڕێیەوە ئامۆژگارییە سیاسییەکانی بکات، ئامانجیشی ئەوە بوو کتێبەکە بکەوێتە دەستی بنەماڵەی مێدیچییەکان تا بۆ حوکمێکی سیاسیی بەهێز سوودی لێ وەربگرن و خۆیان لە پیلانە سیاسییە

نائەخلاقییەکان بپارێزن کە پێشتر ڕووخاندبوونی. ئەمە هەوڵ دان بوو بۆ نزیک بوونەوە لەو بنەماڵەیە. بەڵام سەرباری ئەوەش هەر قبوولیان نەکرد. دەشوترێت کۆپییەکی دەستنووسی کتێبەکەی داوە بە لۆرێنزۆی دووەم، بەڵام ئەمەش سوودی نەبووە و سەرۆک و بنەماڵەکەش ئامادە نەبوونە هیچ پۆستێکی بدەنێ یان لە خۆیانی نزیک بکەنەوە.

پەیوەندییەکان دواتر وردە وردە بەرەو باش بوون چوون، ئەمەش دوای ئەوەی فەرمانڕەوایانی بنەماڵەی مێدیچی دەستیان بە بەخشینی دەسەڵاتی فراوان بە هاوڵاتیان کرد و دەسەڵاتە دیکتاتۆرییانەکەی خۆیان کەم کردەوە. ئەو کات هەندێك بوار ماکیاڤێللی ڕەخسا، لەگەڵ چەند کەسێکی تردا بوو بە ڕاوێژکاری خەڵك، ئەمەش بەپێی ئەو دەستوورەی تازەیەی بڵاو کرایەوە.

ساڵی ١٥٢٠ (د. میچی)ی کاردینال داوای لە ماکیاڤێللی کرد مێژووی فلۆرەنسا بنووسێتەوە. ماکیاڤێللی دەستی بە نووسینەوەی مێژووی فلۆرەنسا کرد و تێڕوانین و شیکارییەکانی خۆیشی خستە ناو و تا ساڵی ١٥٢٥ لەو کارە بەردەوام بوو.

ساڵی ١٥٢٧ ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراوی تر ڕووی دا و حوکمی مێدیچییەکان جارێکی تر ڕووخایەوە و هیوای ماکیاڤێللی بەوەی جارێکی تر بگەڕێتەوە کۆشك بووژایەوە، بەڵام مەرگ بواری نەدا و هەر لەو ساڵەدا کۆچی دوایی کرد.

کتێبی میر تا ئەو کاتەش تەنیا چەند دانەیەکی دەستنووسی لێ بڵاو بووە و نەتوانرا تا ساڵی ١٥٣٢ چاپ بکرێت. کتێبەکەی دووچاری دوژمنایەتی کردنێکی زۆر هاتەوە

و قەدەغە کرا، کلێسا بڕیارێکی دەرکرد بە حەرام کردنی خوێندنەوەی کتێبەکانی ماکیاڤێللی (وەك ئەوەی هەندێك لە زاناکانی خۆمان ئەمڕۆ دەیکەن بە حەرام کردنی خوێندنەوەی کتێب یان دەرکردنی فەتوای سووتاندنی کتێب یان حەرام کردنی گوێگرتن لە زانای تر. بەڵام ئایا بیرکردنەوە قەدەغە دەکرێت؟)

کتێبی میر بڵاوبوونەوەیەکی یەکجار فراوانی بەخۆیەوە بینی و وای لێهات بەسەر سیاسەتی جیهانیشدا شوێنەواری تەواو جێ بهێڵێت.

پوختەی وتەکانی ماکیاڤێللی

- "ئامانج پاساوی ئامرازە"

ئەمە گرینگترین وتەی ماکیاڤێللییە. تیایدا پاساو دەداتە دەستی سەرکردە هەر چییەك دەکات بیکات بۆ پاراستنی حوکمی خۆی. شوێنەواری ئەمە لە زوڵم و سەرکوتکاری و وێرانکاری و لەناو بردنی میللەتان لەلایەن هەندێك لە سەرکردەکانەوە دەبینرێت کە تەنیا بۆ ئەوەی لە حوکمدا بمێننەوە ئەنجامیان داوە.

- "خۆشەویستیم بۆ خۆم لە سەرەوەی خۆشەویستیمە بۆ وڵاتەکەم".

دەبینین چۆن هەندێ لە فەرمانڕەواکان ئەمە پەیڕەو دەکەن، وڵاتەکانیان خستووەتە ژێر بارێکی قورسی قەرزەوە، میللەتەکانیان هەژار کردووە، تا تەنها بیر لە پارووی ژیان بکەنەوە، بۆ ئەوەی بەرژەوەندییە تایبەتەکانی خۆیان پارێزراو بێت.

- "باشتر وایە خەڵکی لێت بترسن نەك خۆشیان بوێیت، سەرکردەیەك کە خەڵکی لێی بترسن باشترە لەو سەرکردەیەی خۆشیان دەوێت".

لە ڕوانگەی ئەو وتەیەوە، (ئۆلیڤەر کرۆمۆیل) کە سەرکردەیەکی سەربازی و سیاسی و دیکتاتۆرێکی بەناوبانگی ئینگلیز بوو، دەڵێت: "هیچ بەلامەوە گرینگ نییە ئەگەر لە دە کەسدا نۆیان ڕقیان لێم بێت، ئەگەر دەیەمیان چەکدار بێت!"

- "ئاین بۆ حکومەت پێویستە، بۆ خزمەت کردن بە فەزیلەت نا بەڵکو بۆ ئەوەی لەو ڕێیەوە خەڵکی کۆنترۆڵ بکات".

هەر لێرەوە وتەی "ئاین تلیاکی گەلانە" سەرچاوە دەگرێت. کاتێك دەوڵەت سەرکەوتوو دەبێت لە دروست کردنی چینێك لە زانایان یان پیاوانی ئاین، ئەو کات ئەوان دەبن بە پەرژین بۆ پاراستنی دەسەڵاتە گەندەڵەکەی.

- "بەسوودترین شت بۆ فەرمانڕەوا ئەوەیە لە شێوەی خاوەن فەزیلەتێکدا دەر بکەوێت".

لەم سۆنگەیەوە میدیاکان سوورن لەسەر گواستنەوەی بەشداربوونی سەرکردە دیکتاتۆرەکان لە بۆنە ئاینییەکاندا، تەنانەت ئەگەر گەورەترین دوژمنی ناسنامەی ئیسلامیش بن و زیندانەکانیان تەژی بێت لە بانگخوازان و زانایان.

ئەمانە بەشێکن لە وتەکانی ماکیاڤێللی، لە کاتێکدا ئێمە لە ئیسلامدا حوکمە شەرعییەکان، کە خودا و پێغەمبەری خودا (بەر دروودی خودا بکەوێت) سەرچاوەیانن، بۆ بەدی هێنانی بەرژەوەندییەکان هاتوون و ئامانج و ئامرازەکانی گەیشتن بەو ئامانجانەش دیاری کراون. بۆیە دەبێ ئامانج شەرعی و

قبوولکراو بێت و ئامرازی پێگەیشتنیشی شەرعی و قبوولکراو بێت. ئەگەر ئامانج پاساوی ئامراز بووایە، پێغەمبەر (بەر درووودی خودا بکەوێت) بەرانبەر کافرەکان بەکاری دەهێنا، کە بەرانبەر بە کافرەکانیش بەکار نەهێنرا، موسڵمانەکان شایانترن لەوەی بەرانبەریان بەکار نەهێنرێت.

لێرەدا دەگەڕێینەوە بۆ ئەو مەسەلەیەی لە سەرەتادا باسمان لێوە کرد و ڕوونی دەکەینەوە.

لە چیرۆکی پێغەمبەر یوسفدا، یوسف (سڵاوی خودای لێبێت) بە فێڵێك بنیامینی برای لە براکانی تری جیا کردەوە، ئەم فێڵە لەگەڵ شەریعەتدا دژ نییە و دەقێکی بە حەرام کردنی تێدا نییە، جا چ ئامانجەکە یان ئامرازەکە.

لەوەی نەعیمی کوڕی مەسعوودیشدا، ئاشکرایە ئەوە لە کاتی شەڕدا بووە و هەر لە شەرعدا هاتووە کە "شەڕ فێڵە" و درۆ کردن تێیدا گونجاوە و پێچەوانەی شەرع نییە.

لە کۆتاییدا

ئەم وتەیە بڵاو بکەنەوە: "بیر بە مردنی خاوەنەکەی لەناو ناچێت".. ماکیاڤێللی تا ئێستاش فەرمانڕەوایی هەسارەی زەوی دەکات!



عیززی کوڕی عەبدوسسەلام

پەیوەندیی زانا بە فەرمانڕەواوە

عیززی کوڕی عەبدوسسەلام
پەیوەندیی زانا بە فەرمانڕەواوە

ئیمامی (باجی) چیرۆکێك دەگێڕێتەوە کە بەسەر مامۆستاکەیدا هاتووە، کاتێك نەجمەددین ئەیوبی سولتانی میسر بە هەیبەتی خۆیەوە دەرچووە و سەرباز و یاساولەکانی ڕیزیان بەستووە و فەرماندەکانی هاتوون و خاکی بەر پێیان ماچ کردووە. لەو کاتەدا مامۆستاکەی بەزۆور کەوتووە، بە هاوار و بە ناوی خۆی بانگی کردووە: ئەیوب.. ئەیوب! بیانووت چی دەبێت لای خودا کە پێی وتی من مولکی میسرم پێداویت و تۆ ڕێ بە مەی فرۆشی دەدەیت؟ سولتان بە لەرزینەوە وتی: شتی وا ڕووی داوە؟! وتی: بەڵێ، فلانە دوکان مەیی تێدا دەفرۆشرێت و کاری نارەوای تێدا ئەنجام دەدرێت، کەچی تۆ کە لە سایەی نیعمەتی خوادا حەواویتەوە ئاگات لە هیچ نییە! سولتان کە دەمی تەتەڵەی دەکرد، وتی: "قوربان! بە خودا من ڕێم بەم مەیخانەیە نەداوە، بەڵکو هی سەردەمی باوکمە". شێخ وتی: "تۆ لەو کەسانەی کە دەڵێن: "إنا وجدنا اباءنا علی أمة". سولتان وتی: "داوای لێبوردن دەکەم، هەر ئێستا فەرمان دەدەم ئەو مەیخانەیە دابخرێت". شێخ چووە دەرەوە و (باجی) دوای کەوت و لێی پرسی کە چۆن ئەو ئازایەتییەی بووە و ڕووبەڕووی سولتان بووەتەوە و نەترساوە. شێخ وەڵامی دایەوە: بە خوا کوڕی خۆم! هێز و

گـەورەییی خـودام هێنایـە بەرچـاو، ئـەوکات سـوڵتانم وەکـو پشیلەیەك هاتە بەرچاو!"

ئەم شێخە عیـززی کـوڕی عەبدوسسـەلامی زانـای میسـر و شام و سوڵتانی زانایانە!

عیـززی کـوڕی عەبدوسسـەلام لـە خێزانێکـی زۆر هـەژاری دیمەشقەوە هاتووەتە دنیاوە و هەر لەو شارەدا گەورە بـووە، بە درەنگییش چووەتە بەر خوێنـدن و پـێش ئـەوە بـە ئیشـی بچووکەوە لە یەکێك لە گۆشەکانی مزگەوتی (ئومەوی) خەریك بووە و شـەوانیش، لەبـەر ئـەوەی شـوێنی نـەبووە، هـەر لـەو مزگەوتە ماوەتـەوە.

خۆی باس دەکـات کـە شـەوێك لـە خەونیـدا بـانگ کـراوە: "کوڕەکەی عەبدوسسەلام! زانستت دەوێت یان کار؟" ئەمیش وەڵامی داوەتـەوە: زانست، لەبەرئەوەی زانست ڕێی بەرەو کار پیشان دەدات. بۆ بەیانی خەونەکەی بۆ شـێخ (فـەخرەددینی کوڕی عەساکیر)ی زانای گەورە گێڕاوەتەوە. ئیتر هەر ئەویش لە ڕێگای زانستخوازیدا دەستگرۆییی کردووە.

عیزز بە کتێبی (التنبیە) لە فیقهی ئیمامی شافیعی دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی کورتدا بەتـەواوی لەبەری کـرد، ئەمـەش بەڵگەی توانا و زیرەکی و ئامادەگیی بوو بۆ زانست وەرگرتن. هـەر زوو ئاسـتی هاوڕێکـانی تێپەڕانـد و بـە ماوەیـەکی کـەم گەیشتە پلەی ئیجتیهاد و بوو بـە زانـاترین کەسـی سـەردەمی خۆی.

شێخ تەنیا زانا نەبوو، بـەڵکو کەسـێکی هۆشـیاریش بـوو و چـاودێریی بـارودۆخی دەوروبـەری دەکـرد. لـە کـاتی ئـەودا ڕووداوگەلی زۆر ڕوویان دا: تـەتـەرەکان پـەلامارەکانیان دەسـت

پێکرد و بەغدای پایتەختی خەلافەتیان داگیر کرد. هەروەها شاهێدی ئەو سەرکەوتنە بوو کە لە داستانی (عەین جالووت)دا هاتە دی و هەڵکشانی تەتەرەکانی ڕاگرت.

عیزز بە نموونەیەك بۆ زانای بەکار دادەنرێت، کەسێکی زۆر ڕەوشتبەرز بووە و سیفەتە جوانەکانی لە خۆیدا کۆ کردووەتەوە و بە کەسێکی لەخواترس و زاهید وەسف کراوە و سڵی لە ئامۆژگاری کردنی خەڵکی و فەرمانڕەواکان نەکردووەتەوە.

بەڵام ئەو شتەی عیززی کوڕی عەبدوسسەلام جیا دەکاتەوە، سەرباری زانستەکەی، ئەو حەقبیژییەیە کە پێی ناسراوە و لە مێژووی خۆرهەڵاتی ئیسلامیدا دەگمەنە.

ساڵی ٦٨٣ی کۆچی فەرمانڕەواییی نەجمەددین ئەیووب- کە یەکێك بوو لە فەرمانڕەواکانی بنەماڵەی ئەیوبی و کە بە مەلیکی سالّح ناسراوە- لە میسر جێگیر بوو. ئەم فەرمانڕەوایە زۆر بە شان و شەوکەت و بەهێز بوو و بە کەسێکی خواناسیش ناسرابوو. کاتێك ئەو دووبەرەکییەی بینی کە کەوتبووە ناو بنەماڵەی ئەیوبیی فەرمانڕەوا، هەوڵی بۆ یەك خستنەوەی بنەماڵەکە خستە گەڕ.

نەجمەددین دەیویست دەسەڵاتی خۆی بگەیەنێتە شام - کە پێشتر لەژێر دەسەڵاتی باوکی بوو- و لەگەڵ میسردا بیکاتە یەك.

ترس شا ئیسماعیلی داگرت -کە فەرمانڕەوای شام و مامی نەجمەدینیش بوو-، لەبری ئەوەی دەست بخاتە ناو دەستی برازاکەیەوە و هەوڵی یەك خستنەوەی بنەماڵە و وڵاتەکەی بدات، دەستی خستە ناو دەستی خاچ دروشمەکانەوە و بووە

هاوپـەیمانیان و قـەڵاکانی سەیدا و شـقیف و سـەفەدی دا بـە دەسـتیانەوە، تـا لەبەرانبـەر برازاکەیـدا یارمـەتیی بـدەن. دواتریش ڕێی پێدان بچنە ناو بازاڕەکانی دیمەشقەوە و چەکی لێبکڕن. شێخ عیزز لـەم کاتـەدا وتاربێـژی مزگـەوتی ئەمـەوی بوو، کە گرینگترین مزگـەوتی شـام بـوو و وتاربێـژی لـە وەهـا مزگەوتێکدا پۆستێکی گەورە و گرینگ بوو. ئەو کەسـەی ئـەو پۆسـتەی بەدەسـتەوە بووایـە، دووچـاری ڕقـی خـەڵکی یـان چەوساندنەوەی دەسەڵاتداران دەبووەوە. شێخ بە هیممـەت و کارامـەیی و چاونەترسـیی خـۆی، پـەیامی مینبـەری زینـدوو کردبووەوە و بیدعەی لەناو بردبوو. بە شان و باڵی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتداراندا هەڵی نەدەدا، کـە پێشـتر زۆرێـك لـە زانایـان سڵیان لەوە نەدەکردەوە.

تاوان و خیانەتەکەی شا ئیسماعیل زۆر قورس بـوو بەسـەر عیـززی کـوڕی عەبدوسسـەلامەوە، بۆیـە لـە یەکـەمین وتـاری هەینییدا، دوای ئەوەی سەرکەوتە سەر مینبـەر، کەوتـە بـاس کردنـی خراپییـەکانی دەسـت تێکـەڵکردن لەگـەڵ دوژمنـان و سەرکۆنە کردنی خیانەت و عەیبدار کردنی فەرمانڕەوا و دوعـا کردنی ناو وتارەکەی بۆ ڕاگرت و ئاماژەیەکیشی بۆ پێویستیی لەکارخستنی پێشان دا.

فەرمانڕەوا لە بەرانبەردا بڕیاری دا شێخ دەستگیر بکرێـت، دواتر ئازادی کـرد، بـەڵام هـەر لـە ماڵـەوە بـە دەستبەسـەری مایەوە و بڕیاری قەدەغە کردنی فتواشی لێدرا.

خەڵکی هاتنە دەنـگ: چـۆن پیـاوێکی وەك عیـززی کـوڕی عەبدوسسەلام دەستبەسەر دەکرێت؟ لـەم کاتـەدا فـەرمانڕەوا بەنهێنی کەسێکی بۆ لای شێخ نارد و لە ڕێیـەوە بـەڵێنی پێـدا

هەموو پایە و مافێکی بۆ بگەڕێنێتەوە بە مەرجێك دەستی ماچ بکات! شێخ لەبەرانبەردا وتی: "من ڕازی نابم ئەو دەستی من ماچ بکات، جا چۆن من دەستی ئەو ماچ دەکەم؟! من لە خەیاڵێك و ئێوە لە خەیاڵێك! سوپاس بۆ خودا کە منی لەو نەخۆشییەی ئێوە تووشی هاتوون، پاراستووە!"

فەرمانڕەوای خیانەتکار ئارامی نەگرت و بڕیاری دا لە وڵاتی شام دووری بخاتەوە. خەڵکی دیمەشقیش بە گەورە و بچووکەوە، بۆ ماڵئاوایی لێکردنی چوونە دەرەوەی شار.

شێخ عیزز بەرەو قاهیرە بەڕێ کەوت. نەجمەدین ئەیووب کە ئەو هەواڵەی زانی، پێشوازیی لێکرد و ڕێزی لێنا، وتار بێژیی مزگەوتی عەمری کوڕی عاسی پێدا، کە گەورەترین مزگەوتی ئەو سەردەمەی میسر بوو. هەر وەك کردی بە قازیی سەرەکیی تەواوی میسر. قازییەتیش بە بنەمایەکی سەرەکیی دەوڵەتی ئیسلامی دادەنرێت و لە ڕێیەوە دادپەروەری بەرپا دەکرێت و دین و ژینی خەڵکی دەپارێزرێت و ئاشتی و ئارامی و ئاسایش بڵاو دەکرێتەوە و گەندەڵی و خراپەکاری ڕێیان لێدەگیرێت و لەناو دەبرێ، بێگومان ئەگەر بەدەستی کەسانی شایانەوە بێت.

شێخ لە دیمەشق بە "موفتیی شام" ناسرابوو، کە چووە قاهیرەش، هەموو زاناکانی میسر دانیان بە باڵادەستیی لە زانستدا نا و خستیانە پێشی خۆیانەوە و لە ئامادە بوونی ئەودا هیچ کەسێکیان فەتوای نەدەدا، واتە بە شێوەیەکی کرداری بوو بە موفتیی ئەو وڵاتەش.

وەك چۆن وتاربێژی لە شام عیززی کوڕی عەبدوسسەلامی دەربەدەر کرد، ئاواش قەزا خەریك بوو دووچاری دەردەسەری

و لەناو چوونی بکاتەوە، چونکە ئەو پیاوە سوور بوو لەسەر ئەوەی دادپەروەری بە ڕێی خۆیدا بڕوات و بە لاڕێدا نەبرێت.
نەجمەدین ئەیووبی فەرمانڕەوا بە پارەی دەوڵەت ژمارەیەکی زۆری کۆیلەی، لە تورك و چەرکەس و نەتەوەی تر کڕیبوو، ئەمەش پێچەوانەی ئیسلامە کە بەردەوام جەخت لەسەر هەوڵ دان بۆ کەم کردنەوەی کۆیلایەتی دەکاتەوە. نەجمەدین ئەوانەی بۆ زاڵ بوون بەسەر دوژمنەکانی بەکار دەهێنا. ئەم کۆیلانە -کە بە مەمالیك ناسراون- مەشقیان لەسەر کارامەیی جەنگان ئەنجام دەدا و بوویوون بە جەنگاوەری زۆر ئازا و بەهێز و متمانەی پاشایان بەدەست هێنابوو و بە پلەکانی دەسەلاتیشدا سەرکەوتبوون و پلەی بالایان تێدا بەدەستەوە گرتبوو، بە جۆرێك زۆریان میلیشیای تایبەت بە خۆشیان هەبوو.
شێخ عیزز، کە کەسێکی وردبین و پڕ زانست بوو، کاتێك قەزای بەدەستەوە گرت، بۆی دەرکەوت ئەو مەمالیکانە کە ئەمر و نەهی دەکەن و کاروباری وڵات بەڕێوە دەبەن و بڕیار بەدەستن، هێشتا لە کۆیلایەتیدا ماونەتەوە و بەپێی حوکمەکانی کۆیلە، بۆیان نییە ئەو هەڵسوکەوتانە ئەنجام بدەن. شێخ بە نهێنی ئەوەی پێ ڕاگەیاندن و داوای لێکردن کاروباری خۆیان ڕێکبخەنەوە، بەڵام گوێیان پێنەدا، بۆیە بۆ خەڵکی ئاشکرا کرد کە ئەوانە نابێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و حوکمەکانی کۆیلەیان بەسەردا جێبەجێ دەبێت!
مەمالیك لەم کاتەدا ئەوە نەبوون کە لە کۆشکی پاشاکاندا کار بکەن و هەریەکێکیان یان کۆمەڵێکیان، گەورەیەکی هەبێت، بەڵکو -وەك پێشتر وتمان- هەر یەکەیان

میلیشیایەکی بەدواوە بوو و کۆشکی هەبوو و وەك پاشا هەڵسوکەوتیان دەکرد.

کاتێك شێخ بڕیارەکانی دەرکرد، چوون بۆ لای و داوای ڕوونکردنەوە و چارەسەریان لێکرد. شێخ وتی: تەنیا چارەسەر ئەوەیە کۆڕێکی گەورە بگێڕرێت و یەك بە یەکتان لەو کۆڕەدا بانگ بکرێن و بفرۆشرێنەوە و پارەی فرۆشتنتان بچێتە بەیتولمال، تەنیا بەوە لە کۆیلایەتی ڕزگار دەبن!

ترس و بیمێکی گەورە دایگرتن.. ئەوانێك کە بەو جۆرە دەسەڵاتدار بن و هەڵسوکەوتی پاشایانە بکەن، چۆن بفرۆشرێنەوە؟! بۆیە پەنایان بۆ فەرمانڕەوا برد. فەرمانڕەوا شێخی بانگ کرد و داوای لێکرد بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە، بەڵام شێخ بەتەواوی ئەوەی ڕەت کردەوە. فەرمانڕەوا لێرەدا قسەیەکی بەرانبەر بە شێخ کرد کە هەندێك زبریی تێدا بوو. شێخ ڕووبەڕووی بووەوە و وتی: نابێت خۆت لە کارێك هەڵقورتێنی کە هی تۆ نییە!

شێخ لە بەرانبەر دەستوەردانی فەرمانڕەوا بڕیاری دا دەست لەکار بکێشێتەوە و قاهیرە جێ بهێڵێت.

شێخ بە ماڵ و منداڵەوە قاهیرەی جێهێشت. هەواڵەکە لە ناو خەڵکی بڵاو بووەوە و زۆربەیان کەوتنە دوای، تەنیا لەبەر ئەوە نا کە شێخیان خۆش دەوێت، بەڵکو بەهۆی ئەوەشەوە کە ڕاکەیان بە شەرعی دەزانی و شەرعیان بەلاوە خۆشەویست بوو.

فەرمانڕەوا هەستی بەو مەترسییە گەورەیە کرد کە لەسەر فەرمانڕەوایی و موڵکەکەیەتی، بۆیە ناچار بوو خۆی بکەوێتە دوای و داوای لێبوردن و گەڕانەوەی لێبکات. شێخ ڕازی بود

بگەڕێتەوە بەو مەرجەی بڕیاری فرۆشتنی مەمالیك جێبەجێ بکرێت. فەرمانڕەوا بە مەرجەکە ڕازی بوو و شێخ گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی.

شێخ عیزز زیاد کردنی ئاشکرای بۆ فرۆشتنی مەمالیك ڕاگەیاند و یەك بە یەك کەوتە فرۆشتنی کاربەدەستەکانیان. شێخ نرخەکانی ڕەت دەکردەوە و وردە وردە زیادی دەکردن تا خەڵکەکە بێئۆمێد بوون لەوەی بتوانن بیانکڕن. بۆیە فەرمانڕەوا خۆی ناچار بوو یەك بە یەك بە پارەی تایبەتیی خۆی بیانکڕێتەوە. ئیتر مەمالیك ئازاد بوون و هەموو ئەو پارەیەی بەرانبەر فرۆشتنیان وەر گیرابوو، خرایە بەیتولمالەوە.

شێخ دوای ئەو ڕووداوە ناوبانگێکی زیاتری پەیدا کرد و بە نوێکەرەوەی سەدەی خۆی درایە قەڵەم و نازناوی بوو بە "فرۆشیاری پاشا و میرەکان".

شێخ عیززی کوڕی عەبدوسسەلام بە چاونەترسی لەسەر کارەکەی بەردەوام بوو. ساڵێك بەسەر ئەو ڕووداوەدا تێنەپەڕیبوو، کە بیستی (ئیبنولموعین)ی وەزیر کە کەسایەتییەکی دەستڕۆیشتوو بوو لای فەرمانڕەوا، تەپڵخانەیەکی بۆ گۆرانی وتن کردووەتەوە. ئەمە لە خۆیدا کێشەیەکی گەورە نەبوو، بەڵام کێشەی گەورە و سەرەکی لەوەدا بوو ئەو تەپڵخانەیەی لەسەر مزگەوتێك کردبووەوە! شێخ تووڕە بوو و بڕیاری دا ئەو تەپڵخانەیە بڕووخێنرێت و خۆی و کوڕەکانی و هەندێك فەرمانبەری دادگا بە دەستی خۆیان بڕیارەکەیان جێبەجێ کرد. شێخ هاوکات بڕیارێکی دەرکرد بە لەکار خستنی وەزیرەکە و دوای ئەو بڕیارە

خۆیشی دەستی لەکار کێشایەوە، تا بە هیچ جۆرێک لە بڕیارەکەی پەشیمان نەکرێتەوە.

سوڵتان خۆی چووە ماڵی شێخ و ویستی لە بڕیاری دەست لەکار کێشانەوەکەی پاشگەزی بکاتەوە، تا وا بڵاو نەبێتەوە کە فەرمانڕەوا بەهۆی بڕیاری لەکار خستنی وەزیرەکەیەوە شێخی لە سەر کارەکەی لا بردووە. شێخ لێرەدا نەرمیی بەرانبەر فەرمانڕەوا پیشان دا و وتی وای بڵاو دەکاتەوە کە خۆی دەستی لە کارەکەی کێشاوەتەوە -کە لە ڕاستیشدا هەر وا بوو-، فەرمانڕەواش ڕازی بوو.

شێخ عیززی کوڕی عەبدوسسەلام لەو کاتەدا تەمەنی گەیشتبووە ٦٧ ساڵ و بڕیاری دا خۆی بۆ وانە وتنەوە تەرخان بکات. بە نابەدڵی، فەتواشی دەدا.

کتێبەکانی مێژوو باس لە ئازایەتیی عیززی کوڕی عەبدوسسەلام دەکەن لە گەڕانەوە لە فتواکانی کاتێک ناڕاستییانی بۆ دەردەکەوت. کاتێك ناڕاستیی فەتوایەکی بۆ دەرکەوتووە، خۆی چووە بۆ بازاڕەکانی قاهیرە و وتوویەتی با ئەو کەسەی ئەو فەتوایەم بۆ داوە ئەو کارە نەکات، چونکە هەڵەیە. خەڵکیش ئەم کارەیان پێ پەسەند بوو و ڕێزی لە لایان بەرزتر دەکردەوە.

شێخ بەم جۆرە لەسەر کار کردن بەردەوام بوو و دەیوت: جیهاد دوو جۆرە: جۆرێکیان بە وتە و زمان و جۆرێکیان بە شیر و ڕمان، خودای گەورە فەرمانی پێداوین جیهاد بۆ سەرخستنی ئاینەکەی بکەین، چەکی زانا زانست و زمانیەتی، وەك چۆن چەکی پاشا شیر و ڕمەکانیەتی. وەك چۆن پاشاکان بۆیان نییە شیرەکانیان بکەنە کێلانەکانیانەوە ئاواش بۆ

زانایان نییه زمان و زانستیان بەرانبەر سەرلێشێواو و لـە ئـاین لادەران لەکار بخەن. ئەو کەسەی بەرگری لە ئاینی خودا بکات شایانە کە خودا بە چاوی خۆی -کە نانووقێت، بە هێزی خۆی -کە هیچ هێزێك پێی ناگـات، لـە پـەنای خـۆی -کـە دەسـتی کەسی پێناگات، لە هەموو کەسێك بیپارێزێت.

سالّی ٦٥٧ی کۆچی، کاتێك شێخ تەمـەنی گەیشـتبووە ٨٠ سالّ، تەتەرەکان دوای ئەوەی بەغدایان داگـیر کـرد و بـەرەو شام بەڕێ دەکەوتن، (ناسڕ)ی پاشای شام داوای یارمەتیی لە میسر کرد. فەرمانڕەوای میسر لەو کاتــەدا وەفـاتی کردبـوو و جێنشـینەکەی تـازەلاوێکی بێدەسـەلات بـوو و بـەیتولمالیش بـەتالّ بـوو. واتــە ولات لەوپـەڕی بێهێزیـدا بـوو. لـەو کاتــەدا (قوتــوز)ی ســەرکردەی ســوپا، کــە بــە کەسـێکی دینــدار و خواناس ناسرابوو، ڕیشسپی و زانایان و سەرکردەکانی سوپای کۆکردەوە و بڕیار ، وا بوو باج بەسەر خەلّکدا بسـەپێنرێت تـا لەو ڕێیەوە سوپا پارەدار بکرێـت بـۆ بـەر گـرتن لـە پـەلاماری تەتــەرەکان. ئامــادەبووانی کۆبوونەوەکــە بێــدەنگ بــوون و ئاوڕیان بۆ شێخ دەدایـەوە تـا ڕای ئـەو لـەو بارەیـەوە بـزانن. عیززی کوڕی عەبدوسسەلام لێرەدا دانایی خۆی دەرخسـت و بڕیارێکی زۆر سەرسوڕهێنەری دەرکرد، کە بریتی بوو لە لەکار خستنی پاشا بەهۆی ئەوەی بچووك و بێدەسەلاتە و ناتوانێـت ولات بـەڕێوە ببـات و لـە هەڕەشــەی تەتــەرەکان بیپارێزێـت. هەروەها بڕیاری دا بـەوەی قوتــوز جێـی بگرێتــەوە. هــەمووان ڕەزامەندییان دەربڕی.

هەر لەو کۆبووەوەیەدا شێخ بڕیارێکی ئازایانـەی تـری دا و ئـەوەی ڕەت کـردەوە تــەنیا میللـەت بـاجی بکەوێتـە سـەر و

پارەی بۆ ئامادە کردنی سوپا لێ کۆ بکرێتەوە. ڕووی کردە فەرماندەکانی سوپا و دەسەڵاتداران و ڕیشسپیانی ئامادەبووی کۆبوونەوەکە و وتی: ئەگەر دوژمن گەیشتە دەروازەکانی وڵات، پێویستە فەرمانڕەوای وڵات ڕووبەڕوویان ببێتەوە، بۆیە دەتوانێت پارە لە میللەت کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی سوپای پێ بەهێز بکات، بەڵام بە دوو مەرج: یەکەمیان ئەوەیە بەیتولمال خاڵی بێت -کە ئێستا وایە- دووەمیشیان ئەوەیە سەرجەم سەرکردە و فەرماندە و بنەماڵەی فەرمانڕەوای پێشوو، هەموو ئەوەی هەیانە لە زێڕ و کەلوپەلی گرانبەها بیفرۆشن، هەروەها سەربازەکانیش تەنیا ئەسپ و کەلوپەلی جەنگیان بمێنێتەوە. وەرگرتنی پارە و ماڵ لە خەڵکی لە کاتێکدا سەرکردە و کاربەدەستان پارە و ماڵی خۆیان پارێزراو بێت و بمێنێتەوە، شتێکە هەرگیز نابێت، تەنانەت ئەگەر بە ناوی جیهادیشەوە بێت! جارێکی تر هەمووان ڕەزامەند بوون.

بڕیارەکانی شێخ جێبەجێ کران. پاشا لا درا و قوتوز شوێنی گرتەوە و فەرماندەکان هەر چی پارە و موڵکیان هەبوو، تەنانەت زێڕ و خشڵی ژنەکانیشیان هێنایە پێش شێخ. شێخ پێش ئەوەی لێیان وەر بگرێت سوێندی بە خودا پێدەخواردن کە هیچیان نەشاردووەتەوە، کە ئەو سوێندەیان دەخوارد، ئەوسا لێی وەر دەگرتن.

بانگەوازی جیهاد ڕاگەیەنرا و خەڵکی بەرەو پیری ڕۆیشتن. شێخ خەڵکەکەی هان دەدا و و پێی دەوتن: دڵنیام خودا سەرکەوتنمان پێ دەبەخشێت کاتێک هەمووان وەك یەك ڕووبەڕووی دوژمن دەبینەوە.

هێزی موسڵمانان بەرەو (عەین جالووت) بەڕێ کەوت و بە دروشمی "وا اسلاماه" ڕووبەڕووی تەتەرەکان بووەوە و دوای شەڕێکی سەخت، بەسەریاندا سەرکەوتن و بۆ یەکەمین جار هەڵکشانیان ڕاگرتن.

دوو ساڵ دواتر و لە ساڵی ٦٦٠ی کۆچی، کاتێك تەمەنی گەیشتە ٨٣ ساڵ، ئیمام و زانا و نوێکەرەوەی سەدەی خۆی شێخ عیززی کوڕی عەبدوسسەلام کۆچی دوایی کرد و (زاهیر بیبرسی)ی فەرمانڕەوا نوێژی لەسەر کرد و خەڵکانێکی زۆر ئامادەی ناشتنی بوون.

کۆچی دوایی شێخ کاریگەرییەکی زۆری کردە سەر تەواوی موسڵمانان، نەك تەنیا لە میسر و شام بەڵکو لە تەواوی جیهانی ئیسلامی.

***

پەیوەندیی نێوان زانا و فەرمانڕەوا بەندە بە هەڵوێستی فەرمانڕەوا بەرانبەر بە حەق و دادپەروەری و بەرپا کردنی لە دەسەڵات و سیاسەتی، هەروەها بەندە بە جێبەجێ کردنی شەریعەت لە سنووری قەڵەمڕەوییەکەیدا. ئەگەر فەرمانڕەوا ستەمکار و گەندەڵکار و ئارەزووباز بوو، ئەو کات زانایانی ڕاستگۆ و پیاوچاکان و کەسانی دڵسۆز بە کۆسپی سەر ڕێ و هۆی هەڵتەکانی دەسەڵاتیان دەزانن، بۆیە دەکەونە دژایەتی کردنیان و وێنەیان دەشێوێنن و سووکایەتییان پێدەکەن و دەیانچەوسێننەوە و لەوانەیە بشیانکوژن. بەڵام ئەگەر فەرمانڕەوا خۆی حەق ویست و دادپەروەر و لەخواترس بێت و لە ئاستی ئەو بەرپرسیارێتییەدا بێت کە بەرانبەر میللەتەکەی کەوتووەتە سەر شانی و بەرژەوەندییانی لەبەر چاو بێت، ئەو

کات پەنا بۆ زانایانی باش دەبات و لە ڕێی ئەوانەوە خۆی لە میللەتەکەی نزیک دەکاتەوە و ڕاکانیان لەبەرچاو دەگرێ و سوودیان لێ وەردەگرێت.

بەداخەوە کاریگەریی زانایان ئەو کاتە نەما کە چوونە بەردەم دەرگەی فەرمانڕەوایان و کەوتنە شوێن ڕەزامەندی و قبووڵ کردنی ئەوان و بەدوای ئەو پاشەڕۆ دنیاییەوە بوون کە بە دەستی ئەوانەوەیە!

پێغەمبەری گەورە (بەر درووودی خودا بکەوێت) دەفەرموێت: "إن الناس إذا رأوا الظالم فلم يأخذوا على يديه، أوشك أن يعمهم الله تعالى بعذاب منه" واتە: "ئەگەر خەڵکی ستەمکاریان بینی و ڕێیان لێنەگرت، دوور نییە خودا سزای خۆییان بەسەردا بسەپێنێت". ئەگەر زانایان ئەو کەسانە نەبن کە ڕووبەڕووی ستەم و ستەمکاران ببنەوە و ناچاری پابەند بوون بە دادپەروەرییان نەکەن، ئەی کێ ئەو کارە بکات؟!

لە کۆتاییدا

ئەم وتەیەی عیززی کوڕی عەبدوسسەلام بڵاو بکەنەوە: "ئەگەر پشتی حەق نەگیرا و ڕاستی لاواز کرا، پێویستە هەموو زانایەك هەموو هەوڵی خۆیان بۆ سەر خستنیان بدەن".



مەکارسی

مەکارسیزم و
بە شەیتان کردنی بیری بەرانبەر

مەکارسی

مەکارسیزم و بەشەیتان کردنی بیری بەرانبەر

(سەوبان) لە پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێت)ەوە دەگێڕێتەوە کە لە فەرموودەیەکی قودسییی درێژدا فەرموویەتی: "خوای گەورە فەرموویەتی: محەممەد! من ئەگەر فەرمانێکم کرد، ناگەڕێتەوە. من چەند شتێکم بە ئوممەتەکەت بەخشیوە: هەرگیز بە برسێتییەکی گشتگیر لەناویان نابەم، دوژمنێکی دەرەوەی خۆیانیان بەسەردا زاڵ ناکەم کە هەموویان لەناو ببات، تەنانەت ئەگەر هەموو ئەوانەی لەم سەر و لەو سەری زەویدان بەیەکەوە کۆ ببنەوە، تەنیا ئەگەر بەشێك لە موسڵمانەکان دژ بە بەشەکەی تریان هاوکاریان بن و بەدیلیان بگرن.. ئەوەی لێی دەترسم زاڵ بوونی سەرانی گومڕاکەرە بەسەر ئوممەتدا".

***

ئوممەتی ئیسلامی تا ئێستاش بە دەست کەلەپووری (داحس و غەبرا)ی جاهیلیەتەوە دەناڵێنێت. کاتێك هەر ناکۆکییەکی سادە ڕوو دەدات، لایەنەکان سوور دەبن لەسەر سڕینەوەی بەرانبەرەکانیان.. ئەمەمان بە درێژایی مێژووی ئوممەتی ئیسلامی بینیوە.. ناکۆکییەك دەبێت بە ململانێ و دەتەقێتەوە و دوور خستنەوەی بەرانبەر و لەوانەیە کوشتنیشی لێبکەوێتەوە.

***

مەکارسی و مەکارسیزم بابەتی ئەم بەشەن. با بزانین مەکارسی کێیە و مەکارسیزم چییە؟

مەکارسیزم ئاراستەیەکی سیاسییە، ساڵی ١٩٥٠ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەری هەڵداوە. لەو کاتەدا ململانێی نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت، سەرمایەداری و کۆمۆنیزم، زۆر توند بوو. ئەم ئاراستەیە بۆ ئەوە سەری هەڵدا تا سانسۆری سەر چالاکیی کۆمۆنیستەکان لە ئەمریکا توند بکرێت.

بنچینەی زاراوەی مەکارسیزم بۆ ئەندامێکی سێناتی ئەمریکا دەگەڕێتەوە کە ناوی (جۆزێف مەکارسی) بوو.

مەکارسی ترساندن لە کۆمۆنیزمی کردبوو بە ئامراز بۆ دامەزراندنی ڕۆشنبیرییەك لە ناو خەڵکدا تا بەپێی ئەو ڕۆشنبیرییە هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەن.

جۆزێف ڕیمۆند مەکارسی ئەندامێکی کۆماری بوو لە کۆنگرێسی ئەمریکا لە ویلایەتی (ویسکۆنسن)، لە ساڵانی ١٩٤٧ تا ١٩٥٧ ئەندامی کۆنگرێس بوو.

لە سەرەتاکانی ١٩٥٠دا مەکارسی بوو بە بەناوبانگترین کەسایەتیی گشتی لە ئەمریکا کاتێك گومان و دوژمنایەتی لە بەرانبەر کۆمۆنیزم لەو پەڕیدا بوو و جەنگی سارد سەری هەڵدابوو. لەم کاتەدا زاراوەی مەکارسیزم سەری هەڵدا.

مەکارسی ساڵی ١٩٣٧ بڕوانامەی پارێزەرایەتیی بەدەست هێنا. ئەو زۆر زیرەك و بەتوانا بوو. ساڵی ١٩٣٩ کاتێك تەمەنی تەنیا ٣٣ ساڵ بوو، بوو بە بچووکترین دادوەر لە دادگای تێهەڵچوونەوە. دوای دوو ساڵ بە خۆبەخشی چووە ڕیزەکانی سوپا و لە هێزەکانی پیادەی دەریاوانی (مارێنز) دەست بەکار بوو و لە دووەم جەنگی جیهانیدا بەشدار بوو.

ئەو پاڵەوانییەی لەو شەڕانەدا نواندبووی، بوو بە هۆکاری ئەوەی بتوانێت لە هەڵبژاردنەکاندا سەربکەوێت و ببێت بە ئەندامی کۆنگرێس.

زاراوەی مەکارسیزم بۆ یەکەمین جار لە چوارچێوەی کاریکاتێرێکدا دەرکەوت، کە (هێربەرت بلۆك)ی کاریکاتێریستی بەناوبانگ لە ساڵی ١٩٥٠دا کێشابووی. کاریکاتێرەکە ئەو هیستیریا گشتگیرەی دەنواند کە خەڵکی ئەمریکا لەو کاتەدا بەرانبەر کۆمۆنیزم هەیانبوو. (بلۆك) دواتر وتی کە ئەو زاراوەیە وەسفێك بوو بۆ نەخۆشییەك کە نەمدەتوانی ناوێکی تری بۆ دابنێم و بینیم سەرچاوەی ئەو نەخۆشییە مەکارسییە، بۆیە ناوم نا مەکارسیزم.

زاراوەی مەکارسیزم چووەتە ناو فەرهەنگی سیاسییەوە و بەم جۆرە پێناسە کراوە "بریتییە لە تیرۆری کەسایەتیی بەرانبەرەکان لە ڕێی تۆمەتبار کردنی بە کۆمەڵەوە، تۆمەتبار کردن لە شەرەف و لە نیشتمانپەروەری و پاکییان و... ئامانجیش ڕێ خۆشکردنە بۆ چەوساندنەوە و دوور خستنەوە و بەند کردن و تەنانەت کوشتنیان".

مەکارسیزم تۆمەتبار کردنی بەکۆمەڵ و بێبەڵگە دەگرێتەوە، کەسانێك بە نۆکەری و خیانەت تۆمەتبار دەکرێن، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك هەبێ لەسەریان. ئەو تۆمەتبار کردنە پشکنینی ویژدان و نیەتی لێدەکەوێتەوە، هاوکاتیش بوختان بۆ ئەو کەسانە هەڵدەبەسترێت و بەڵگەی بێ بنەمایشیان بۆ دروست دەکرێت، ئامانجیش بڕینی ئەو دەنگانەیە کە جیاوازن لە دەنگی حکومەت یان یان لایەنی دەسەڵاتدار. هەر کەسێك ڕەخنەی لێبگرێت، مەکارسیزم ڕووبەڕووی دەبێتەوە و بە خیانەت تۆمەتباری دەکات.

مەکارسیزم لە ئەمریکا زیاتر دوای وتارێکی مەکارسی لە بەردەم ڕێکخراوێکی ئافرەتان بڵاو بووەوە. مەکارسی لەو وتارەیدا کە ساڵی ١٩٥٠ خوێندییەوە ڕایگەیاند کە لیستێکی ٢٠٠ ناویی لایە کە ئەندامی تۆڕێکی سیخوڕیی یەکێتیی سۆڤیەتن و هەموویان کارمەندی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکان. ئەم ڕاگەیاندنە کێشەیەکی گەورەی لێکەوتەوە و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون دەستی پێکرد، بەجۆرێك هەر کەسێك کەمترین قسەی لەسەر بوو دەستگیر کرا. وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بوو بە یەکەمین قوربانیی مەکارسی، لە کاتێکدا ڕاگەیاندنەکەی هیچ بنەمایەکی ڕاستی نەبوو. ژمارەیەکی زۆری شارەزایان لە کاروباری یەکێتیی سۆڤیەت و خۆرهەڵاتی ئاسیا لە کارەکانیان دوور خرانەوە. ئەوانە بەوە تۆمەتبار کران کە تابووری پێنجەمن، هۆکاری تۆمەتبار کردنەکەش ئەوە بوو کە ئەوان لە میانەی توێژینەوە زانستییەکانیاندا بە توندی دانەبەزیونەتە سەر کۆمۆنیزم و بە نەرمی نواندن بەرانبەر ئەو ڕێبازە وەسف کرابوون و بە کەسانێك دانرابوون کە لەگەڵ ئەو هیستریایەی ئەو کاتە بەرانبەر کۆمۆنیزم هەبوو، ناگونجێن.

ئامانجەکانی مەکارسیزم ڕووبەڕووبوونەوەی کۆمۆنیزم بوو لە ئەمریکا بە پەیڕەو کردنی چەند بیروباوەڕێك، لەوانە:

- ژمارەیەکی زۆری هاوڵاتیانی ئەمریکا کۆمۆنیستن و گومان لە دڵسۆزییان هەیە.
- پۆلێن کردنی بەشێکی زۆری کارمەندانی دەزگا حکومییەکان -بە گوێرەی پێوەرێکی هەڵە- بەوەی یان سیخوڕی یەکێتیی سۆڤیەتن یان کۆمەنیستن یان هاوسۆزی کۆمۆنیستەکانن.

تۆمەتبار کردن بەو تۆمەتانە زۆر ئاسان بوو و دەتوانرا هەر کەسێکیان پێ تۆمەتبار بکرێت. مەکارسیزم سەرقاڵی کار کردن بوو لەسەر کارمەندانی دەزگا حکومییەکان. هەر کەسێک گومانێکی بچووکی لەسەر بووایە بەوەی وەلائی بۆ حکومەتی ئەمریکا نییە یان گومان هەیە هاوسۆزیی بۆ کۆمۆنیزم هەبێ، لە کارەکەی دوور دەخرایەوە.

هەڵمەتەکە فراوانتر بوو، بە جۆرێک چەندین لیستی ڕەش ئامادە کران. ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندان، نەک هەر خۆیان، بەڵکو ئەوانەش لە کارێکدا بەشدارییان پێ بکردنایە، ڕووبەڕووی لێپێچینەوە دەبوونەوە. کەسایەتییە گشتییەکان بەر کەوتن و بۆ لێکۆڵینەوە بانگ کران و بررانە بەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوەی مەکارسیی سەر بە ئەنجوومەنی پیران. ئەو لیژنەیە بە لیژنەی لێکۆڵینەوە لە هەڵسوکەوتە نائەمریکییەکان ناسرابوو.

مەکارسیزم بەجۆرێك فراوان بوو کە هەموو کۆمەڵگەی گرتەوە و زیاتر لە ٢٠٠ کەسایەتیی ناسراو بەو هۆیەوە بررانە بەندیخانە و ١٠ هەزار کەس لەو ئەمریکایەی بەناو یاسا بەڕێوەی دەبرد لە کارەکانیان دوور خرانەوە.

حکومەت ئەو کەشەی قۆستەوە و (ئێف بی ئای) کە دەزگای لێکۆڵینەوەی ناوخۆیی ئەمریکایە، ڕۆڵێکی گەورەی لە پشتیوانی کردن لە مەکارسیزم بینی. بە جۆرێك هەندێك جار هەواڵی نادروست و بەڵگەنامەی ساختەی دزە پێدەکرد بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن، تا سەدان کەس لە پزیشکان و ئەندازیاران و پارێزەران و مامۆستایان ... هتد و لەپێش هەمووشیانەوە سیاسەتمەدارانیان پێ ئیدانە بکرێ. بێگومان

ئەمەش دەبووە مایەی وروژاندنی ڕای گشتی لە دژی ئەو پیشەوەر و کەسایەتییانە.

دەستەکەی مەکارسی لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا دەست بەکار بوو و بەرنامەیەکی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی سیخوڕی دامەزراند، کە ئامانجی چاودێری کردنی کەسایەتییە گشتییەکان بوو.

هاوکات پشتیوانییەکی جەماوەرییشی هەبوو و ڕاپرسییەکان دەریاندەخست ٥٠٪ی خەڵکی وڵاتەکە لەگەڵ ئاڕاستەکەدا بوون و کڵێساکانیش پشتگیرییان دەکرد. لەو کەسایەتییە دیارانەش کە هاودەنگ بوون لەگەڵ سیاسەتەکانی مەکارسی، (جۆن کەنەدی) بوو کە دواتر بوو بە سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

لە ئامرازەکانی مەکارسیزم ساختە کردنی بەڵگەنامە و زانیاری لەسەر کەسایەتییەکان، بڵاو کردنەوەی دەنگۆ، تۆمەتبار کردنی بەکۆمەڵ، یەك لەسەر یەك دووبارە لێدانەوەی لە دەزگا جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنی سەر بە حکومەت. ئەم دووبارە کردنەوە و وتنەوەیە بیر و ڕای بەڵگەنەویستی لای ئەمریکییەکان بەرانبەر بە کەسایەتییەکان دروست دەکرد لەسەر بنەمای "درۆ بکە درۆ بکە درۆ بکە تا خەڵکی باوەڕت پێ دەکەن". تۆمەتبار وەك کەسێکی تووشبوو بە (گولی) وێنا دەکرا کە کەس نەتوانێت لێی نزیك ببێتەوە یان بەرگریی لێبکات. ڕەت کردنەوەی تۆمەتەکان دەبوو بە کارێکی نەکردە، چونکە فۆبیایەك لای خەڵکی دروست دەکرا و ئەوانەی ڕاستیشیان دەزانی دەترسان لەوەی بیدرکێنن.

لەو کەسایەتییانەی دووچاری تۆمەتبار کردن هاتنەوە: (مارتن لوسەر کینگ)ی سەرکردەی ڕەشپێستەکان، (ئەلبەرت

ئەینشتاین)ی زانای بەناوبانگ و (ئارسەر میلەر) و (چارلی چاپلن) و ژمارەیەکی زۆری بیرمەندان و هونەرمەندان کە ناچار بوون بەرەو ئەوروپا کۆچ بکەن.

مەکارسیزم زەبری توندی لەو کەسانە دەوەشاند کە بە خیانەت تۆمەتباری دەکردن، هەر کەسێکیش گومانی لەسەر بووایە، بە خیانەتکاری تۆمەتبار دەکرا.

فەلسەفەی مەکارسیزم ڕۆشنبیرییەکی تر دەخاتە سەر ڕۆشنبیریی ترس، کە ئەویش ڕۆشنبیریی دابەش کردنی کۆمەڵگەیە. خەڵکیش بەرانبەر مەکارسیزم دەبنە چەند بەشێکەوە:

- بەشێك کە دووچاری تۆقین دەبێتەوە و بۆ ئەوەی لە تۆمەتبار کردن و دەرەنجامەکانی ڕزگاری ببێت، بەرگی مەکارسیزم دەپۆشێت و خۆی دەبێتە کەسێك پەلاماری کەسانی تر بدات.

- بەشێکی تر مەکارسیزم بە هەلێك دەزانێت تا لە ڕێیەوە لە ڕکابەرە سیاسییەکانی ڕزگاری ببێت.

- بەشێکی تریش ئەوانەن کە ڕووبەڕووی تۆمەتەکانی مەکارسیزم دەبنەوە و بەهۆیەوە دووچاری دوور خستنەوە و بێبەش کردن و ناو زڕاندن و لەدەست دانی مافەکانی هاوڵاتی بوون و بەند کردن دەبنەوە. ئەمانەیش دەبنە دوو بەشەوە: بەشێکیان بەتەواوی باوەڕیان بە پرۆسەی سیاسی و نیشتمانپەروەری و چەمکەکانی کۆمەڵی مەدەنی نامێنێت و پەنا دەبەنە بەر چەك، بەشەکەی تریشیان ئەوانەن کە تێڕوانینێکی دانایانەیان هەیە و وا دەبینن مەکارسیزم ئامرازێکە و نیشانەی ئیفلاس بوونی ئەو دەسەڵاتەیە کە سیاسەتەکە پەیڕەو دەکات. بۆیە بەرانبەر تەوژمەکە خۆڕاگر

دەبن و دەزانن ئەو سیاسەتە ناتوانێت بەو سروشتە توندڕەوانەیەوە بەردەوام بێت و ڕۆژێك دادێت ڕاستییەکەی بۆ جەماوەر ئاشکرا دەبێت.

***

مەکارسی لە کارەکانی بەردەوام بوو تا کار گەیشتە ئەوەی لیژنە بۆ لێکۆڵینەوە لە گەورە ئەفسەرانی سوپا پێکبهێنێ، تەنانەت (جۆرج مارشاڵ)ی وەزیری بەرگریی ئەو کاتەی وڵاتەکەشی بە خیانەت و پشتیوانی کردن لە کۆمۆنیزم تۆمەتبار کرد. مارشاڵ یەکێك بوو لەو کەسانەی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی وەرگرتبوو و خاوەنی ئەو پرۆژە بەناوبانگە بوو کە بۆ ئاوەدان کردنەوە و ڕزگار کردنی ئەورووپا لەدوای جەنگی جیهانیی دووەمەوە ڕاگەیەنرابوو و هەر بە ناوی خۆیشییەوە ناو نرابوو.

کاری مەکارسی زیاتر پەرەی سەند و گەیشتە ڕاددەیەك کە تەنانەت (هاری تروومان)ی سەرۆکی ئەو کاتە و حیزبەکەشی کە پارتی دیموکرات بوو، بە پشتیوانی کردن لە کۆمۆنیزم تۆمەتبار کرد.

بەڵام دوای سێ ساڵ لە پەیڕەو کردنی ئەو سیاسەتە، ئەمریکییەکان بەهۆش هاتنەوە، بۆیان دەرکەوت ئەوەی ئەوان کاری بۆ دەکەن، جۆرێکی نوێی دیکتاتۆریەتی لێدەکەوێتەوە. هەندێك ڕاگەیاندنی پێشکەوتوو و بەهێز مەکارسیزمیان ڕەت کردەوە و چەند کەسایەتییەك کەوتنە کار بۆ پەردە هەڵماڵین لەسەر ئەو سیاسەتە و هێرشی پێچەوانە لە دژی دەستی پێکرد. مەکارسی لەم کاتەدا گەفێکی ڕەسمیی لە کۆنگرێسەوە پێگەیشت بەهۆی ئەو شێوازە نائەخلاقییانەی لە تۆمەتبار کردنی بەرانبەرەکانیدا گرتبوونیە بەر. ئەمەش

ڕاستیی مەکارسیی بۆ خەڵکی ئەو وڵاتە دەرخست و کۆتاییی بەو ڕێبازە سیاسییە لە ئەمریکا هێنا.

یەکێك لە دیارترین ئەو کەسانەی بەرانبەر مەکارسیزم وەستایەوە و بووە هۆی ئاشکرا کردنی ڕاستییەکانی، ڕۆژنامەنووسێك بوو بە ناوی (ئیدوارد مارۆ). دواتریش (ئارسەر میلەر)ی ئەدیبی ناسراو چووە پاڵی و کەسانی تریش بوونە پشتیوانیان، تا ئەوەی ئەو هەڵمەتەی دەستیان پێکرد سەرکەوت و بووە مایەی ڕاگرتنی سیاسەتەکە و دەرخستنی ڕاستییەکانی و ڕزگار کردنی ئەمریکا لە نەخۆشی و مەترسییەکانی مەکارسیزم کە پشتی بە بڵاو کردنەوەی ترس و بیم دەبەست.

مەکارسی دوای ئەوەی سنووری بۆ دانرا و یارمەتیدەر و داروودەستەکەی دەستیان لێبەردا، بەهۆی ئالوودە بوون بە ماددەی کحوولییەوە لە تەمەنی ٤٧ ساڵیدا مرد. بەڵام مەکارسیزم بە مردنی مەکارسی کۆتای پێنەهات و تا ئێستاش کەسانێك هەن لە سەرتاسەری دنیادا ئەو ڕۆحە پیسەی مەکارسیزم لە جەستە دەگرن و کار بۆ پارچەپارچە کردنی وڵاتان و زاڵ کردنی گەندەڵکاران بەسەر ئێستا و ئایندەماندا دەکەن.

***

مەکارسیزم جیاوازیی هەیە لەگەڵ تایفەگەرایی و ڕەگەزپەرستی. جیاوازی کردن، لە تایفەگەراییدا لەسەر بنەمای ئاین یان ئاینزاوەیە، لە ڕەگەزپەرستیشدا لەسەر بنەمای ڕەنگ و ڕەگەزەوەیە، بەڵام لە مەکارسیزمدا لەسەر بنەمای جیاوازیی فکرە، بەتایبەت ئەو فکرانەی جیاوازن لەو فکرەی دەوڵەت بەڕێوە دەبات، بەتایبەتتریش کاتێك

دەوڵەتەکــە دەوڵــەتێکی ســتەمکار بێــت. بابەتەکــە هــیچ پەیوەندییەکی بە ڕاستی و ناڕاستیی فکرەکەوە نییە، چونکە گفتوگۆیەکی زانستی لە ئارادا نییە، بەڵکو تــەنیا ئەوەیــە ئــەو فکرە تەبا نییە لەگەڵ ئەو فکــرەی دەوڵــەت بــەڕێوە دەبات و هەر کەسێك هەڵگری بێت بە تاوانکار لە قەڵەم دەدرێت.

مەکارســیزم چــەند جۆرێکــە، جۆرێکیــان مەکارســیزمی دینییــە، کــە بنەماکــەی وەســف کردنــی بەرانبــەرە بــە کفــر و بیدعەگــەرایی و گــومڕایی. جــۆرێکی تریشــی مەکارســیزمی نیشــتمانییە، کــە بەرانبــەر بــە خــائین و بــەکرێگیراو و.. هتــد وەسف دەکات.

مەکارسیزم لە ئەمریکا بەهۆی بوونی کۆمەڵێکی هۆشیار و ڕاگەیاندنێکی هۆشیارەوە کۆتــای پێهــات، بــەڵام لــە شــوێنانی تری جیهاندا و تا ئێســتاش لەکاردایــە، بەتایبــەت لــە بــەهاری عەرەبیدا کە بە هەموو لایەنەکانییەوە جێبەجێ دەکرێت.

شوێنەوارەکانی مەکارسیزم

مەکارسیزم دەوڵەت بێبەش دەکات لە تواناکانی کۆمەڵێکی کــارا لــە کۆمەڵگــەدا، ئــەو توانایــە دەکرێــت بەشــدار بێــت لــە بنیاتنان و گەشە پێداندا.

مەکارسیزم یەکێتیی نیشتمانی لاواز دەکات و میللەت بەش بەش دەکات.

مەکارسیزم ستراتیژی بەشەیتان کردنی ڕکابەر دەخاتە کار و ڕاگەیاندن دەکاتە ئامرازی بەخائین کردنی هەموو دەنگێکــی دژ.

مەکارســیزم زەمینــە بــۆ ســتەمکاران خــۆش دەکــات و پاســاویان بەدەســتەوە دەدات و، بەرانبــەر بــە بــێ دادگــایی

کردنێکی عادیلانە سزا دەدات. خەڵکی لە یەکتر دەترسێنێت، ئەمەش وا دەکات بیرۆکەی دوور خستنەوەی یەکتری قبووڵ بکەن.

مەکارسیزم لە جیهانی عەرەبیدا

بەهاری عەرەبی قەبارەی مەکارسیزمی لە جیهانی عەرەبیدا ئاشکرا کرد. بینیمان چۆن چەندین بیریار و ڕۆشنبیر و زانا و مامۆستای زانکۆ و هونەرمەند لە پۆستەکانیان دوور خرانەوە، ئەمەش دوای ئەوەی ڕازی نەبوون بگەڕێنەوە بۆ چوارگۆشەی یەکەم.

دیموکراسی لە سایەیدا تەنیا بووە بە دیکۆرێك بۆ گەڕاندنەوەی ستەمکاری و دادگای پشکنینی ڕاستەقینە سەری هەڵداوەتەوە بۆ دادگایی کردنی بیر و بیریاران و قەدەغە کردنی کتێب لە پیشانگاکانی کتێبدا، بۆ خنکاندنی هەر بیرێکی ئیسلامی یان جیاواز لەوەی لە دەسەڵاتدایە.

بەڵام ئەوەی سەختیی شوێنەوارەکان کەم دەکاتەوە ئەوەیە مەکارسیزم تەمەنی کورتە و هەر زوو بۆ خەڵکی ئاشکرا دەبێت و خۆی و هەموو ئەوانەی لە پشتیەوەن دەکەون.

لە کۆتاییدا

ئەم وتەیە بڵاو بکەنەوە: "ئێستا و تا کاتێکی دیارنەکراو، لە جیهانی عەرەبیدا جیاوازیی بیروڕا نابێتە مایەی تێکدانی خۆشەویستی، بەڵام دوور خستنەوە و بەند کردن و سێدارە و کوشتنی لێدەکەوێتەوە".



غاندی

ئاشتیخوازی

غاندی

ئاشتیخوازی

بۆچی دەسەڵاتداران ئاراستەیان بەرەو توندوتیژییە لە کاتێکدا بوار بۆ کاری ئاشتیخوازانە هەیە، بەتایبەت ئەگەر بەرانبەر لەسەرخۆ و ئاشتیخوازانە بیر و ڕاکانی بخاتە ڕوو؟

هەر چەندە غاندی یەکەمین کەس نییە بیری ناتوندوتیژیی هێنابێتە ئاراوە، بەڵام بێگومان ئەو یەکێکە لەو کەسایەتییە دیارانەی ناتوندوتیژییان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان پراکتیزە کردووە.

غاندی سەرکردەی ڕۆحیی هیندستان بوو، لە کاتی بزووتنەوەی سەربەخۆیی خوازی ئەو ناوچەیە بەرانبەر بە بەریتانیا کە ستەمکارانە خوێنی گەلەکانی دەمژی، هەروەها یەکێك بوو لە سەرکردەکانی ڕێبازی ڕووبەڕوو بوونەوەی ستەمکاری لە ڕێی یاخی بوونی مەدەنیی گشتگیرەوە، بەرهەمەکەشی سەربەخۆیی هیندستان بوو.

ئەو خۆی ناوی (مۆهانداس غاندی) بوو، بەڵام لە سەرتاسەری جیهان بە (مەهاتما غاندی) ناسرا، کە هیندییەکان لێیان نا و بە مانای (ڕۆحی مەزن) دێت.

غانـدی سـاڵی ١٨٦٩ لـە (گۆجـارات)ی هیندسـتان لـەدایك بووە و هەر بە منداڵی و لە تەمـەنی ١٣ سـاڵیدا ژنـی هێنـاوە. بنەماڵەکـەی بنەماڵەیـەکی موحافیزکـار بـووە و دەسـتێکی باڵایان لە سیاسەت و بەڕێوەبردندا هـەبووە. ئـەمیش هـەر لـە تەمەنێکی بچووکدا تێکەڵ بە سیاسەت بوو.

غاندی کاتێك خوێندنی دواناوەنـدیی تـەواو کـرد و تەمـەنی گەیشتە ١٩ ساڵان، بەرەو بەریتانیا بەڕێ کەوت تا لەوێ مـاف بخوێنێـت. ئـەو کاتـەی لـە بـەریتانیا دەژیـا، ئـەو وڵاتـە و خەڵکەکەی ناسی و لـە نزیکـەوە ڕێبـازی فـەرمانڕەوایی و ڕای گشتیی دژ بە حکومەتی بینی.

چوون بۆ باشووری ئەفریقا

غانـدی سـاڵی ١٨٩١ گەڕایـەوە هیندسـتان و دەسـتی دایـە پارێزەرایـەتی، بـەڵام لـەو کـارەدا سـەرکەوتوو نـەبوو و بەرهـەمێکی ئـەوتۆی نـەبوو، بۆیـە لـە (بومبـای)ەوە بـەرەو (راجکوت) بەڕێ کەوت و لەبەردەم دادگاکانی ئەو شارە –کە ئینگلیزەکان بەڕێوەیان دەبـرد– بـوو بـە عـەرز و حـاڵنووس. غاندی لە کاتی کار کردنیدا ڕووبەڕووی گێچـەڵی ئینگلیزەکـان دەبووەوە، بۆیە لەو کارەی بێزار بوو و کاتێك کـارێکی خرایـە بەردەم لە باشووری ئەفریقا، بێ چەند و چوون قبووڵی کرد.

غانـدی لـە باشـووری ئـەفریقا قۆنـاغێکی نـوێی خـەباتی ئاشتییانەی دەست پێکرد لە ڕووبـەڕوو بوونـەوەی جیاکـاریی ڕەگەزی.

کەمینەیەکی ئینگلیز، کە خۆیان بە سەربەخۆ لە بەریتانیا دادەنا، لەو کاتەدا باشووری ئەفریقایان بەڕێوە دەبرد و بەسەر زۆرینەی خەڵکی ڕەشپێستی ڕەسەنی وڵاتەکەدا زاڵ بوویوون و هیندییەکانیش کەمینەیەکی ئەو وڵاتەیان پێکدەهێنا و تا ئێستاش هەر وا ماونەتەوە.

غاندی ٢١ ساڵ لە باشووری ئەفریقا مایەوە. کاتێك ڕەوشی خراپی ژیانی هیندییەکانی لەو وڵاتە بینی، سەرکردایەتیی کۆمەڵێك کەمپینی لە پێناو بەدەست هێنانی مافەکانیان کرد و ڕۆژنامەیەکی بە ناوی "رای هیندی" دەرکرد. ئینگلیزەکان چەند جارێك بەهۆی ئەو هێرشانەی دەیکردە سەریان، غاندییان دەستگیر کرد.

ڕووداوێکی ڕەگەزپەرستانە و کاردانەوەی غاندی

ڕووداوێکی بچووك لە یادەوەریی غاندی نەسڕایەوە کە لەناو شەمەندەفەرێك لە باشووری ئەفریقا لە ساڵی ١٨٩٣ ڕووی دا. غاندی کە لەو کاتەدا گەنجێکی ٢٤ ساڵان بوو و بەهۆی ئەوەی کارەکەی باش بوو و داهاتێکی باشیشی هەبوو، توانیبووی لە فارگۆنی یەکەمی ئەو شەمەندەفەرە سوار ببێت. یاسایەکی ڕەگەزپەرستانە لەو کاتەدا پەیڕەو دەکرا کە ڕێی نەدەدا ڕەشپێستەکان و هیندییەکان لە فارگۆنی یەکەمدا سوار ببن. غاندییش ئاگاداری ئەو یاسایە نەبوو. یەکێك لە نەفەرەکان هەواڵی دا کە پیاوێکی هیندی لە فارگۆنی یەکەمدا سوار بووە. هەرچەندە غاندی پۆشتە و پەرداخ و جلوبەرگێکی گرانبەهای لەبەردا بوو، کاربەدەستان هاتن و بەزۆر دەریان کرد. ئەمە

هەستێکی بە نزمی و ڕیسوایی لەلای غاندی دروست کرد، بۆیە بڕیاری دا بەرەنگاری ڕەگەزپەرستی ببێتەوە.

هەندێك کەس داوایان لێکرد دەست بداتە ڕووبەڕوو بوونەوەی چەکداری، لەبەر ئەوەی ئەوان دەسەڵاتدارن و چارەسەری ئاشتییانە -یان ناتوندوتیژی- لەگەڵیاندا بێسوودە، بەڵام غاندی زۆر بەتوندی ئەوەی ڕەت کردەوە و پێی وا بوو خەباتی ئاشتییانە تاکە تاکتیکی ڕەچاو کراوە بەرانبەر بەریتانیا، کە ئەو کاتە گەورەترین هێزی جیهان بوو و نزیکەی نیوەی گۆی زەویی بەدەستەوە بوو؛ ئەوانیش ئەو هێزە بچووکە بوون.

خەباتی ئاشتییانەی غاندی و هەزاران هیندیی تر لە باشووری ئەفریقا بەردەوام بوو، کاردانەوەی ئینگلیزەکانیش فشاری زیاتر و بەند کردن و برسی کردن و لێدان و سووکایەتی پێکردن و تەنانەت تەقە لێکردن بوو.

سەرباری ئەو کاردانەوانە، غاندی و هاوڕێکانی لە خۆڕاگری بەردەوام بوون و باشووری ئەفریقا و تەنانەت جیهانیشیان بەرانبەر بە دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بزواند. دەسەڵاتدارە ئینگلیزەکانیش بەناچارییەوە ملکەچی داواکارییەکانیان بوون.

دەستکەوتی هیندییەکان لە باشووری ئەفریقا

غاندی لە ماوەی بوونی لە باشووری ئەفریقا دەستکەوتی زۆری بۆ هیندییەکان بەدی هێنا، لەوانە:

- پەیداکردنی متمانە لەلای ڕەوەندی هیندی و دروست کردنی قەوارەیەك کە کۆیان بکاتەوە. ئەو متمانەیە

هیندییەکانی لە گرێی ترس و خۆ بەکەم زانین دەرباز کرد و ئاستی ئەخلاقیی بەرز کردنەوە بە جۆرێك پەنا نەبەنە بەر توندوتیژی و چەك هەڵگرتن.

- ساڵی ١٨٩٤ حیزبێکی بۆ دامەزراندن بە ناوی (کۆنگرەی هیندیی ناتاللە)، تا لە ڕێیەوە بەرگری لە مافی کرێکارە هیندییەکان لە باشووری ئەفریقا بکەن.

- دەستکەوتێکی دیکەی گرینگی ڕاگرتنی هەوڵی دەسەڵاتدارانی ئینگلیز بوو بۆ وەستاندنی کۆچی بەردەوامی هیندییەکان بۆ باشووری ئەفریقا.

- دەستکەوتێکی تری هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایە بوو کە تەنیا ڕێی بە گرێبەستی هاوسەرگیریی کاسۆلیکی دەدا و بۆ هیندییەکان نەدەگونجا کە لەسەر ئاینی مەسیحی نەبوون.

- بەڵام گرینگترین دەستکەوتی هەڵوەشاندنەوەی یاسایەك بوو لە باشووری ئەفریقا کە ڕێی دەنگدانی بە هیندییەکان نەدەدا کە بە مەرسومی ئاسیایی ناسرابوو.

گەڕانەوە بۆ هیندستان

غاندی ساڵی ١٩١٥ باشووری ئەفریقای جێ هێشت و بەیەکجاری گەڕایەوە هیندستان. بەڵام هەواڵی ئەو دەستکەوتانەی بەدەستی هێنابوون، تەنیا لە باشووری ئەفریقا بڵاو نەبووبووەوە، بەڵکو گەیشتبووە بەریتانیا و هیندستانی وڵاتی خۆیشی.. ئەمەش ڕێخۆشکەر بوو بۆ ئەوەی دواتر و تەنیا لە ماوەی پێنج ساڵدا ببێت بە سەرکردەی (بزووتنەوەی نیشتمانیی هیندستان).

غاندی خۆی ڕقی لە شارستانێتیی خۆرئاوا دەبووەوە و بەوە تۆمەتباری دەکرد کە دڵی نییە و ئەگەر هەبێت لە ئاسنە. پێی وا بوو نەگبەتیی هیندستان لەوەدا نییە کە بەریتانیا داگیری کردووە، بەڵکو لەوەدایە کە شارستانێتیی خۆرئاوا داگیری کردووە.

ساڵی ١٩٢٢ سەرکردایەتیی بزووتنەوەیەکی یاخی بوونی مەدەنیی وەك ئەوەی باشووری ئەفریقای دژ بە ئینگلیزەکان کرد و بەهۆی حەماسەتی هەندێك لە لایەنگرانی کە لە یاخی بوونەکە بەشدار بوون، پێکدادان لەگەڵ پۆلیسی ئینگلیز ڕووی دا، بۆیە ئەو بزووتنەوەیەی ڕاگرت تا نەبادا ئەو یاخی بوونە ڕێڕەوێکی توندوتیژ بگرێت، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەو سیاسەتی ناتوندوتیژییە بوو کە غاندی هەر لە باشووری ئەفریقاوە گرتبوویە بەر.

ساتیاگراها

فەلسەفەی ناتوندوتیژی لەلای غاندی ناوێکی هەبوو کە بریتی بوو لە ساتیاگراها. ساتیاگراها تەنیا بریتی نییە لە ناتوندوتیژی بەڵکو کۆمەڵێك بنەمای ئاینی و سیاسی و ئابووریش لە خۆ دەگرێت.

پوختەی ساتیاگراها، کە بە "ڕاستی"یش ناوی دەبەن، ئەوەیە لە ڕێی بەرگریی نێگەتیڤەوە بەسەر دوژمندا سەر بکەویت. فەلسەفەکەی ئەوەیە کاتێك خەڵکی بە قووڵی هەست بەو مەترسییە دەکەن کە لە سەریانە، ئەو کاتە بە ناتوندوتیژی ڕووبەڕووی دەبنەوە.

فەلسەفەی غاندی ئەوە بوو شۆڕشێکی سیاسیی بە ئەخلاقەوە بەرپا بکات و بە خۆشەویستی بەسەر رق و کینەدا زاڵ ببێت، بە ڕاستی زاڵ ببێت بەسەر ناڕاستیدا، بە بەرگرتن و ئارامی زاڵ ببێت بەسەر توندوتیژیدا.

غاندی پێی وا بوو ناتوندوتیژی بێتوانایی یان لاوازی نییە، بەڵکو ئەوەیە "ڕاستە تۆڵە لە دوژمنەکەم ناکەمەوە، بەڵام لێیشی خۆش نابم".

ئامانج لە سیاسەتی ناتوندوتیژی بەلای غاندییەوە دەرخستنی ستەمی داگیرکەر و هاندانی ڕای گشتییە بەرانبەر بەو ستەمە و ڕێ خۆشکردنە تا بە تەواوەتی بەسەریدا زاڵ بیت، نەك ئەوەی بە ستەمێکی تر و توندوتیژییەکی تر جێی بگریتەوە. یان بەلای کەمەوە ئەو ستەمە ئابلۆوقە بدرێت و ڕێ نەدرێت زیاتر بڵاو ببێتەوە.

سیاسەتی ساتیاگراها کۆمەڵێك شێواز لە خۆ دەگرێت سەرباری ناتوندوتیژی و بەکارهێنانی وشە، وەك ڕۆژوو گرتن، یاخی بوونی مەدەنی، دەستبەر داربوون لە کار، قبووڵ کردنی بەند بوون و نەترسان لەوەی ئەو کارانە ببنە مایەی مردن.

بیرۆکەی ڕەوتی ساتیاگراها بریتییە لەوەی دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بەندە بە قبووڵ کردنی لەلایەن خەڵکەوە، بۆیە فەرمانڕەوا بێدەسەڵات دەبێت کاتێك کەرتە جیاجیاکانی میللەت دەستبەرداری دەبن و چارەنووسی هەر کودەتایەك شکستە ئەگەر پشتیوانیی خەڵکی لەگەڵ نەبێت و کودەتا کاتێك سەر دەگرێت کە میللەت بێدەنگ بێت و ئەگەر یاخی

بوون و ڕەتکردنەوەی خەڵکی بەردەوام بوو، شەرعییەتی شۆڕشگێڕی ناتوانێت کودەتا ڕزگار بکات.

لۆکەی خۆمان بۆ خۆمان

هیندستان ئەو کاتە دەبوو هەموو بەرهەمی لۆکەی خۆی بە نرخێکی زۆر کەم بداتە بەریتانیا و زۆربەی ئەو لۆکەیە دەبرایە شاری (لانکاشایەر) و لەوێ چەندین جۆر کوتاڵی لێ دروست دەکرا. بەشێکی زۆری ئەو کوتاڵە ڕەوانەی هیندستان دەکرایەوە و بە نرخێکی زۆر بە خەڵکەکەی دەفرۆشرا. غاندی خەڵکی هیندستانی هان دەدا لۆکە بە بەریتانییەکان نەفرۆشنەوە و داوای لێ دەکردن خۆیان فێری پیشەی ڕستن بە دەست بکەن تا جلوبەرگی خۆیان بە دەستی خۆیان دروست بکەن و پشت بەو کوتاڵە نەبەستن کە لە بەریتانیاوە بۆیان دێت. هەروەها هانی دەدان (خادی) بکەنە بەر کە جۆرە کوتاڵێکی زبرە و لە وڵاتەکەی خۆیان بەرهەم دەهات و بایکۆتی کوتاڵی بەریتانی و هەموو شتێك بکەن کە لە بەریتانیاوە دێت.. خەڵکیش بە دەنگ ئەو داوایەوە هاتن. ئەم کارە وای کرد زۆربەی کارگەکانی ڕستنی کوتاڵ لە لانکاشایەر کارەکانیان بە شێوەیەکی کاتی ڕابگرن و هەزاران کرێکار ڕەوانەی ماڵەوە بکەن و بێکار بن.

سەردانی بەریتانیا

غاندی لەبەرئەوەی لە بەریتانیا خوێندبووی و کاریگەریی ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتە و ڕای گشتیی دەزانی، بڕیاری دا

سەردانی بکات و لەناو بەریتانیاوە خەبات دژی ستەمکاری بکات و ڕای گشتیی لە دژ هان بدات. بڕیاریشی وا بوو لەو سەردانەدا دەستبەرداری ئەو جلوبەرگە نەبێت کە دەیپۆشی و لە سەرما و تووشیی ئاو و هەوای ئەو وڵاتە نەیدەپاراست.

لە کاتی سەردانەکەیدا سوور بوو لەسەر ئەوەی بچێتە شاری لانکاشایەر بۆ ئەوەی بەرگری لە مافی گەلەکەی بکات. خەڵکی بێکاربووی شارەکە، کە پێشتر لە کارگەکانی ڕستن و چنین کاریان دەکرد، غاندییان بە هۆکاری بێکاربوونی خۆیان دەزانی، بۆیە ڕقێکی زۆریان بەرانبەری هەبوو. کاتێك زانییان غاندی هاتووە، کۆ بوونەوە تا خەڵکی شارەکەی لە دژ هان بدەن. غاندی کە گەیشتە لایان داوای لێکردن چانسێکی پێبدەن و بۆ چەند ساتێك گوێی بۆ بگرن و دواتر حوکم لەسەر خۆی و گەلەکەی بدەن. غاندی وتی:

"ئێوە دەڵێن سێ ملیون کەس ماوەی چەند مانگێکە لێرە بێکار بوونە، بەڵام لە وڵاتەکەی من ۳۰۰ ملیۆن کەس ساڵانە بۆ ماوەی شەش مانگ بێکار دەبن. ئێوە دەڵێن چەند ڕۆژتان بەسەردا تێپەڕ دەبێت تەنیا نان و کەرەی تێدا دەخۆن، بەڵام ئەوانەی لای ئێمە ڕۆژان بەسەریاندا تێپەڕ دەبن بە بێ ئەوەی تەنانەت یەك پاروویش بچێتە قورگیانەوە..."

خەڵکەکە بەو وتانە سەرسام بوون و کەوتنە هوتاف کێشانی پشتگیری بۆ ئەو پیاوەی پێشتر بە مایەی بێکار بوون و دەردەسەریی خۆیانیان دەزانی.

یەکێك لە ڕۆژنامەنووسان لەبارەی جلوبەرگەکەیەوە لێی پرسی و پێی وت کە بۆچی بە رووتی دەگەڕێت. غاندی

بەزەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە: "لەبەرئەوەی نوێنەرایەتیی میللەتێکی ڕووت و برسی دەکەم کە داگیرکاریی وڵاتەکەتان هۆکاری ڕووتی و برسێتییەتی!"

نموونەی بزنەکە

غاندی لەو سەردانەیدا بزنێکی پێ بوو و لەگەڵ خۆیدا بۆ هەموو شوێنێکی دەبرد، ئاماژەی بۆ بزنەکە کرد و وتی: "پەیوەندیی بەریتانیا و هیندستان وەك پەیوەندیی من و ئەو بزنە وایە، لەگەڵ خۆیدا ڕای دەکێشێت تا شیرەکەی بدۆشێت!"

ئەم وتانە کاریگەرییەکی سیحر ئاسای بەسەر خەڵکەکەوە بەجێ هێشت.

ڕێپێوانی خوێ

غاندی لەسەر سیاسەتی ناتوندوتیژی بەردەوام بوو و بزووتنەوەی هاوکاری نەکردنی بەریتانییەکانیش سەری هەڵدا کاتێك باجێکیان بە ناوی "باجی خوێ" وە سەپاند. غاندی لە ساڵی ۱۹۳۰دا ڕێپێوانێکی بە ناوی "ڕێپێوانی خوێ" ئەنجام دا و هەزاران کەسی لەگەڵدا بوون، ڕێڕەوەکە ٤٠٠ کیلۆمەتر بوو تا گەیشتنە کەناری دەریا و لەوێوە ئاویان دەر هێنا و لەبەر خۆریان دانا تا خوێیەکەی بگرن، بەریتانییەکان لەوە بەدواوە نەیانتوانی خوێیش بفرۆشن. ئەم یاخی بوونەی غاندی کاتێك وەستا کە بەریتانییەکان لە ساڵی ۱۹۳۱دا بڕیاری دانوستانیان دا بۆ ئەوەی بە چارەسەرێکی مامناوەندی بگەن. فشارەکانی

غاندی سەریان گرت و بەریتانیا کەوتە هەڵوێستێکی لاوازەوە، تەنانەت بەرانبەر خەڵکی وڵاتەکەش، بۆیە ڕازی بوو دانوستان لەگەڵ غاندی بکات.

غاندی و ویستی موسڵمانەکان

(محەمەد عەلی جەناح) سەرکردایەتیی خەباتی موسڵمانەکانی هیندستانی دەکرد بۆ سەربەخۆ بوون لە بەریتانیا و لە هیندستانیش. غاندی لە کۆبوونەوە لەگەڵ جەناح دەستپێشخەرییەکی زۆر سەیری کرد و داوای لێکرد حکومەتی هیندستان بە تەنیا لە موسڵمانەکان پێک بهێنێت بە مەرجێك لەگەڵ هیندۆسەکاندا بمێننەوە و جیا نەبنەوە.

محەمەد عەلی جەناح ئەو دەسپێشخەرییەکەی غاندیی ڕەت کردەوە، چونکە دەیزانی ئەوە کارێکی کاتی دەبێت و دوای نەمانی غاندی بەردەوام نابێت، بۆیە سوور بوو لەسەر ئەوەی سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت. لە بەرانبەردا هیندۆسەکان بە تۆمەتی خیانەت کردن و هەوڵ دان بۆ پارچەپارچە کردنی هیندستان، دەستیان بە پەلاماری چەکداری بۆ سەر موسڵمانەکان کرد.

هەر چۆنێك بوو، کاتێك هیندستان لە ساڵی ١٩٤٧ دا سەربەخۆیی وەرگرت، موسڵمانەکانیش سەربەخۆییی خۆیان لە چوارچێوەی دەوڵەتی پاکستاندا ڕاگەیاند. غاندی بەهۆی ئەو خەمەی لە ئەنجامی دابەش بوونی هیندستانەوە بۆی دروست بوو، بەشداریی ئاهەنگەکانی سەربەخۆییی وڵاتەکەی نەکرد.

سـاڵی ١٩٤٨ پێکـدادانی تونـد لـەنێوان هیندۆسـەکان و موسڵمانەکاناندا ڕووی دا و غانـدی دەسـتی دایـە دوایـن ڕۆژوو گرتنی و سوور بوو لەسەر ئەوەی نەیشکێنێت تـا ئـەو شـەڕ و پێکدادانانە نەوەستن. خەریك بوو بەهۆی ئـەو ڕۆژووگرتنـەوە بمرێت، بەڵام لایەنـەکان بـەهۆی ئـەو خۆشەویستییەی بۆیـان هـەبوو، شـەڕەکەیان ڕاگـرت. غانـدی ڕایگەیانـد بـە نیـازە سەردانی پاکسـتان بکـات وەك هـەوڵێك بـۆ ئاشـت کردنـەوەی ئەوانەی بە "ڕۆڵەکانی یەك وڵات" ناوی دەبردن.

لایەنێکی توندڕەو لە هیندۆسەکان غاندیی بە خیانەت کردن لە مەسەلەی هیندۆسـەکان تۆمـەتبار دەکـرد، بـەهۆی نـەرمی نواندن بەرانبەر بە موسڵمانەکان و ڕازی بوون بەوەی ئەوان بە تەنیا حکومەتی وڵات پێك بهێنن. بۆیە بەر لەوەی سـەردانەکە ئەنجام بدات، ئەندامێکی ئەو لایەنە کە ناوی (ناتورام گـۆدس) بوو و لە ڕۆژنامەی ئـەو لایەنـە کـاری دەکـرد، لـە ئاهەنگێکـدا ڕووبـەڕووی غانـدی بـووەوە و بـە دەمانچـە تەقـەی لێکـرد و تیرۆری کرد.

غاندی بەر لەوەی گیان بسـپێرێت ڕسـتە بەناوبانگـەی بـەو کەسە وت:

"پشتگوێت دەخەن، ئینجا بەربـەرەکانیت دەکـەن، ئینجا هەوڵی کوشتنت دەدەن، ئینجا وتوێژت لەگەڵ دەکـەن، ئینجا دەکشێنەوە و لە کۆتاییدا سەردەکەویت".

غاندی لە هیندستان بە "باوکی میللەت" دادەنرێت و ڕۆژی لـەدایك بـوونی (کـە دووی کـانوونی یەکەمـە) لـە هیندسـتان

پشــووی فەرمییــە و لــە جیهانیشــدا بــە ڕۆژی جیهــانیی ناتوندوتیژی دادەنرێت.

***

سیاسەتی ناتوندوتیژی لەم ئایەتەدا بەرجەستە دەبێت:

﴿وَلاَ تَسْتَوِي الْحَسَنَةُ وَلاَ السَّيِّئَةُ ادْفَعْ بِالَّتِي هِيَ أَحْسَنُ فَإِذَا الَّذِي بَيْنَكَ وَبَيْنَهُ عَدَاوَةٌ كَأَنَّهُ وَلِيٌّ حَمِيمٌ﴾ فصلت/٣٤

واتە: "کـردەوەی چـاك و کـردەوەی خـراپ یەکسـان نـین. تـۆش چـاری کـردەوەی خـراپ بـە کـردەوەی چـاك بکـە لـە بەرانبـەری کـردەوە خراپەکـەی خراپەکـەردا. کـە وات کـرد، دەبینی ئەو کەسەی دوژمنایـەتی لـەنێوان تـۆ و ئـەودا هەیـە، وەك دۆسـتێکی گـەرم وایـە بـۆت لـە خۆشەویسـتیدا". (لـە خولاسەی تەفسیری نامییەوە –وەرگێڕ)

لە کۆتاییدا

ئەم وتەیەی غاندی بڵاو بکەنەوە:

"ناتوندوتیژی گەورەترین هێزی مرۆڤایەتییە، لە بەهێزترین چەکی وێرانکاری کە مرۆڤ دروستی کردبێت، کاریگەرترە".



ئەبو عەبدوڵڵای بچووک

خۆ بەدەستەوە دان

ئەبو عەبدوڵڵای بچووك

خۆبەدەستەوەدان

لە ساڵی ١٤٩٢دا دیمەنێکی کاریگەر ڕووی دا، کە پاڵەوانەکەی گەنجێکی سی ساڵە بوو. ئەو گەنجە لەسەر گردێك بەرانبەر بە کۆشکی سوور لە غەرناتە لە ئەندەلوس وەستا. نائومێد، ملکەچ و تێکشکاو بوو. دایکی کە هێز و مەردێتی بەڕوویەوە بوو، لە تەنیشتییەوە وەستابوو و بەداخەوە لە کوڕە بێدەسەڵاتەکەیی دەڕوانی کە نرکەی گریانی بوو، ڕووی تێکرد و وتی: "وەك ژن بۆ ئەو موڵکە بگری کە نەتتوانی وەك پیاو بیپارێزیت!".

ئەو دایکە (ئەمیرە عائیشە) و کوڕەکەش (ئەبوو عەبدوڵڵای بچووك)ی نەوەی (ئەحمەر)ی دوایین پاشای موسڵمانان بوو لە ئەندەلوس. ئەحمەر ئەستێرەی ئەو تراژیدیایە بوو کە ئەنجامەکەی خۆبەدەستەوەدان و باوەڕ کردن بە بەڵێنە درۆینەکانی دوژمن بوو، لە ئەنجامیشدا بوو بە سەرچاوەی ئەو مەرگەساتەی بەسەر تەواوی گەلی موسڵمانی ئەندەلوسدا هات.

لەگەڵ نیوەی دووەمی سەدەی پانزەی زاینی، واتە ساڵانی ١٤٥٠ بەداوە، غەرناتە کە تاکە شانشین بوو بە دەستی موسڵمانان مابێتەوە، دوای ئەوەی تەواوی مەملەکەتەکانی تری ئەندەلوسیان لەدەست دابوو. هێزە دیانەکان زۆربەی ناوچەکانی دەوروبەری غەرناتە لە خۆرئاوا و باشووری خۆرهەڵاتدا کۆنترۆڵ کردبوو و لە هەموو لایەکەوە ئابڵووقەیان دابوو. خەڵکی موسڵمانی شانشینەکە بێئومێد بووبوون لەوەی لە دەوروبەرەوە یارمەتییان پێبگات، وەك ئەوەی پێشتر لە مەغریبەوە (مورابیت) و (موەحیدەکان) بەهانایانەوە دەچوون، بۆیە ناچار بوون پشت تەنها بە توانای سنوورداری خۆیان ببەستن. لە کاتێکدا غەرناتە لەو ڕەوشە ناخۆشەدا بوو، جەنگێکی ناوخۆ لەنێوان (ئەبولحەسەن)ی فەرمانڕەوا کە بە (ئەلغالیب بیللا) ناسرابوو و باوکی ئەبو عەبدوڵڵا بوو لەگەڵ (ئەبو عەبدوڵڵای زەغەل) بەڕێوە دەچوو. لە کاتێکدا کە ململانێ لەنێوان ئەو دوو برایە لەسەر مەملەکەتێك کە خەریکە لەدەست بچێت بەڕێوە دەچوو، زەغەل دژ بە براکەی پەنای بۆ دیانەکان برد و ئەوانیش، کە وەك هەلێك لەوەیان دەڕوانی، یارمەتییان دا و ئەو مەملەکەتە بوو بە دوو لەتەوە کە لە ڕکابەریی یەکتردا بوون: بەشی سەرەکیی غەرناتەو دەوروبەری بە دەستی ئەبولحەسەنەوە بوو و (مەلەگە) و دەوربەریشی لە باشووری خۆرهەڵات بە دەستی زەغەلی برایەوە بوو. دواتر هەر دوو برا شەڕیان ڕاگرت و کەوتنە ئاگربەستەوە.

ئیسپانییە دیانەکان کە ئەوانیش بە دەست دووبەرەکییەوە دەیاننالاند، لەم کاتانەدا هەنگاوێکی گرینگیان بەرەو یەك بوون و یەك گرتن هاویشت. سالی ١٤٧٤ (فێردیناند)ی جێنشینی (ئەراگۆن ئیزابێلا) خوشکی پاشای (قشتالە)ی خواست شانشینەکانیشیان کرد بە یەك و هەر دووکیان بوون بە پاشای ئەو شانشینە.

فێردیناند و ئیزابێلا داوایان لە ئەبولحەسەنی فەرمانڕەوای غەرناتە کرد ملکەچ و گوێڕایەڵیان بێت و جزیەیان پێ بدات. ئەبولحەسەن ئەوەی ڕەت کردەوە و هەندێك شەڕی لابەلا لەنێوان هەر دوولا ڕووی دا، کە موسڵمانەکان سەرکەوتنیان تێدا بەدەست هێنا. ئەبولحەسەن دوای ئەم سەرکەوتنە بەرەو ژیانی خۆشگوزەرانی و ڕابواردن چوو و کەوتە شوێن هەوەس و ئارەزووەکانی. هاوسەری ئەبولحەسەن، کە ناوی عائیشە بوو و ئامۆزای خۆی بوو، ئافرەتێکی ئازا و خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز بوو و دوو کوڕی لێ هەبوو، کە یەکێکیان ئەبو عەبدوڵڵای بچووکی جێباسی ئەم بەشەیە.

ئەبولحەسەن کەوتە داوی خۆشەویستیی ئافرەتێکی بەبنەچە ڕۆمانی کە ناوی (سورەیا) بوو. ئەم ئافرەتە ئەقڵ و هۆشی ئەبولحەسەنی بردبوو، هەر بۆیە خواستی و بوو بە هاوسەری و پایەیەکی بەرزتری لە عائیشە پێ دا. فەرمانڕەوا کە هەندێك تەمەنی زیاتر بوو، بوو بە یاریچە بە دەستی سورەیاوە، کە ئەویش بە هەمان شێوە دوو کوڕی هەبوو.

سورەیا لە بیری ئەوەدا بوو تەختی پاشایەتی بۆ کوڕەکانی خۆی مسۆگەر بکات نەك بۆ کوڕەکانی عائیشە بێت، بۆیە کەوتە هاندانی ئەبولحەسەن تا ئەبو عەبدوڵلا لە جێنشینیی خۆی لا بدات و یەکێك لە کوڕەکانی لە شوێنی دابنێت. لەم کاتانەدا عائیشە هەر دوو کوڕەکەی برد و هەڵهات. خەڵکی جارێکی تر بوونەوە دوو بەش: بەشێکیان لەگەڵ فەرمانڕەوا و ژنە ڕۆمانییەکەی و بەشەکەی تریش لەگەڵ عائیشە و کوڕەکانی. لەم کاتەدا ئیسپانییەکان بە تەواوەتی بەرەو بەهێز بوون دەچوون و دەستیان بەسەر تەواوی ئەندەلوسدا گرت، جگە لە پورتوگال و ئەو بەشەی غەرناتە کە بە دەستی موسڵمانەکانەوە بوو. شۆڕش لە غەرناتە هەڵگیرسا و عائیشە و کوڕەکانی لە ساڵی ١٤٨٢ توانییان سەر بکەون و ئەبو عەبدوڵلا چووە سەر تەختی پاشایەتی. ئەبولحەسەنی باوك بەرەو لای زەغەلی برای، کە پێشتر دوژمنی بوو، هەڵهات.

ئەبوعەبدوڵلا کە ئەو کاتە تەمەنی گەیشتبووە ٢٥ ساڵان، لە بری ئەوەی لە هەوڵی یەکخستنی شانشینە پەرتبووەکەیدا بێت، حەماسەت هەڵی نا و کەوتە پەلاماردانی ئیسپانییەکانی دەوروبەری و هەندێك سەرکەوتنی لە چەند شەڕێکی بچووکدا بەسەریاندا بەدەست هێنا و بە بڕێك دەستکەوتەوە گەڕایەوە. بەڵام بەهۆی نەشارەزاییی لە ڕووی سەربازییەوە لە ڕێگای گەڕانەوەدا ئیسپانییەکان ڕێیان پێ گرت و شکاندیان و خۆیان دەستگیر کرد و بە دیلی بەرەو (قورتوبە)ی پایتەختی

شانشینی قشتالەیان برد. ئەبوعەبدوڵڵا دوو ساڵ بە دیلی لەلای قشتالییەکان مایەوە.

خەڵکی غەرناتە لەپڕێکدا خۆیان بە بێ فەرمانڕەوا بینییەوە و ناچار بوون پەنا بۆ ئەبولحەسەنی فەرمانڕەوای لەکارخراو ببەن و بانگیان کردەوە تا جارێکی تر فەرمانڕەواییان بکاتەوە. بەڵام بەهۆی نەخۆشییەوە نەیتوانی و زەغەلی برای لە شوێنی خۆیدا دانا.

عائیشە و ئەبولحەسەن داوایان لە قشتالییەکان کرد ئەبوعەبدوڵڵا ئازاد بکات و لە بەرانبەردا جزیەیان پێ بدەن و دانوستانیان لەو بارەوە دەست پێکرد، بەڵام دانوستانەکان نەگەیشتنە ئەنجام.

هۆکاری سەرنەکەوتنی دانوستانەکان ئەوە بوو فێردیناند و ئیزابێلا دەیانویست ئەبوعەبدوڵڵای تازەلاو بقۆزنەوە و ئامانجی گەورەتری پێ بەدەست بهێنن.

فێردیناند و ئیزابێلا ڕێککەوتنێکی نهێنییان لەگەڵ ئەبوعەبدوڵڵا مۆر کرد. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە ئیسپانییەکان ئەبوعەبدوڵڵا دەگەڕێننەوە سەر تەخت بە مەرجێك کە گەڕایەوە ملکەچی و گوێڕایەڵی بۆ هەر دوو پاشا ڕابگەیەنێت و ساڵانە ١٢ هەزار دۆبلەم زێڕیان وەك باج پێ بدات، کە بڕێکی یەکجار زۆر بوو. مەرجێکی تریشیان ئەوە بوو ئەبوعەبدوڵڵا کە گەڕایەوە هەموو دیلە دیانەکان ئازاد بکات بە بێ ئەوەی ئەمان دیلە موسڵمانەکان ئازاد بکەن. هەروەها چەندین مەرجی تریشیان بەسەردا سەپاند.

سەرچاوەکانی مێژوو باسی ئەبو عەبدوڵڵا دەکەن بەوەی کەسێکی ئیرادە و عەزیمەت لاواز و تەماعکار و ئارەزووباز بووە و ویستی ئەوە بووە دەسەڵاتدار بێت تەنانەت ئەگەر ئەو شوێنەی دەسەڵاتی بەسەردا دەڕوات بچووك و کەمیش بێت. بۆ گەیشتنیش بەوە ئامادە بووە هەموو قوربانییەك بدات. پاشا بەهێزەکانی ئیسپانییەکان ئەوەیان لە ئەبو عەبدوڵڵا قۆستەوە و بۆ بەدیهێنانی ویستەکانی خۆیان خستیانە کار.

ئەبو عەبدوڵڵا ئازاد کرا و لە ناو لایەنگرانی وای بڵاو کردەوە کە ئاشتی و ڕێککەوتن لە بەرژەوەندییاندایە و پێویستە لەگەڵ ئیسپانییەکان هەوڵ لەو پێناوەدا بدەن. لایەنگرانی ئەبو عەبدوڵڵا بە گەرمی پێشوازییان لە سەرکردەکەیان کرد و ئەویش هەر زوو کەوتە کار و لەگەڵ لایەنگرانی دەستیان بەسەر کۆمەڵێك قەڵای نزیك غەرناتەدا گرت و جەنگی دژ بە زەغەلی مامی -کە لەسەر تەختی پاشایەتی بوو- ڕاگەیاند. لە کاتێکدا ئەبو عەبدوڵڵا سەرقاڵی شەڕ بوو دژ بە مامی، قشتالەییەکان دەستیان بەسەر ڕەندەدا گرت، کە قەڵایەکی سەخت و بەهێزی خۆرئاوای غەرناتە بوو. دواتریش گەمارۆیەکی سەختیان خستە سەر مەلەگە کە بەندەرێکی سەربازیی گرینگ و سەرەکی بوو. قشتالەییەکان بەر لەوەی بچنە ناو شارەکەوە، بەڵێنی پاراستنیان دابوو بە خەڵکەکەی. بەڵام کە چوونە ناوییەوە، بەڵێنەکانیان ژێر پێ خست و کەوتنە کوشت و کوشتار. دواتر قەڵای مەزنی

بەستەیشیان لە خۆرهەڵاتی غەرناتە داگیر کرد و بەرەو دۆڵی ئاش بەڕێ کەوتن.

زەغەلی مام کە بینی ئەو کارەساتانە بەسەر وڵاتەکەدا دێن، بڕیاری دا ملکەچی و گوێڕایەڵی پیشان بدات.. بەڵام بۆ فێردیناند و ئیزابێلا نەك بۆ برازاکەی! بێگومان ئەوانیش ڕازی بوون و پارە و پووڵ و ماڵێکی زۆریان خستە بەر دەست. زەغەل غەرناتەی جێ هێشت و لە دەریاوە پەڕییەوە و لە (تلمسان)ی خۆرئاوای عەرەبی -کە ئێستا بەشێکە لە وڵاتی جەزائیر- نیشتەجێ بوو و هەر لەوێش مرد.

ئەبو عەبدوڵڵا بەڵێنی دابوو هەر کاتێك ئیسپانییەکان دەستیان بەسەر بەستە و ئاشدا گرت، غەرناتە بداتە دەستی فێردیناند و ئیزابێلاوە. ئەمانیش کە دەستیان بەسەر ئەو دوو ناوچەیەدا گرت، داوایان کرد غەرناتەیان ڕادەست بکات.

ئەبو عەبدوڵڵا گەورەپیاو و ڕیشسپیانی کۆ کردەوە، هەمووان کۆك بوون لەسەر ئەوەی نابێت غەرناتە بدرێتە دەستەوە و ڕایانگەیاند تا مردن بەرگریی لێ دەکەن. ئەبو عەبدوڵڵاش لێرەدا لە ترسی کاردانەوەی خەڵکەکە و لە ترسی لە دەست دانی موڵك و کەسوکاری، نەیتوانی بەڵێنی دانەدەستەوەی غەرناتە بە فێردیناند و ئیزابێلا بباتە سەر و نامەیەکی نەرم و نیانی بۆ نووسین کە کارەکە لە دەستی ئەو نەماوە و خەڵکی غەرناتە خۆ بەدەستەوە نادەن و سوورن لەسەر ڕووبەڕوو بوونەوە و بەرگری کردن لە شارەکەیان.

شەڕ و پێکدادان نزیـك بـووەوە و گیـانی جیهـاد و بـەرگری کردن لە ناو خەڵکی غەرناتە بەرز بووە و توانییان لە زۆربـەی زۆری ئەو شەڕە بچووکانە سەربکەون کە لە سەرەتادا ڕوویـان دا. ئـەو سـەرکەوتنە بچـووکانە هیـوای خـۆڕاگریی تێیانـدا بووژاندەوە، قشتالەییەکانیش ترسی ئەوەیان لێنیشـت گیـانی خۆڕاگری لای هەموو موسڵمانەکانی ئەندەلوس زیندوو ببێتەوە و ئەوانەی خۆیشیان دابووە دەستەوە ڕاپەڕن و ئەو خەونـەی بە دەستبەسەردا گرتنەوەی تەواوی ئەندەلوس دەیانبینی، لە غەرناتەوە شکست بهێنێـت. بۆیـە تـەواو سـوور بـوون لەسـەر شکست هێنان بەو بەرگرییەی غەرناتەییەکان دەیاننواند.

دوای چـەند مانگێـك ئامادەکـاری و هێـز کـۆ کردنـەوە، قشتالەییەکان کـە ژمـارەی جـەنگاوەرەکانیان دەگەیشـتە ٨٠ هەزار و باشترین چەکی ئەو سەردەمەیان پێ بوو، ئابڵووقـەی غەرناتەیان دا و هەرچـی گونـد و بـاخ و بێسـتان و کشـتوکاڵی دەوروبـەری شـارەکە هـەبوو لـەناویان بـرد و شـارێکیان لـە نزیکیدا بە چەندین قەڵاوە دروست کـرد تـا هێزەکانیـانی تێـدا جێگیر بکەن.

لە سایەی ئەو ئابڵووقەیەدا تاکە ڕێگەیـەك کـە بـە دەسـتی موسڵمانەکانەوە بوو و لە ڕێیەوە یارمەتییان پێدەگەیشت، لـە چیاکانی بەشەراتی باشووری شارەکەوە بوو و ڕێگەیـەکی زۆر سەخت بوو.

لـەم میانـەدا پاڵەوانـەتی و ئازایـەتیی چـەند کەسـێك دەرکەوت، یەکێك لەوانە ناوی (موسـای کـوڕی ئـەبو غەسـان)

بوو کە سەرکردەی سوار چاکەکانی غەرناتە بوو و سەرکردایەتیی ڕووبەڕوو بوونەوی قشتالەییەکانی دەکرد. ئەبو غەسان دەرسی وای دادەدان قەت لەبیریان نەچێتەوە.

خۆڕاگریی غەرناتەییەکان درێژەی کێشا تا زستان هات و ئەو تاکە ڕێگەیەی یارمەتییان لێوە پێدەگەیشت لە چیاکانەوە، بەهۆی داباریینی بەفرەوە داخرا.

ئەبولقاسم موستەکینی وەزیر لەم کاتەدا ڕایگەیاند ئازووقە و کەلوپەل بەش ناکات و ورەی جەنگاوەرەکان دابەزیوە، بەم جۆرە باسی خۆبەدەستەوەدان جارێکی تر هاتەوە گۆڕێ. پاشاش کە خۆی ویستی خۆبەدەستەوەدانی تێدا بوو، بە نهێنی کەوتە نامە گۆڕینەوە لەگەڵ پاشای قشتالە. پاشای قشتالە شانسی ئەوەی بە پاشا دا قەناعەت بە خەڵکەکەی بهێنێت خۆیان بەدەستەوە بدەن، بۆیە تا ماوەیەکی دیارکراو شەڕ و پەلامار دانی ڕاگرت، بەڵام ئابلۆوقەکەی هەر هێشتەوە و توندتریشی کرد، لە چاوەڕوانیی هەوڵەکانی ئەبو عەبدوڵڵای بچووك بۆ ڕازی کردنی خەڵکەکە تا خۆیان بەدەستەوە بدەن.

ئەنجوومەنی شار جارێکی تر بە سەرۆکایەتیی ئەبو عەبدوڵڵای بچووك کۆ بووەوە. عائیشەی دایك و موسا ئەبوغەسانی سوارچاکیش هەر چەند هەوڵیان دا، نەیانتوانی بەر بە ویستی خۆبەدەستەوەدانی ئەبو عەبدوڵڵا و وەزیرە نزیکەکانی بگرن. سەرەنجام بڕیار درا شار بدرێتە دەستەوە و دانوستانەکان بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ قشتالەییەکان دەستی پێکرد.

دانوستانەکان پەیماننامەیەکی ٦٠ خاڵییان لێکەوتەوە، کە تەواوی وردەکارییەکانیی تێدا بوو، لەوانە: پاراستنی ئاینی موسڵمانان و مزگەوتەکانیان و قورئان و ڕێ نەگرتن لە پەرستش و کۆبوونەوەکانیان و ڕێ دان بە کار کردنی دادگا تایبەتەکانیان و زەمانەت کردنی ئارامی و ئاسایشی ژیانیان و ... هتد. بەڵام دەبێ شارەکە لەژێر کۆنترۆڵی دیانەکاندا بێت.

مێژوو دەیگێڕێتەوە کە ئەوەی لەو پەیماننامەیەدا هاتبوو، تەنیا بە مەرەکەبیی سەر کاغەز مایەوە و هیچی لێ جێبەجێ نەکرا. دادگاکانی پشکنین دوای ئەو پەیماننامەیە موسڵمانانیان لەنێوان دوو شتدا سەرپشک کرد: یان کوژران یانیش ملکەچ بوون و بوون بە مەسیحی.

ئەبوغەسانی سوارچاک پێشبینیی ئەو ئەنجامەی کردبوو، بۆیە ئەو کاتەی پەیماننامەکە مۆر کرا، بەوانەی وت کە لە دەوری کۆشکی حەمرا کۆ بووبوونەوە: "خۆتان هەڵمەخەڵەتێنن و پێتان وا نەبێت ئەو دیانانە پابەندی بەڵێنەکانیان دەبن، پشت بە "مەردایەتیی" پاشاکەیان مەبەستن، مەرگ کەمترین شتە کە لێی بترسین و ئەوەی ڕوو دەدات لە مەرگ خراپترە! بۆیە بەخوا، من بە ملکەچی ڕازی نابم."

ئەبوغەسان لە کاتێکدا شار ئامادە دەکرا بدرێتە دەستەوە، ڕووی کردەماڵەوە و زرێی پۆشی و چەك و تفاقی جەنگی هەڵگرت و بە ئەسپەکەیەوە کەوتە شەقامەکانی غەرناتە و لەسەر ڕووباری شارەکەدا ڕووبەڕووی سریەیەکی

سوارەکانی قشتالە بووەوە کە لە ١٥ سوار پێک هاتبوو. داوایان لێکرد بوەستێت و خۆی بەدەستەوە بدات. ئەبوغەسان وەڵامی نەدانەوە و پەلاماری دان و بە توندی کەوتە وێزەیان و وەك باس دەکرێت، زۆربەیانی کوشتووە. بەڵام لە کۆتاییدا بە خەستی بریندار کراوە و بەو هۆیەوە لەسەر ئەسپەکەیەوە کەوتووەتە خوارەوە. سوارە قشتالەییە ماوەکان هەڵیانداوەتە ناو ڕووبارەکەوە و بەهۆی قورسیی زرێکەیەوە هەر زوو نغرۆ بووە.

ئیسپانییەکان ڕۆژی ٢ی کانوونی یەکەمی ١٤٩٢ چوونە ناو غەرناتەوە و دەسەڵاتی موسڵمانان لە تەواوی ئەندەلوس کۆتای هات، کە ٨٠٠ساڵی خایاند. خاچێکی گەورەی زیوین لەسەر بەرزترین قوللەی شارەکە بەرز کرایەوە و لەوێوە ڕاگەیەنرا غەرناتە بووە بە بەشێك لە موڵکەکانی جووتە پاشای کاسۆلیك.

ئەبو عەبدوڵڵا لەسەر کەناری ڕووباری شارەکە کلیلەکانی کۆشکی دایە دەستی فێردیناند. فێردیناندو ئیزابێلا لەسەر ئاوازی تیمێکی جووقی پاشایی چوونە ناو کۆشکی بەناوبانگی حەمرا.

ئەو پەیماننامەیەی لەو ڕۆژەدا مۆر کرا، ڕێککەوتنێکی نهێنییشی لەگەڵدا بوو لەنێوان ئەبو عەبدوڵڵای بچووك و پاشا دیانەکان. بەپێی ئەو ڕێککەوتنە خەڵاتی تایبەت بۆ ئەبو عەبدوڵڵا و کەسوکارەکەی و وەزیرەکانی تەرخان کرابوو، کە بریتی بوو لە زەوی و زار و کێڵگە و پارەیەکی زۆر و مافێکی

دارایی فراوان بەرانبەر بەو هەوڵەی بۆ ڕازی کردنی گەلەکەیان بە خۆبەدەستەوەدان دابوویان.

ئەبو عەبدوڵڵا هەموو ئەوەی بەڵێنی پێ درا بوو پێی درا و لە ناوچەی ئەندرەش جێگیر بوو و ژیانێکی خۆشگوزەرانانەی بەڕێ کرد، بەڵام لەژێر چاودێرییەکی توندی قشتالەییەکاندا. ئەوان دواتر ئەبو عەبدوڵڵایان ناچار کرد موڵك وماڵەکەی هەرزان فرۆش بکات و بەرەو ناوچەی فاسی خۆرئاوای عەرەبی کۆچ بکات. ئەبو عەبدوڵڵا لە فاس کۆمەڵێك کۆشکی لەسەر شێوازی ئەندەلوسی دروست کرد و ژیانی تێدا بەسەر برد.

بەڵام دواتر نەوەکانی ئەبو عەبدوڵڵا لە فاس مایەپووچ بوونە و بە سواڵکەری و سەدەقە وەرگرتن ژیانیان درێژە پێ داوە و پارەیان لە ئەوقافی هەژاران وەرگرتووە.

هۆکارەکانی کەوتنی غەرناتە

مێژوونووس و بیریاران باسیان لە کۆمەڵێك هۆکار کردووە کە بوونەتە مایەی کەوتنی غەرناتە، گرینگترینی ئەو هۆکارانە ئەمانەن:

١. بە کەم زانینی گوناه و تاوان و سەرپێچییەکان و لادان لە شەرعی خودای گەورە.

٢. ژیانی خۆشگوزەرانی و ڕووکردنە دنیا و هەوەس.

٣. خامۆش بوونی گیانی جیهاد و خەباتکاری، کە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکان.

بەڵام هۆکاری دیار و بەرچاو و ئاشکرا بۆ هەمووان، ئەمانە بوون:

١. دووبەرەکی و ململانێ لەسەر پۆست و پایە.

٢. دۆستایەتی و کار کردن بۆ دوژمنان و یارمەتی وەرگرتن لێیان دژ بە موسڵمانان و برایانی ئاینی.

٣. بوونی دەسەڵات بە دەست کەسانێکەوە کە شایان نەبوون و پشتاوپشت پێکردنی لەنێوان خۆیان و لەکارخستنی ڕاوێژ.

٤. کەمتەرخەمیی زانایان بەرانبەر بەو ئەرکە مەزنەی لەسەر شانیان بووە.

لە کۆتاییدا

ئەم وتەیەی ئەبو عەبدوڵلای بچووک دوای پەشیمان بوونەوەی لە کارەکانی بڵاو بکەنەوە:

"خودایە! بێتاوان نیم کە بیانوو بهێنمەوە و بەهێزیش نیم تۆڵە بسەنمەوە. بەڵام کەسێکم دەستم بەرداوە و داوایِ لێخۆشبوونت لێدەکەم.. وَمَا أُبَرِّئُ نَفْسِي إِنَّ النَّفْسَ لَأَمَّارَةٌ بِالسُّوءِ".



عەلی عیزەت بێگۆڤیچ

وەفا بۆ ئایدیا

عەلی عیززەت بیگۆڤیچ
وەفا بۆ ئایدیا

هەموو کەسێك ئایدیایەکی هەیە کە باوەڕی پێیەتی، بەڵام خەڵکی لە دوو شتدا جیاوازن، یەکێکیان جۆر و ئاستی ئایدیاکانە، دووەمیشیان قووڵیی باوەڕەکەیانە. کەسانێ هەن باوەڕیان بە ئایدیایەکی ناڕاست هەیە و هەر زوو دەستبەرداری دەبن، هەیشن باوەڕیان بە ئایدیای ناڕاست هەیە بەڵام لە پێناویدا دەژین و وەلائی تەواویان بۆی هەیە، بەڵکو لە پێناویشیدا دەمرن. کەسانی تریش هەن باوەڕیان بە ئایدیایەکی ڕاست هەیە و خەڵکی بۆ بانگ دەکەن و داوای پابەند بوون بەو ئایدیایەیان لێدەکەن، بەڵام هەر لەگەڵ یەکەمین تاقیکردنەوەدا دەستبەرداری دەبن، کە نموونەی زۆری ئەوانەمان لە میانەی ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا بینی. جۆرێکی تریش ئەوانەن کە باوەڕیان بە ئایدیایەکی ڕاست هەیە و خەڵکی بۆ بانگ دەکەن و کار بۆ بڵاو کردنەوە و بەکارخستنی دەکەن و لە پێناویدا بەرگەی ئازار و ناڕەحەتی

دەگرن و قوربانیی لە پێناودا دەدەن، لێرەدا وەفا و خۆشەویستی بۆ ئایدیا دەردەکەوێت.

وەفا بۆ ئایدیا بابەتی ئەم بەشەیە و پاڵەوانی چیرۆکەکەی خوداڵێخۆشبوو (عەلی عیززەت بیگۆڤیچ)ی سەرکردەی بۆسنییە.

***

عەلی عیززەت بیگۆڤیچ کەسایەتییەکی ئیسلامیی گەورەیە کە مافی خۆی لە پێناساندن وەر نەگرتووە. ئەو پیاوە خۆشەویستییەکی بۆ ئایدیاکەی -کە ئیسلامی مەزنە هەبوو، بە جۆرێك کە بە تەنها بەرانبەر بەو شاڵاوە وەستایەوە کە ناسنامەی ئیسلامیی ڕەسەنی کردبووە ئامانج. ئەم کەسایەتییە ماناکانی وەفای بەرانبەر بە ئایدیا تێدا بەرجەستە بوو.

عەلی عیززەت بێگۆڤیچ ساڵی ١٩٢٥ لە بنەماڵەیەکی موسڵمانی دێرین لە بۆسنە لەدایك بووە. ئیسلام لەسەر دەستی عوسمانییەکان و دوای شەڕی بەناوبانگی کۆسۆڤۆ لە ساڵی ١٣٨٩ گەیشتە ناوچەی بەلقان. دوای ئەوەی عوسمانییەکان بەسەر سرپەکاندا سەرکەوتن و ئیسلام بڵاو بووەوە، خەڵکە موسڵمانەکەی بۆسنە بە (بۆشناقەکان) ناسران. ئەمانە بۆ ماوەی ٤٠٠ ساڵ سەر بە عوسمانییەکان مانەوە. دوای ئەوەی دەسەڵاتی عوسمانی نەما و دەوڵەتەکەیان ڕووخا و ناوچە جیاجیاکان کە لە بەر دەستیاندا بوو کەوتنە دەستی دیانەکان و کۆمۆنیستەکان، موسڵمانانی بۆسنە دووچاری چەوساندنەوەی ئاینی و ڕەگەزی بوونەوە و

له كاتی جیاوازدا چەندین قەسابخانە و كۆمەڵكوژییان لە دژ ئەنجام درا بۆ سڕینەوەی ناسنامە ئیسلامییەكەیان، ئەمەش بووە مایەی كۆچ كردنی ژمارەیەكی زۆری دانیشتوان بەرەو توركیا.

سەرباری هەموو ئازار و چەوساندنەوەكان و دژایەتی كردنی هەموو شتێك كە بچێتەوە سەر ناسنامەی ئیسلامی و ژیان بەسەر بردن لە كەشێكی ئەوروپیی ناكۆك بە هەموو بنەمایەكی ئیسلامی، بنەماڵەی بیگۆڤیچ ئینتیمای بۆ بۆسنەی نیشتمان پاراست و وڵاتەكەیان جێ نەهێشت و دەستبەرداری ئاینەكەیشیان نەبوون.

بنچینەی بنەماڵەی بیگۆڤیچ بۆ كاتی بوونی توركە عوسمانییەكان لە ناوچەی بەڵقان دەگەڕێتەوە و ناوەكەیشیان لە وشەی (بێگ – *Beg*)ی توركییەوە هاتووە، كە لە كوردیدا (بەگ) لە بەرانبەریدا بەكاردێت. بێگۆڤیچیش بە مانای كوڕە بەگ دێت.

عەلی عیززەت بێگۆڤیچ خوێندنی لە قوتابخانەكانی (سەراییڤۆ)ی پایتەخت دەست پێ كرد و درێژەی پێ دا، تا ماستەر و دواتریش دكتۆرای لە یاسا بەدەست هێنا. دواتریش بڕوانامەی باڵای لە ئابووریشدا بەدەست هێنا. توانای خوێندنەوەو نووسین و قسە كردنی بە زمانەكانی ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئینگلیزی هەبوو سەرباری زمانی بۆسنی، هەروەك شارەزاییەكی باشیشی لە زمانی عەرەبیدا هەبوو و دەیتوانی قسەی پێبكات.

ماوەی ٢٥ ساڵ وەك ڕاوێژكاری یاسایی كاری كردووە و دواتر دەستبەرداری ئەو كارە بووە و خۆی بۆ توێژینەوە و نووسین تەرخان كردووە.

بێگۆڤیچ و بنەماڵەكەی سوور بوون لەسەر ئەوەی فێری زمانی عەرەبی ببن، ئەگەر چی زمانێكی فەرامۆشكراو بوو و دوژمنایەتیی دەكرا و زمانی شارستانێتییە سەركەوتووەكانیش نەبوو. ئەمە بەڵگەیە لەسەر وەلائی بۆ ناسنامە ئیسلامییەكەی. ئەو زمانی عەرەبیی بە ئامرازێك بۆ پەیوەندی بە قورئانی پیرۆز دەزانی، كە سەرچاوەی سەرەكیی ئاینی ئیسلامە. بە شارەزا بوون لە زمانی عەرەبی توانیی ئاگاداری ئەزموونی تەوژمە ئیسلامییەكان بێت.

عەلی عیززەت بێگۆڤیچی تازەلاو كەسایەتییەكی جیاوازی هەبوو. وەك كەسێكی كۆششكار و جددی ناسرابوو و بایەخی بە كاروباری موسڵمانان دەدا، بەتایبەت لە ناوچەی بەڵقان كە كۆمۆنیستەكان دوای پاشا دەستیان بەسەر حوكم تێیدا گرت. هەر دوو حوكمەكە زۆر توند بوون بەرانبەر ئیسلام. پاشا وەك ئاینێكی جیاواز لە ئاینەكەی خۆی و كۆمۆنیستەكانیش هەر بەوەی ئاینە، دوژمنایەتییان دەكرد. بەڵام سەرباری ئەوەش لە ساڵی ١٩٤٠دا و كاتێك تەمەنی تەنیا ١٥ ساڵ بوو، كۆمەڵەیەكی بە ناوی (كۆمەڵەی لاوانی موسڵمان) دامەزراند. كەسانێكی زۆر ڕوویان لە كۆمەڵەكە كرد و چەندین كاری خێرخوازی و ڕۆشنبیرییان ئەنجام دا. دواتریش (كۆمەڵەی كچانی موسڵمان)ی دامەزراند. ئامانجیشی لە دروست كردنی

ئەم کۆمەڵانە، دروست کردنی کەسایەتیی موسڵمانی دروست بوو.

عەلی عیززەت بێگۆڤیچ دەستی بە خوێندنەوە کرد بۆ ئاگادار بوون لە ئەزموونی تەوژمە ئیسلامییەکان، لەوانە ئەزموونی ئیخوان موسلیمین لە میسر و جەماعەتی ئیسلامیی هیندستان و پاکستان و بزووتنەوەی ئیسلامیی ئەندەنووسیا و... هتد. هەندێك کتێبی ئەبولئەعلای مەودوودی و ئەبولحەسەنی نەدەویی خوێندەوە و کاریان تێ کرد. ئەمانە هەمووی لە کاتێکدا بوو کە هێشتا قوتابیی زانکۆی سەراییڤۆ بوو و یاسای دەخوێند. ئەو لەو کاتەدا لە ناو قوتابییە بۆشناقەکانی زانکۆ لە بزاڤدا بوو بۆ ئەوەی ناسنامە ئیسلامییەکەیان بپارێزن.

ساڵی ١٩٤١ سوپای نازیی ئەڵمانیا، کە هیتلەر سەرۆکایەتیی دەکرد، پەلاماری یوگسلاڤیای دا و داگیری کرد. لێرەدا کۆمەڵێك لە خەڵکی بۆسنە کە کاریگەریی بیری نازییان لەسەر بوو، کەوتنە خۆ بۆ دامەزراندنی پارتی (ئشتاشا)ی نازی. عەلی عیززەت بێگۆڤیچ نەچووە پاڵ ئەو پارتە و ڕەوشی نوێی ژێر داگیرکاریی ئەڵمانیای نەقۆستەوە، بەتایبەت کە شەپۆلی نازیزم زۆربەی زۆری بەشەکانی ئەورووپای گرتبووەوە. بەڵکو کەوتە بەرەی دوژمنایەتی کردنی ئەو ڕەوتە و ڕووبەڕوویان بووەوە. ئەوانیش مۆڵەتی کار کردنی کۆمەڵەکەیان کێشایەوە و ڕێی هەموو کارێکی ئازادیان لێ گرت. فشاری نازییەکان لەسەر بێگۆڤیچ بەردەوام بوو تا ئەو

کاتەی یوگسلاڤیا لە داگیرکاریی نازییەکان ڕزگاری بوو و هێزەکانی ئەڵمانیا وڵاتەکەیان جێ هێشت.

دوای نەمانی نازییەکان لە یوگسلاڤیا، سیستمی حوکمڕانیی کۆمۆنیستی لەو وڵاتە بەرقەرار بوو و کۆمۆنیستی بوو بە ئاین و ئاینزا و وڵاتەکە بە کردار بوو بە پاشکۆیەکی یەکێتیی سۆڤیەت. کۆمۆنیستەکان زۆر لە نازییەکان توندتر بوون بەرانبەر بە موسڵمانانان، مزگەوت و مەدرەسە ئاینییەکانیان داخست و کردنیان بە دیسکۆ و سەماخانە و باڕ و مۆزەخانە، هەڵگرتنی قورئانیان قەدەغەکرد و سزای زانا موسڵمانەکان و پابەندان بە ئاینیان دا بە کوشتن و ئەشکەنجەدان و دەرکردن و... هتد.

عەلی عیززەت بێگۆڤیچی لاو، وەك چۆن ڕووبەڕووی نازییەکان بووبووەوە، ئاواش ڕووبەڕووی کۆمۆنیستەکان بووەوە. بۆیە چەندین جار دەستگیریان کرد، بەتایبەت کە ڕێکخراوێکی هەبوو و دەیویست زیندووی بکاتەوە و ڕۆژنامەیەکی نهێنییشی بە ناوی (المجاهد) دەردەکرد. بێگۆڤیچ لە بەندیخانەدا کتێبێکی بە ناوی (هەڵهاتنم بەرەو ئازادی) نووسی.

ململانێی عەلی عیززەت بێگۆڤیچ لەگەڵ ڕژێمی کۆمۆنیستی بەردەوام بوو، تا ئەوەی لە ساڵی ١٩٤٩دا حوکمی پێنج ساڵ زیندانی کردنی لەگەڵ کاری قورسدا بەسەردا سەپێنرا، تۆمەتەکەش دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی لاوانی موسڵمان بوو. ئەو کۆمەڵەیە چالاکیی سیاسیی نەبوو و تەنیا لە بواری فێرکردنی زانستە شەرعییەکان و خێرخوازیدا کاری

دەکرد. بەڵام بۆ کۆمۆنیستەکان و ستەمکاران ئەمە تۆمەتێکە کە پێویستە سزای لەسەر بدرێت.

دوای ئەوەی لە زیندان بەر بوو، دەستی دایەوە کاری پارێزەرایەتی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام بوو لە بواری هزری ئیسلامیدا لە ڕێگەی نووسینی بەردەوام لە گۆڤارێکدا کە ناوی (تەکفین) بوو و کۆمەڵەی زانایانی موسڵمان لە یوگسلاڤیا دەری دەکرد. کۆمەڵێك وتاریشی لە ساڵی ١٩٨١دا لە چوارچێوەی کتێبێکدا بە ناوی (بەیاننامەی ئیسلامی) چاپ کرد. کتێبەکە شرۆڤەیەکی ئیسلام و بنەماکانی سیستمی ئیسلامییە و تێیدا داوا دەکات موسڵمانان بگەڕێنەوە بۆ بنەماکانی ئاینەکەیان، هەروەها داوا دەکات لە توندوتیژی دوور بکەونەوە و مافی کەمە نەتەوەکان دابین بکرێت و ڕەوشی ئافرەت باش بکرێت. دەسەڵاتدارانی ئەوسای یوگسلاڤیا کتێبەکەیان بە مەترسییەکی گەورە بۆ سەر کۆمۆنیزم -کە باوەڕو ڕێبازی حوکمیان بوو- دانا، هەر چەندە باسی لەو ئایدیایە نەکردبوو، بەڵام هەر ناوەکەی دژ بوو لەگەڵ ئەو کتێبە بەناوبانگەی کارڵ مارکس و فریدریك ئەنگڵزی دامەزرێنەرانی بیری کۆمۆنیزم دایان نابوو بە ناوی (بەیاننامەی کۆمۆنیزم)". بۆیە بڵاو بوونەوەی هەڵایەکی گەورەی لە یوگسلاڤیا و تەواوی جیهاندا بەدوادا هات و دەسەڵاتدارانی یوگسلاڤیا دەستگیریان کرد و دوای دادگایی کردنێکی شانۆییانە، لە ساڵی ١٩٨٣دا حوکمی لە سێدارە دانی بۆ دەرکرا، بەڵام دواتر بۆ بەند کردن بۆ ماوەی ١٤ ساڵ سووك کرا.

له بەندیخانەدا کتێبی (ئیسلام لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا)ی نووسی، کە کتێبێکی گەورەیە و وەك ئینسایکلۆپیدیایەکی زانستی وایە و گەوهەری کتێبەکانیەتی کە سەرانسەری جیهانی خۆرئاوای پێ هەژاند و لە ڕێیەوە ڕووی لە سەرکردەکانی بیری ئەو جیهانە کرد. ئەو هەموو تواناکانی خۆی وەك زانا و فەیلەسووف و ئەدیب و هونەرمەند لەو کتێبەدا خەرج کرد. بەهۆی ئەو کتێبەوە ناوی بێگۆڤیچ وەك خەباتکارێك دژ بە کۆمۆنیزم و داواکارێکی سەرسەختی مافەکانی مرۆڤ و ڕەمزێکی وەفا بۆ ئایدیای ئیسلامی دەنگی دایەوە.

دوای ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت و لاواز بوونی کۆمۆنیزم، حکومەتی یوگسلاڤیا لە ساڵی ۱۹۹۰دا دەستبەرداری جێبەجێ کردنی تەواوەتیی کۆمۆنیزم بوو و ڕێی بە پلوڕالیزمی سیاسی دا. هەر لەو ساڵەدا بێگۆڤیچ ئازاد کرا و هەر لەگەڵ ئازاد بوونیدا پارتێکی سیاسیی بە ناوی (پارتی کاری دیموکراتی) دامەزراند و بەشداریی لە هەڵبژاردنەکاندا کرد. ئەنجامی چاوەڕواننەکراوی هەڵبژاردنەکان ئەوە بوو کە ئەو پارتە زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا و دەسەڵاتداران بەهۆی نەمانی هەژموونی سۆڤیەت و لە ترسی کاردانەوەی نێودەوڵەتی، ناچار بوون مل بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکە بدەن و بێگۆڤیچ بوو بە سەرۆك کۆماری (بۆسنە) کە یەکێك بوو لەو شەش کۆمارەی یەکێتیی یوگسلاڤیایان پێك دەهێنا. دواتر لەو ڕیفراندۆمەی بۆ سەربەخۆ بوون و جیابوونەوە لە یوگسلاڤیا ئەنجام درا، زۆرینەی خەڵکی بۆسنە بە ڕێژەی ٦٣٪ دەنگیان

به بەلێ دا و ئاراستەکان بۆ ئەوە بوون کۆمارێکی ئیسلامی لە ناوجەرگەی ئەوروپا کە خەڵکەکەی خەڵکی ڕەسەنی ئەوروپان، دابمەزرێت. سرپەکان کە خۆرئاوا پشتگیرییان دەکردن، بەم ئەنجامە ڕازی نەبوون و جەنگێکی جینۆسایدیی گشتگیریان دژ بە موسڵمانەکان دەست پێکرد. کرواتەکانیش لەو شەڕەدا بوون بە پشتیوانی سرپەکان. نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەر چەندە دانی بە کۆماری بۆسنەدا نابوو، بەڵام بێدەنگ بوو تا سرپ و کرواتەکان قەسابخانەی گەورەیان دژ بە موسڵمانەکان بەرپا کرد، بە جۆرێک تا ئێستاش گۆڕە بەکۆمەڵەکانیان دەدۆزرێنەوە و هەڵدەدرێنەوە. لەو هەڵمەتانەدا نزیکەی سەد هەزار ئافرەتی موسڵمان دووچاری دەستدرێژی هاتنەوە.

عەلی عیززەت بێگۆڤیچ کە دیدێکی فراوان و ئاسۆیەکی بیرکردنەوەی دووری هەبوو، لێزانی و دانایی خۆی خستە کار تا ڕێ لە زیان و کوشتنی زۆرتر و وێرانکاریی پتر بگرێت، خۆرئاواش تەنیا کاتێك جووڵا کە خۆڕاگریی گەلی موسڵمانی بۆسنەی بینی. سەرباری هێز و باشیی جۆری چەکی دوژمنەکانیان، تای تەرازووی شەڕ وردە وردە بەلای موسڵمانەکاندا دەشکا، بەڵام دوای ئەوەی قوربانییەکی زۆریان دا، بە جۆرێك ژمارەی شەهیدەکانیان بە ٣٥٠ هەزار کەس دەخەمڵێنرێت.

بێگۆڤیچ لە ساڵی ١٩٩١ دا پێشنیازێکی خستە بەردەم لوتکەی سەرکردەکانی کۆمارەکانی یوگسلاڤیا کە بریتی بوو لە بەرپاکردنی سیستمێکی فیدراڵیی هەماهەنگ، بە جۆرێك

هەر لایەنە دەسەڵاتێکی دیاریکراوی هەبێت و دواتر لەسەر بەرگری و کاروباری دەرەوە ڕێك بکەون. ئەم پێشنیازە، کە پشتیوانیی ئەورووپای بەدەست هێنا، بۆی هەبوو ڕێ لە شەڕی ناوخۆ و تەواوی ئەو مەرگەسات و وێرانکارییە بگرێت کە کۆمارەکانی یوگسلاڤیای گرتەوە. بەڵام سەرکردەی سرب و کرواتەکان و ئەوانەی تریش ڕەتیان کردەوە.

لەژێر فشاری نێودەوڵەتی و هێرشی ئاسمانیی ئەمریکا، سربەکان وەستان و ڕازی بوون بکەونە گفتوگۆ. ئەنجامیش ئەوە بوو ئەنجوومەنێکی سەرۆکایەتیی سێ کەسی بۆ بەڕێوەبردنی بۆسنە پێك بێت، کە یەکێکیان موسڵمان و یەکێکی تریان سرب و ئەوەی تریش کروات بێت و بە شێوەیەکی دەوری سەرۆکایەتیی ئەنجوومەنەکە بکەن. بیگۆڤیچ لەساڵانی ١٩٩٦ تا ٢٠٠٠ ئەندامی ئەو ئەنجوومەنەی سەرۆکایەتی بوو.

دکتۆر عەلی عیززەت بیگۆڤیچ سەرۆکێکی ئاسایی نەبوو وەك سەرۆك و کاربەدەستانی تری وڵاتانی موسڵمان، بەڵکو لە تەواوی سەرکردەی وڵاتانی تریش جیاواز بوو. ئەو سیاسییەکی شارەزا و خەباتکارێکی سەرسەخت و بیرمەندێکی پلە یەك بوو. دەیتوانی کاتێك گەیشتە ئەو پۆستە هەندێك لە بەروبومەکانی خەبات و ماندووبوونی خۆی بچنێتەوە و ژیانێکی ئارام بۆ خۆی فەراهەم بکات و ئەوەندەی ژیانی ماوە بە خۆشگوزەرانیی بباتە سەر، بەتایبەت کە گەیشتبووە دەیەی حەوتەمی تەمەنی، بەڵام ئەو کە بیرمەندێکی ڕەسەن و قاڵبوو بوو، ڕەتی کردەوە تەنیا خەریکی تونێکڵکاری بێت. ئەو

ڕۆشنبیرێکی بێهاوتا بوو، خۆی گرتەوە و جۆرەها ڕۆشنبیریی هاوچەرخی وەرگرت، شارەزاییی باشی لە زانستە شەرعییەکان وەرگرتبوو و شارەزای فکری نوێی ئیسلامی بوو.

بێگۆڤیچ لە ١٩ی ئۆکتۆبەر/ تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣دا کۆچی دوایی کرد. بەهۆی ناڕازی بوونی ئەندامە سڕبەکەی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بۆسنە، موسڵمانەکانی وڵاتەکە نەیانتوانی پرسەی فەرمیی بۆ ڕابگەیەنن، چونکە سڕبەکان سەرۆک عەلی عیززەت بێگۆڤیچیان بە دوژمنی سەرسەخت و پلەیەکی خۆیان دادەنا.

عەلی عیززەت بێگۆڤیچ چەندین خەڵاتی بەدەست هێناوە، لەوانە: خەڵاتی نێودەوڵەتیی شا فەیسەڵ بۆ خزمەتی ئیسلام و خەڵاتی بیریاری گشتیی ئیسلام و خەڵاتی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی لە تورکیاو خەڵاتی بەرگری لە دیموکراسیی نێودەوڵەتی لە ناوەندی بەرگری لە دیموکراسی و ئازادییەکانی ئەمریکا و... هتد. دەیان کەسیش لەسەریان نووسیوە.

وتەیەکی لەبیرنەکراو

لە چاوپێکەوتنێکدا بێژەرێك داوای لە عەلی عیززەت بێگۆڤیچ کرد چیرۆکی ژیانی بگێڕێتەوە، ئەو وتی: "واز لەوە بێنە، ئێمە لەبەردەم میللەتێکین دوا کەوتووە و پێویستی بەوە هەیە کار بۆ هەڵسانەوەی بکەین."

***

وەفا بۆ ئایدیا لە زۆریک لە کونجەکانی مێژوو کلیلی سەرکەوتن بووە. لە چیرۆکی پیاوانی خەرەند (أصحاب الأخدود)دا وەفا بۆ ئایدیا بەئاشکرا دیارە، هەرچەندە هەلگرانی دووچاری قڕکردن بوونەوە.

قورئانی پیرۆز بە زاراوەیەکی تایبەت ئاماژە بۆ خۆشەویستیی ئایدیا دەکات کە بریتییە لە ﴿وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلاً﴾، ئەمەش لە ئایەتی ٢٣ی سوورەتی ئەحزابدا، کاتێک خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿مِنْ الْمُؤْمِنِينَ رِجَالٌ صَدَقُوا مَا عَاهَدُوا اللَّهَ عَلَيْهِ فَمِنْهُمْ مَنْ قَضَى نَحْبَهُ وَمِنْهُمْ مَنْ يَنْتَظِرُ وَمَا بَدَّلُوا تَبْدِيلاً﴾، واتە "لەناو موسڵماناندا پیاوانێك هەن ڕاستیان کردووە لەو گفتەدا کە بە خودا و بە پێغەمبەری خودایان داوە. جا هیی وایان هەیە بەو عەهد و پەیمانەوە مردوون (وەك ئەو هاوڕێیانەی پێغەمبەر کە لە ئوحوددا شەهید کران) و هیی واشیان هەیە ماون و چاوەڕێی ئەو ڕۆژەن لە ڕێی خودادا شەهید دەکرێن و، عەهد و پەیمانی خۆیان نەگۆڕیوە بە گۆڕین" (لە خولاسەی تەفسیری نامییەوە-وەرگێڕ).

کاتێك سوپای تەتەرەکان پەلاماری جیهانی ئیسلامییان دا، موسڵمانەکان لە ڕووی ماددی و سیاسییەوە تەواو لاواز بوون، بەڵام ئەو ئایدیایەی باوەڕیان پێی هەبوو، کە ئایدیای ئیسلام بوو، زۆر بەهێز بوو، بۆیە توانییان بەسەریاندا سەر بکەون و بە دروشمی (وا اسلاماه) لە شەڕی عەین جالووت بەسەریاندا سەر بکەون.

ئەوانەی هەر ڕۆژە و لەسەر پەتێك یاری دەکەن و خۆشەویستییەکیان بۆ ئایدیا و پرەنسیپەکانیان نییە و هەر

ڕۆژەی لەبەر بایەکدا شەن دەکەن، ئەوانە ژیان و مردنیان لە پەراوێزی مێژوودا دەبێت. ئەوەی مێژوو بخوێنێتەوە دەزانێت مانەوە لەسەر ئایدیا ڕەوتی مێژوو دەگۆڕێت و شارستانێتی دروست دەکات.

لە کۆتاییدا:

کاتێك عەلی عیززەت بێگۆڤیچی سەرۆکی بۆسنە درەنگ گەیشتە مزگەوت بۆ ئەنجام دانی نوێژی هەینی، خەڵکی ڕێگەیان بۆ کردەوە تا بگاتە ڕیزی پێشەوە، سەیرێکی خەڵکەکەی کرد و وتی:

"ئاوا تاغووتەکان دروست دەکەن"!



تۆماس ئەدیسۆن

داهێنان و کۆشش

ئەدیسۆن
داهێنان و کۆشش

داهێنان ئەوەیە شتێکی نوێ و سوودبەخش بهێنرێتە ئاراوە.. داهێنەرانیش هەموو کاتێك و لە هەموو شوێنێکدا هەن، بەڵام کەمیان بیرەکانیان بەرجەستە دەکەن و کەمتریان داهێنانەکانیان کاریگەرن و بەدەگمەنیش داهێنانی تاکیان هێناوەتە کایەوە کە کاریگەریی بەسەر ڕەوتی مرۆڤایەتییەوە هەبووبێت.. یەکێك لەو داهێنەرانە (تۆماس ئەدیسۆن)ە، لە ڕێی ئاگادار بوون لە ژیانی ئەوەوە، شارەزای ئاکاری داهێنەران و هۆکارەکانی سەرکەوتنیان دەبین.

***

ئەدیسۆن لە ١١ی شوباتی ١٨٤٧ی زاینی لە ویلایەتی (ئۆهایۆ) لە ئەمریکا لەدایك بووە.

ئەدیسۆن پیتۆڵی بەوە پێناسە دەکات کە ١٪ی بریتییە لە سرووش و ٩٩٪یشی کۆشش! هەر خۆیشی نموونەیەکی بەرجەستەی ئەو تیۆرەی بوو.

ئەدیسۆن بە منداڵی ڕەوشتی سەیری هەبوو، وشەی (بۆچی) لە بەیانییەوە تا ئێوارە بەردەوام لەسەر زمانی بوو و گرینگییەکی بەرچاوی بە هەر شتێك دەدا کە بکەوتایەتە بەر دەستی.

دەوترێت تۆماس ئەو کاتەی منداڵ بووە تاقیکردنەوەیەکی بەسەر مایکڵی هاوڕێیدا ئەنجام داوە کە هەرگیز داواکانی ڕەت نەکردووەتەوە. ئەو دەیویست ڕێگایەك بۆ فڕین بدۆزێتەوەو بەردەوام لە خۆی دەپرسی: بۆچی ئەو باڵندەیە دەفڕێت بەڵام من نافڕم، بێگومان دەبێت ڕێگایەك بۆ فڕین هەبێت.

ئەدیسۆن مایکڵی هاوڕێی هێنا و جۆرە گازێکی پێ دا کە کێشەکەی لە هەوا کەمتر بوو و خۆی ئامادەی کردبوو تا بتوانێت وەك میزڵدان بەرز ببێتەوە. ئەدیسۆنی بچووك هەناوی مایکڵی پڕ کرد لەو گازەو ئەمیش بەهۆیەوە دووچاری ئازارێکی زۆر بووەوە، لەم کاتەدا باوکی گەیشتە سەریان و لێدانێکی خراپ لێی دا.

ئەدیسۆن هەر لە بچووکییەوە نیشانەکانی زیرەکیی پێوە دیار بوو و خەسڵەتەکانی کەسایەتییەکی داهێنەری بەرجەستە دەکرد، ئەو خەیاڵێکی فراوانی هەبوو و خۆشەویستییەکی هەبوو بۆ دۆزینەوە و ئەزموون کردنی بیری نوێ.

ئەدیسۆن دەڵێت: ئەوەی کە فێری کردم دایکم بوو، چونکە متمانەی پێم هەبوو، هەستێکی پێ دام کە من گرینگترین کەسم لە بووندا، بۆیە بوونی من پێویست بوو بۆ ئەو و پەیمانم بە خۆم دا نامرادی نەکەم.

دایکی لە ماڵەوە وانەی پێ دەوتەوە، خوێندنەوەی کتێبە زانستییەکانی (پارکەر) یارمەتیدەرێکی باشی بوون لە فێربووندا.

لێرەدا ئەو ڕۆڵە باشەی دایک دەردەکەوێت کە لە پەروەردەی منداڵدا دەیبینێت، تێبینیش بکە ئەدیسۆن چەند بە وردی قەبارەی ئەو یارمەتییەی دەستنیشان کردووە کە دایکی پێی داوە و بەهۆیەوە متمانەی بەخۆی زیاتر کردووە و سوور بوونی لەسەر سەرکەوتن دووپات کردووەتەوە.

ئەدیسۆن بۆ ئەوەی داهاتێکی بێتە دەست، ناچار بووە سەوزە و شیرینی و ڕۆژنامە بفرۆشێت، لە کاتێکدا تەمەنی تەنیا هەشت ساڵان بووە و بۆی دەرکەوتووە کە سوور بوون و هەوڵدان بنەمای سەرکەوتنن.

ساڵی ١٨٦٦ کاتێك تەمەنی ١٩ ساڵ بوو، ئەدیسۆن چەند پیشەیەکی گۆڕی تا ئەوەی بوو بە کارمەند لە نووسینگەی ئاژانسی هەواڵیی (ئەسۆشیەیتد پرێس). داوای دەکرد دەوامی شەوان بکات تا کاتی هەبێت کار لەسەر هیواکانی بکات کە بریتی بوون لە خوێندنەوە و تاقیکاری، ئەم دوو کارەش لە بنەماکانی داهێنانکارین. وەك ئەمڕۆش دەرکەوتووە کرانەوە بەرەو تاقیکاری خەسڵەتی سەرەکیی داهێنەران، ڕۆشنبیریی فراوان و گشتییش یارمەتیدەرە بۆ داهێنان لە بواری پسپۆڕیدا.

ئەدیسۆن بەوە ناسرابوو کە حەزی لە کار کردنە و لە کاتی کار کردندا هەستی بە ئاسوودەیی دەکرد. زۆر جار کاتێکی درێژی لە ناو تاقیگەکەی بەسەر دەبرد و بەو هۆیەوە هاوسەرەکەی نیگەران و بێزار دەبوو.

ڕۆژێـك ئەدیســۆن لــە نــاو تاقیگەکەیـدا مایــەوە و هــەر دەرنەچـوو، کاتێـك کـە دەر چـوو هاوسـەرەکەی بـە تـووڕە بوونەوە وتی:

- پێویستە مۆڵەتێك وەر بگری بۆ پشوودان.
- ئەگەر مۆڵەتم وەرگرت، بۆ کوێ بچم؟
- بچۆ بۆ ئەو شوێنەی حەزت لێیەتی و بە ئاواتی بۆی.
- باشە ئێستا دەڕۆم.

یەکسەر بەرەو تاقیگەکەی گەڕایەوە!

***

پڕەنسیپێکی تر هەیە کە بریتییە لە "ئەگـەر کارێکت کـرد کـە لێـی شـارەزا بوویـت بەرهـەمت دەبێـت، بـەڵام هـەرگیز داهێنانت نابێت تا ئەو کارەی دەیکەیت خۆشت نەوێت".

ئەدیسۆن هەموو کاتێك سەرکەوتوو نەبووە، بەڵام هـەرگیز بە شکست سارد نەبووەتەوە. کاتێك ١٠,٠٠٠ تاقیکردنەوەی بۆ دروســت کردنــی پاترییــەك کــە بارگــاوی بکرێتــەوە (بــە *accumulator* دەناسـرێت) شکسـتیان هێنـا، هاوڕێیـەکی ویستی دڵی بداتەوە، ئەدیسۆن وتی: "بۆچی؟ خۆ من شکستم نەهێناوە، ١٠,٠٠٠ ڕێگەم دۆزیوەتەوە کە بەرەو ئـەو ئامانجـەم نابەن!"

بۆیە ئارامگری و سوور بوون لە خەسڵەتەکانی داهێنەرانن.

***

چاکەی ئەدیسۆن بەرانبەر جیهان تـەنیا لـە ڕێـی داهێنـانی گڵۆپی کارەباوە نەبوو، بەڵکو لەوەشدا بوو کـە بەشـداریی لـە دروست کردنی یەکێك لە وێستگە سەرەتاییەکانی کارەبای لـە

جیهاندا کرد. ئەو پێی وا بوو بۆ ئەوەی گڵۆپ لە جیهاندا بڵاو ببێتەوە پێویستە کارەبا بڵاو بکرێتەوە.

ئەدیسۆن سەلماندی کە ئەو لە زیاد لە یەکێك لە پێنج جۆرەکەی داهێناندا دەستی هەیە و تواناکانی لە بوارەکانی داهێنـــانی بەرهـــەمهێنان (الإنتـــاجي – productive) و داهێنـانی دروســت کـردن (الاختراعـي – innovative) و داهێنـانی پەرەپێـدان (التطـويري– developmental)دا دەرکەوتوون[1].

یەکەمین مافی دروست کردن (براءة اختـراع – patent)ی لـە ١ی حـوزەیرانی ١٨٦٩ لـە دروسـت کردنـی تۆمارکـەری کارەبایی دەنگ بەدەست هێنا، ئەمەش کاتێك تەمـەنی تـەنیا ٢٢ ساڵ بوو.

ئـەمڕۆ سـەلماوە داهێنـانی ڕاسـتەقینە بـەر لـە ١٠ سـاڵ کۆششی بەردەوام و ڕاهێنان بەدی نایەت. تۆمار کردنـی مـافی دروست کردن ئەمڕۆ بە بیرکردنەوەی داهێنەرانە دەناسـێنرێت و تەنیا کاتێك دەبێتە داهێنان کە جێبەجێ کرا. بۆیە یەکەمین داهێنانی تەواوی ئەدیسۆن ئامێری دەنگدانی کارەبـایی بـوو، کـە بـۆ بڕیـار دانـی خێـرا لـە ئەنجوومەنـە فەرمییـەکانی وەك ئەنجوومـەنی نوێنـەران و کـۆنگرێس بـەکار دەهێنرێـت. ئـەم داهێنانە هەر چەندە بە باشی کاری دەکرد، بـەڵام شکسـتێکی گەورەی لە بازاڕدا دووچار هاتـەوە بـەهۆی گرانیـی نرخـەوە، بۆیـە بڕیـاری دا هەوڵـەکانی لـە دروسـت کردنـی داهێنـراوی

[1] جۆرەکانی تر بریتین لە: داهێنانی دەربڕین (التعبيري - expressional) و داهێنانی دەرچوون (الانبثاق - emanation).

هەرزاندا چڕ بکاتەوە تا خەڵکی بتوانن بیکڕن و بەکاری بێنن. لەمەشەوە بە دوو چاو کاری دەکرد: چاوێکی لە شوێنی کار و چاوەکەی تری لە بازاڕ، چونکە ئەندێشە بنەمای داهێنان و واقیعبینی بنەمای سەرکەوتنی داهێنانە.

ئەو داهێنراوەی یەکەم جار ناوبانگی بۆ ئەدیسۆن دەستەبەر کرد لە ساڵی ١٨٧٧ فۆنۆگراف بوو. ئەم داهێنانە بۆ ئەو کاتە شتێکی چاوەڕوان نەکراو بوو و خەڵکی وەك ئەوەی سیحر بێت لێیان دەڕوانی.

ئەو ئامێرە یەکەمین ئامێرە کە بتوانێت دەنگ تۆمار بکات و دواتر لێی بداتەوە، وەك ئامێرێکی ناوازە لە ناوەوە و دەرەوەی ئەمریکا پێشوازیی لێکرا و لە ساڵی ١٨٨٧دا سەرۆکی وڵاتە یەکگرتووەکان بانگهێشتی کرد تا داهێنانەکەی پێ پیشان بدات.

***

تاقیگەی توێژینەوەی پیشەسازی داهێنراوێکی سەرەکیی ئەدیسۆنە. ئەدیسۆن ئەو تاقیگەیەی بەو پارەیە دامەزراند کە لە فرۆشتنی تەلەگرافەوە بەدەستی هێنابوو.

ئەدیسۆن زۆر لە کاردا بوو، بە جۆرێك لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا ٣ – ٤ جار دەخەوت کە ماوەی هەر خەوێکی لەنێوان نیو سەعات بۆ سەعاتێك بوو، لەوە زیاتر نەدەخەوت. بەردەوام وتەکەی لەسەر زار بوو: "داهێنان ١٪ی بریتییە لە سرووش و ٩٩٪یشی کۆشش".

***

ئەدیسۆن داهێنەری یەکەمین گلۆپی کارەبایی نییە، بەڵام ئەو داهێنەری یەکەمین گلۆپی درەوشاوەی کارەبایی کرداریی بازرگانییە.

ژمارەیەك داهێنەر لە دروست کردنی گڵۆپی درەوشاوەی کارەباییدا پێش ئەدیسۆن کەوتوون، بەڵام داهێنراوەکانی ئەوان تەمەن کورت بوون و تێچووی دروست کردنیان زۆر بوو و پێویستییان بە کارەبایەکی زۆر بوو، لە بواری بازرگانیدا کرداری نەبوون و فرۆشێکی وایان نەبوو.

زۆر داهێنان و دۆزینەوە هەن کە زیاد لە یەك کەس لە یەك کاتدا بەدەستیان هێناوە، بەڵام مێژوو تەنیا ناوی ئەوانەی تۆمار کردووە کە دەستپێشخەرییان کردووە لەوەی بە ناوی خۆیانەوە تۆماری بکەن.

***

دەوترێت ئەو کاتەی ئەدیسۆن هەواڵی دایە نووسینگەی تۆمارکردنی مافی خاوەنداریێتی لە واشنتۆن کە سەرقاڵی دروست کردنی گڵۆپێکە کە بە کارەبا کار دەکات، نووسینگەکە ئامۆژگاریی کرد دەستبەرداری پرۆژەکە ببێت و بەردەوام نەبێت، نامەیەکیشیان بۆی نووسی و تێیدا دەڵێن: "بەڕاستی ئەمە بیرۆکەیەکی گەمژانەیە، خەڵکی هەر ڕووناکیی خۆری بەسە".

ئەدیسۆنیش لە وەڵامدا نووسی: "ڕۆژێك دەتانبینم بۆ دانی پارەی کارەبا ڕیز دەبەستن!".

متمانە بەخۆ بوونی ئەدیسۆن، کە لەم هەڵوێستەیدا دەردەکەوێت، دەری دەخات چەندین خەسڵەتی تری کەسانی داهێنەری تێدایە:

بەرەنگاربوونەوە قبوول دەکات، ئامادەی سەرکێشییە، رووەو کارە ئاڵۆزەکان دەڕوات، ئازایی دەربڕینی تێگەیشتنەکانی هەیە، گرینگی بە هەڵسەنگاندنی خەڵکانی تر نادات، سوور بوونی تێدایە، متمانەی بەخۆی هەیە.

تاقیگەکەی ئەدیسۆن شوێنێکی پڕ لە نهێنی بوو، کەس نەیدەزانی چیی لێوە دەردەچێت.

شەوێك لە شەوان ئەدیسۆن لەگەڵ هاوڕێکانی لە شوێنێکی بەرزەوە ڕووی لە شارە تاریکەکە بوو و وتی: وا دەکەم ئەم شارە ڕووناك ببێتەوە.

ئەمەش خەسڵەتێکی تری داهێنەرانە. ئەوان تێڕوانینێکی دوور مەودایان هەیە و باوەڕێکی قووڵیان بەو تێڕوانینە هەیە و هەست دەکەن بەشداریی گەورەیان هەیە.

ساڵی ١٨٧٦ چارلز برەش (Charles F. Brush) جۆرە گڵۆپێکی داهێنابوو کە بۆ ڕووناك کردنەوەی شەقامەکانی ئەمریکا بەکار هێنران، بەڵام زۆر بەهێز کاریان دەکرد و دەنگێکی بەرزیان لێوە دەهات و ڕووناکییەکەیان زۆر بە ڕەونەق و بێزارکەر بوو، تەنیا چەند ڕۆژێکی کەم کاریان دەکرد و هەر بە زوویی دەسووتان.

داهێنانی گڵۆپی کارەبایی چیرۆکێکی کاریگەری لە ژیانی ئەدیسۆندا هەبوو. ڕۆژێك دایکی دووچاری نەخۆشییەکی سەخت هاتەوە و پێویست بوو نەشتەرگەریی بۆ ئەنجام بدرێت، بەڵام بەهۆی نەبوونی ڕووناکیی پێویست، پزیشك

نەیتوانی نەشتەرگەرییەکەی بۆ ئەنجام بدات و ناچار بوو تا بەیانی چاوەڕوان بێت. ئەمەش بووە هۆی ئەوەی ئەدیسۆن سوور بێت لەسەر ئەوەی شەو ڕووناک بکاتەوە، "پێویستییش دایکی داهێنانە".

تێبینی کردنی تەواوی دەوروبەر یەکێکی ترە لە خەسڵەتەکانی داهێنەران تا پێویستییەکانی خەڵکی بزانێت و هەوڵی پڕکردنەوەیان بدات. کەسی داهێنەر، وەك هەندێك خەڵکی وا دەزانن، شێت یان کەسێکی نامۆ نییە.

بۆیە ئەدیسۆن کەوتە تاقیکردنەوە و چەندین هەوڵی دا بۆ جێبەجێ کردنی بیرۆکەکەی و سەرقاڵی پرۆژە مەزنەکەی بوو بۆ ڕووناك کردنەوەی جیهان. تاقیگەکەی پڕ بوو لە ئامێر و کەرەستە و پەنجا کەس بە بەردەوامی کاریان تێدا دەکرد. بۆ ئەو داهێنانە ٢٩٢ هەوڵ درا و هەموویان شکستیان هێنا. هەر کاتێکیش هەوڵێك شکستی دەهێنا، ئەدیسۆن وتە بەناوبانگەکەی بۆ یارمەتیدەرەکانی دووپات دەکردەوە: "ڕێگایەکی باشتر بۆ ئەنجام دانی هەر کارێك هەیە". هەر کاتێکیش کە ماندوو دەبوو، دەچووە سەر کورسییە دارینەکانی تا چەند خولەکێك بخەوێت و دواتر بە گورجی دەکەوتەوە کار کردن.

ئەدیسۆن لەسەر کار کردن بەردەوام بوو تا ساڵی ١٨٧٩. یەکێك لە ڕۆژەکانی ئەو ساڵە شووشەیەکی هێنا کە چەند تەلێکی تێدا بوو و تاقیکردنەوەی تێدا ئەنجام دەدا، بە سوود وەرگرتن لە تاقیکردنەوە سەرنەکەوتووەکانی. ئەدیسۆن سێ تەلی کاربۆنی تاقی کردەوە، هەموویان دەشکان. کە شەو داهات تەلی چوارەمی بۆ زیاد کردن، ئینجارەیان بیری لەوە

کردەوە بەر لەوەی شووشەکە دا بخات هەواکەی ناوی خاڵی بکاتەوە، هەواکەی خاڵی کردەوە و کارەبای خستە سەر، ڕووناکیی گلۆپ ژوورەکەی داگرت و بۆ ماوەی ٤٥ سەعات بەردەوام بوو.

ئەدیسۆن بە هاوەڵەکانی ڕاگەیاند دەتوانێت کاتی کار کردنی گلۆپەکە بکاتە ١٠٠ سەعات، بۆیە بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بەبێ وەستان لە کار بەردەوام بوون و بە وریاییەوە چاودێریی شووشە گەشاوەکەیان دەکرد کە ئایا بەردەوام دەبێت و خەونەکەیان لەگەڵیدا درێژەی دەبێت؟

کار کردنی گلۆپەکە بەردەوام بوو، ئەدیسۆنی شەکەت و یاریدەدەرەکانی دەرچوونە دەرەوەی تاقیگەکە و گلۆپەکەیان لە دەرەوەی تاقیگەکە دانا بۆ تاقیکردنەوەی.

هەواڵ لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو بووەوە کە ئەدیسۆنی جادووگەر پەڕجووەکەی بەدی هێناوە، خەڵکیش بوونە دوو بەش، هەندێکیان باوەڕیان دەکرد و ئەوانی تریش ڕەتیان دەکردەوە. تا لە ئاهەنگێکدا کە لە دوایین شەوی ساڵی ١٨٧٩ بەڕێوە چوو و زیاد لە سێ هەزار کەس ئامادەی بوون، گلۆپی کارەباییی هەڵواسراو بە دارەکانەوە بە ڕووناکییەکەی پێشوازیی کردن و ئاهەنگەکە تا بەرەبەیانی یەکەم ڕۆژی ساڵی ١٨٨٠ بەردەوام بوو. ئەو کات چەندین برووسکە گەیشتنە ئەدیسۆن کە ناوەڕۆکەکەیان بریتی بوو لە: "وەرە، شارەکەمان ڕووناک بکەوە".

ئەدیسۆن بۆ ئەو مەبەستە کۆمپانیایەکی بە ناوی (کۆمپانیای ئەدیسۆن بۆ ڕووناک کردنەوەی کارەبایی لە نیویۆرک) دامەزراند کە کاری دابین کردنی ڕووناکی و گەرمی

بوو بۆ هاولاتیان. ئەدیسۆن لەو کاتەدا وتی: "دەبێت کارەبا ئەوەندە هەرزان بکەین، تەنها دەوڵەمەندەکان بتوانن مۆم دابگیرسێنن".

***

کێبڕکێی زانستی لەو کاتەدا زۆر توند بوو، لە تشرینی یەکەمی ١٨٨٣دا نووسینگەی مافی دروست کردنی ئەمریکا بڕیاری دا داهێنانەکەی ئەدیسۆن پشتی بە کارەکانی (ویلیام سوێر) بەستووە، بۆیە بە هەڵوەشاو دادەنرێت. بەڵام دادبینی شەش ساڵی خایاند و تا ٦ی تشرینی یەکەمی ١٨٨٩ بەردەوام بوو. تا لە کۆتاییدا دادوەر بڕیاری دا: "داواکەی ئەدیسۆن لە بواری پەرەپێدانی ڕووناکیی کارەبایی لە تەلی کاربۆنیی بەرگری بەرز ڕاستە و داهێنان لە ڕاستیدا بریتییە لە کەڵەکە بوونی تاقیکردنەوە و شارەزایی و کەس نەماوە لە بواری زانستی داهێناندا باوەڕی بە وتەی "دۆزیمەوە" مابێت، ئەوەندە بەسە بە ڕێژەی لەسەدا ١٥ ئەوەی پێشوو پەرە پێ بدەی تا داهێنانێکی نوێ تۆمار بکرێت".

***

تۆماس ئەدیسۆن گڵۆپی کارەباییی داهێنا و بیرۆکەی مۆلیدەی کارەبای بەردەوامی بۆ ڕووناک کردنەوە بە کارەبای پێشکەشی جیهان کرد، جیهانیش بەو داهێنانە نوێیە سەرسام بوو.

ساڵی ١٨٨٧ لەسەر خاکی ولاتە یەکگرتووەکان ١٢١ وێستگەی کارەبا بڵاو بووەوە و بە ناوی ئەم زانا بلیمەتەوە ناو نران.

سالانی یەکەمی دابەش کردنی کارەبا لە وڵاتە یەکگرتووەکان تەزووی بەردەوام (DC) بوو، تەزووەکە بە باشی لەگەڵ گلۆپە گەشاوەکان کاری دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانرا بە ئاسانی خەزن بکرێ. لەو کاتەدا کار کردن بە تەزووی گۆڕاو (AC) کە ئێستا بەکاری دەهێنین، لە ئارادا نەبوو.

***

ئامێرێکی تر کە ئەدیسۆن دایهێنا ئامێری پێوانی بەکاربردنی کارەبا بوو، کە ئامێرێك بوو بۆ زانینی بڕی کارەبای بەکارهاتوو بەکار دەهێنرا، تا هاوڵاتیان بە گوێرەی بەکارهێنانی، پارە بدەن.

ساڵی ١٨٨١ هەر دوو زانا (نیکۆلا تێسلا) و (جۆرج ڕێستینگهاوس) دەستیان بە پەرەپێدانی سیستمە نوێکەیان کرد کە پشت بە کارەبای گۆڕاو دەبەستێت.

گرینگترین خەسڵەتەکانی تەزووی گۆڕاو ئەوەیە کارایە و باشتر دەتوانرێ بۆ مەودای دوور بگوازرێتەوە.

ئەدیسۆن بەردەوام بیرۆکەی بەکاربردنی تەزووی گۆڕاوی ڕەت دەکردەوە و پێی وا بوو مەترسییە بۆ سەر مرۆڤایەتی و ئەو تەزووە نوێیە دەیانکوژێت، بۆیە خۆی و کۆمپانیاکەی و هاوبەشەکانیان دەستیان دایە هەڵمەتێکی گەورە بۆ ئاگادار کردنەوەی خەڵکی لەو مەترسییە و ئامانجیشیان ئەوە بوو پرۆژە ڕکابەرەکە هەر لە بێشکەدا بکوژن، ناشزانرێت ئاخۆ ئامانجی بازرگانی یان ئەخلاقی لە پاڵ ئەو هەڵمەتەیانەوە بوو.

ئەم ڕکابەرییە لە کاتێکدا بوو کۆمپانیای (نیاگرا) بەدوای کۆمپانیایەکدا دەگەڕا ئەو وزەی کارەبایەی کە دەکرێت لە تاڤگە بەناوبانگەکانەوە بەرهەم بێت، بگوازێتەوە و ڕکابەرییەکە لەنێوان تێسلا و ئەدیسۆن توندتر بوو بۆ ئەوەی گرینگترین گرێبەستی ژیانیان بەدەست بهێنن. لە کۆتاییدا تەزووی گۆڕاو لە پێشبڕکێکەدا سەرکەوت.

وێستینگهاوس خەونەکەی تێسلای بە دروست کردنی مۆلیدە لەسەر تاڤگەکانی نیاگرا هێنایە دی و بەرهەمی کارەباکەی بۆ شاری نیویۆرك گواستەوە. لەسەر هەمان ئەو بنەمایانەش سیستمی تۆڕەکانی کارەبای ئەمڕۆی جیهان دروست کراوە.

بەڵام سەرباری ئەوەش بیرۆکەی ئەدیسۆن بەوەی تەزووی بەردەوام زیاتر کردارییە لە چاو هی گۆڕاو، ئەگەر بەکارهێنەری ئاسایی تەزووی گۆڕاو بەکار بهێنێت، بڕێکی زۆری وزە دەچێتە ئامێرەکانی ناوماڵەوە، بۆیە پێویستە زۆربەی ئامێرەکان ئەو وزەیەی بە شێوەی گۆڕاو بۆیان دەچێت، لە ناوەوە بیکەنە وزەی بەردەوام.

ئەو ژینگەی ڕکابەرییەی تێیدا دەژیان هاندەر بوو بۆ ئەوەی داهێنان و کاری زیاتر بهێننە ئاراوە.

***

ئەدیسۆن کاتێك تەمەنی گەیشتە ٦٤ ساڵ ئیتر چالاکیی کەمتر بووەوە و وردە وردە دەستبەرداری کارەکانی ڕۆژانەی دەبوو و بە کرێکارەکانی دەسپاردن، کە بە هەزاران مەزەندە

دەکران. ئەندازیارەکانیش کاریان ئەوە بوو پەرە بە داهێنراوەکانی بدەن.
ئەدیسۆن ساڵی ١٩١٥ بانگ کرا بۆ ئەوەی ببێت بە گەورەی ڕاوێژکارە سەربازییە زانستییەکانی ئەمریکا. ئەو ئەنجوومەنە تایبەت بوو بە وەبەرهێنانی زانستییانەی وزە بۆ خزمەتی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا، ئەمەش سەرەتای پەیوەست بوونی بواری سەربازی بوو بە پەرەپێدانی زانستی و تەکنۆلۆجی.
بە دیارکراوی نازانرێت ئەدیسۆن چیی بۆ هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا داهێناوە، تەنیا ئەوە نەبێت کە پەرەی بە ئامێرێکی شوێنکەوتنی ژێردەریایی(غەواس)ەکان داوە و داهێنانەکانی تری لەو بوارەدا نەزانراون و بەنهێنی ماونەتەوە.
ئەدیسۆن هەر وا بە کەسایەتییەکی ناسراو لەسەر ئاستی ئەمریکا و جیهان مایەوە و ئەنجوومەنی پیرانی وڵاتەکە بەرزترین خەڵاتی پێ بەخشی. پێشانگایەکی نیشتیمانی بۆ داهێنراوەکانی کرایەوە، کە ژمارەی ئەوانەی مافی دروست کردنیانی هەبوو ١,٠٩٣ بوو.
پڕۆژەیەکی ئەدیسۆن کە مرد و تەواو نەبوو، ئەو هاوکارییە بوو کە لەگەڵ (هێنری فۆرد)ی پەرەپێدەری بزوێنەری ئۆتۆمبیل و (هارلی فایرستۆن)ی خاوەنی کۆمپانیای فایرستۆن بوو بۆ دروست کردنی تایە کردیان، بۆ ئەوەی جێگرەوەیەك بۆ ئەو لاستیکەی لە دروست کردنی تایەدا بەکار دەبرا و لە دەرەوەی ئەمریکاوە هاوردە دەکرا. فۆرد و فایرستۆن کە ڕێگەیەکیان بۆ ئەوە نەدۆزییەوە، بڕیاریان دا

پەنا بۆ ئەدیسۆن ببەن. ئەویش کاتێکی زۆری لە تاقیگەکەیدا بەسەر برد و سەدان ماددەی تاقی کردەوە بۆ ئەوەی باشترینیان بۆ دروست کردنی تایە دەستنیشان بکات. ئەدیسۆن ئەنجامی گرینگی لە تاقیکردنەوەکانییەوە بەدەست هێنا، کە دوای کۆچی دوایی تەواو کران.

***

لە ١١ی شوباتی ١٩٠٤دا گرووپێک لە هاوڕێ و دۆستانی ئەدیسۆن مەدالیای ئەدیسۆنیان دامەزراند. چوار ساڵ لەوە بەدوا کۆمەڵەی ئەندازیارانی کارەبای ئەمریکا ڕێککەوتنێکی لەگەڵ گرووپەکە مۆر کرد بۆ ئەوەی خەڵاتی مەدالیاکە وەک خەڵاتێکی گەورە پێشکەش بکرێت.

ساڵی ١٩٠٩ یەکەمین مەدالیا بەخشرایە (ئێلیهو تۆمسۆن) و لە ساڵی ١٩١٧دا بەخشرایە (نیکۆلا تێسلا).

مەدالیای ئەدیسۆن بە کۆنترین خەڵاتی بواری ئەندازیاری کارەبا و ئەلیکترۆن دادەنرێت.

***

تۆماس ئەدیسۆن لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٣١ بەهۆی ماکەکانی نەخۆشیی شەکرەوە لە تەمەنی ٨٤ ساڵیدا لە ماڵەکەی خۆیدا کۆچی دوایی کرد، دوای ئەوەی تەواوی ژیانی خۆی لە زانست و توێژینەوە و داهێناندا بەسەر برد و تەنیا مردن توانیی ڕاییگرێت.

هەواڵی مردنی ئەدیسۆن گەیشتە تەواوی جیهان و لەگەڵ بڵاو بوونەوەی هەواڵەکە، لە ئەمریکا تەواوی گڵۆپ و ڕووناکییەکان کوژێنرانەوە.

ئەدیسۆن ڕێزی لێنرا و نازناوی پیاوی هەزارە "The Man of the Millennium"ی پێ بەخشرا.

***

ئەدیسۆن لەبارەی پارەوە دەیوت: "پارە تەنیا ئامرازە نەك ئەنجام"، بۆیە پارەی لە کڕینی ئامێرە نوێکاندا خەرج دەکرد و لە هەوڵی ئەوەدا بوو گەورەترین تاقیگە بکڕێت تا شوێنی داهێنانکاریی تێدا ببێتەوە.

ئەدیسۆن کاتێك تەمەنی تەنیا ٢٣ ساڵ بوو ١٢٢ داهێنراو بە ناویەوە تۆمار کرابوون. ئەو بناغە داڕێژەری ئەو گەشەسەندنەیە کە لە ژیانی ئەمڕۆماندا هەیە. یارمەتیی دارایی و ئەو ئازادییەی لە ژینگەکەیدا هەبوو، گەیاندیانە ئەو پلەیە. زۆر لە گەنجانی ئێمەش توانایان تێدایە، بەڵام پێویستیان بە پشتگیری و ئازادی هەیە.

داهێنان کارێکی سەخت و ئاڵۆز نییە، دەکرێت ئەو کاتە بەدی بێت کە ئەوەی خەڵکی نایبینێت تۆ بیبینیت یان بە نائاسایی بۆ شتە ئاساییەکان بڕوانیت، تا بە شێوازی نوێ و داهێنەرانە کێشەکان چارەسەر بکەیت.

داهێنەر کەسێکە متمانەی بە خۆی هەیە و شێوازە ڕۆتینییەکان ناگرێتە بەر، کۆششکەرە و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوە نادات، حەزی بە تێڕامان و بیرکردنەوەیە نەك قسە و هەڵا، ئارەزوو دەکات زۆرتر لە چارەسەرێك بۆ یەك کێشە بدۆزێتەوە، ڕقی لەوەیە لە شوێنێکدا کار بکات کە ڕێسا و ڕێکخستنی توند بەڕێوەی ببەن، لە کاتێکدا ئەو ئاسۆیەکی فراوانی هەیە و بەردەوام پرسیار دەکات، توانای شیکردنەوە

و بەڵگە هێنانەوەی هەیە، حەز بە تاقیکردنەوە و هەوڵ دان و گۆڕین و نوێ بوونەوە دەکات.

***

ئاستەنگەکانی داهێنان لە وڵاتە جیاوازەکاندا لە ڕستەگەلی دووبارە خۆیان دەنوێنن، وەك:

- پێشتر ئەم بیرۆکەیەمان تاقی کردووەتەوە.
- بەئەنجام گەیاندنی ئەم بیرۆکەیە پێویستیی بە پارەی زۆرە.
- ئەمە ئەرکی ئێمە نییە.
- ئەمە کاری تۆ نییە.
- بۆچی بیرۆکەکەت نانووسیتەوە و بۆمانی بەرز ناکەیتەوە؟ لەوانەیە ساڵانی دابێت، جێبەجێی بکەین.
- ڕەوش باشە و پێویستیی بە گۆڕین نییە.
- بیرۆکەکەت لە دەزگاکەی ئێمە گەورەترە.

...

لە کۆتاییدا

ئەم وتەیەی ئەدیسۆن بڵاو بکەنەوە: هەموو کەسێك بیر لە گۆڕینی جیهان دەکاتەوە.. بەڵام هیچ کەسێك بیر لەوە ناکاتەوە کە خۆی بگۆڕێت!



حەسەنی کوڕی سەباح

تیرۆر بە بەرنامەڕێژی

حەسەنی کوڕی سەباح

تیرۆر بە بەرنامەڕێژی

زانستێکی نوێ هەیە بە ناوی زانستی گۆڕین، فێرمان دەکات چۆن کۆمپانیایەک یان دەوڵەتێك لە واقیعێکی نەخوازراوەوە بۆ ئایندەیەکی خودازراو ببەین. زانستی گۆڕین لە زانستی پلان دانان جیاوازە لەوەی زانستێکی بەرفراوانی تێدایە کە ناوی زانستی بەرگرییە، لەو زانستەدا باس لەوانە دەکرێت کە ڕووبەڕووی گۆڕین دەوەستن و شێوازەکانی کار کردنی ئەوانە و چۆنێتیی ڕووبەڕوو بوونەوەیان دەخوێنرێت. بەرگریکاران پەنا بۆ بیست شێوازی ناسراو دەبەن، سادەترینیان شێواندنی ناوبانگی سەرکردەکانی گۆڕینە، بەرزترینیشیان تیرۆرکردنیانە، کاتێك بیر ناتوانێت ڕووبەڕووی بیر ببێتەوە، پەنا بۆ ئەو کارە دەبرێ.

مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە بزووتنەوەیەك هەبووە پسپۆڕ بووە لە هونەری تیرۆر و تیرۆری کردووە بە باوەڕی پلە یەکی خۆی و پارە و حەز و نەبوونی لۆجیك فاکتەری هاندان بوون بۆ ئەندامەکانی بۆ ئەوەی لە مەرگ نەگەڕێنەوە د

سیاسییەکانیش بۆ ڕزگار بوون لە نەیارەکانیان بەکاریان هێناون.

تیرۆری بەپرۆگرام بابەتی ئەم بەشەیە و حەسەنی کوڕی سەباحی سەرکردەی حەشاشەکان پاڵەوانی چیرۆکەکەیە.

***

حەسەنی کوڕی عەلیی سەباح ساڵی ٤٣٠ی کۆچی بەرانبەر بە ١٠٣٧ی زاینی لە شاری (قوم)ی باشووری تارانی وڵاتی فارس لەدایك بووە کە لەو کاتەدا لانە و قەڵای ئاینزای شیعەی دوانزە ئیمامی بووە و ئەویش لە باوانییەوە ئەو ئاینزایەی وەرگرتبوو و بنەماکانی لە ژیانی خۆیدا پەیڕەو دەکردن. کاتێك تەمەنی گەیشتە حەوت ساڵان لەگەڵ خێزانەکەی ڕوویان کردە شاری (ڕەی) کە ناوەندی تایەفەی ئیسماعیلی بوو لە خۆرهەڵاتی عەرەبی. چەند ساڵێك لەگەڵ یەکێك لە گرووپە ئیسماعیلییەکان هەڵسوکەوتی کردووە و کەوتووەتە ژێر کاریگەریی بیر و باوەڕیانەوە، تا تەمەنی گەیشتووەتە سی ساڵ و لەو کاتەدا بەیعەتی پێ داون.

حەسەن پلەکانی ئیسماعیلیی بڕی تا تەنیا ئەوەندەی مابوو بەیعەت بدات بە (عەبدولمەلیك کوڕی عەتاش)ی سەرکردەی ئاینزای ئیسماعیلی لە سنووری عێراق و ئێراندا. عەبدولمەلیك کە بینیی لە زانستەکانی فەلسەفە و بیرکاری و ئەندازە و ئەستێرەناسی و سیحر و زانستی تردا زۆر شارەزا و کارامەیە، پێی وا بوو دەتوانێت کاری نهێنی بە باشی بەڕێوە ببات، بۆیە کردی بە جێگری خۆی و لەساڵی ١٠٨٧دا ناردی بۆ

میسر، سێ ساڵ لەوێ مایەوە. لەوێ دەرباری (موستەنسیر بیللا)ی حاکمی دەوڵەتی عوبەیدی کە بە دەوڵەتی فاتیمی ناو نرابوو و ئاینزای ئیسماعیلیی پەیڕەو دەکرد، کەوتە کار. موستەنسیر بیللا لە خۆیی نزیك کردەوە و بەخششێکی زۆری پێدا بە ئومێدی ئەوەی بیکات بە بانگخوازێکی ئیسماعیلییەت لە خۆرهەڵاتی ئیسلامیدا.

جیاوازیی ئیسماعیلییەکان لە دوانزە ئیمامی لەوەدایە کە ئەوان پێیان وایە ئیمامەتی لەدوای جەعفەری سادق گوازراوەتەوە بۆ ئیسماعیلی کوڕە گەورەی، کە لە ژیانی باوکیدا وەفاتی کردووە، هەر چی دوانزە ئیمامییە و ئەمڕۆ شوێنکەوتووانیان زۆرترینە لەناو گرووپە شیعەکاندا، پێیان وایە ئیمامەتی لەدوای وەفاتی سادق گوازراوەتەوە بۆ موسای کازم. ئەمەش سەرەتای کۆمەڵێك جیاوازیی نێوان هەر دوو گرووپە کە دواتر لە بوارەکانی بیروباوەڕ و فیقهدا سەریان هەڵدا و دواتریش و بە تێپەڕبوونی کات زیاتر بوون.

لە کاتی حوکمی موستەنسیردا دەوڵەتی فاتمی داڕووخانێکی ئابووری و سیاسی و ئەمنیی بەخۆوە بینی، بۆیە هانای بۆ (بەدرەددین جەمالی)ی والیی عەککا برد کە فەرماندەیەکی سەربازیی دەوڵەتەکە بوو. ئەو فەرماندەیە توانیی ئاسایش و سەقامگیری بۆ دەوڵەت بگەڕێنێتەوە و بوو بە حاکمی کرداریی دەوڵەت، موستەنسیر تەنیا بە ڕووکەش حوکمی بەدەستەوە بوو. هەر بۆیەش کێشە و ناکۆکی کەوتە نێوان حەسەنی کوڕی سەباح و جەمالی کە بەندی کرد و دواتر

دەری کرد، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی حەسەن ڕقی لێ هەڵبگرێت.

حەسەنی کوڕی سەباح لە میسرەوە گەڕایەوە بۆ وڵاتی فارس، کە ئەو کات دەوڵەتی سەلجووقی حوکمی دەکرد و زۆربەی خەڵکەکەی سوننە مەزهەب بوون. ساڵی ١٠٨١ گەیشتە شاری ئەسفەهان و نیزامولمولکی سەلجووقیی وەزیر و پیاوی بەهێزی دەوڵەت پێشوازیی لێکرد و بەهۆی توانا زانستییەکەیەوە ڕێزی گرت، بە بێ ئەوەی بزانێت چ بیروباوەڕێکی هەڵگرتووە.

نیزامولمولك پیاوێکی ئاسایی نەبوو، مێژوونووسان بە یەکێك لە گرینگترین کەسایەتییە ئیسلامییەکانی دادەنێن، ئەو سیاسییەکی لێزان و لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا توانایەکی بەرزی هەبوو، بەو شەڕە فکرییەیش ناسرابوو کە بەرانبەر بە گرووپە باتنییەکان بەرپای کردبوو، ئەوانەی ئاژاوە و پیلانیان لەناو دەوڵەتدا بڵاو دەکردەوە. نیزامولمولك چەندین کۆمەڵگەی زانستیی لە سەرانسەری دەوڵەتدا دامەزراند، لەوانەش ئەو قوتابخانە باڵایانەی بە قوتابخانە نیزامییەکان ناسرابوون و لەو قوتابخانەوە بە بیری ڕاست ڕووبەڕووی بیری چەوت و چەوێڵ دەبووەوە. ژمارەیەکی زۆری مامۆستایشی لە کەسانی شارەزای وەك ئەبو ئیسحاقی شیرازیی شێخی شافیعیەت و ئەبوحامیدی غەزالی کۆ کردبووەوە. ئەو قوتابخانانە چەندین زانایان لێوە دەرچوون کە دواتر ڕۆڵیان بینی لە پێکەیاندنی ئەو نەوەیەی لەگەڵ سەلاحەددینی ئەیووبیدا بوون. نیزامولمولك کتێبێکیشی هەیە لە سەر

کاروباری فەرمانڕەوایی و بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ڕێکخستنی سوپا بە ناوی (سیر الملوك). ئەو کەسانەی چەکیان هەڵبگرتایە و خەڵکیان پێ بتۆقاندایە، نیزامولمولك بە دەستی پۆلاین لێی دەدان، ئەمەش پەیڕەوی ڕاستە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی ئەو جۆرە کەسانە.

حەسەن نۆ ساڵ لە سایەی دەوڵەتی سەلجووقیدا ژیا و بیروباوەڕەکانی لە نیزامولمولکی هاوڕێی دەشاردەوە و هەوڵی دەدا لەنێوان خەڵکی ڕەشۆکیدا بڵاوی بکاتەوە، بەتایبەت ئەوانەی لە گوندەکاندا دەژیان و سەرقاڵی کشتوکاڵ بوون، خۆی لە خەڵکی شار دەپاراست. ئەمەش نیشانەی وریاییەتی، لەبەرئەوەی شار زۆرتر کەسانی سەر بە دەوڵەت و زانا و لێزانی تێدان کە بە ئاسانی کاریگەرییان ناکرێتە سەر، بەپێچەوانەی گوندەکانەوە کە زۆربەی خەڵکەکەی ڕەشۆکی و سادەن. خاوەن بیرە تازەکانیش زۆربەی جار پەنا دەبەنە بەر هەژاران کە زۆرینەی کۆمەڵگەن و بە ئاسانی دەقۆزرێنەوە و هەستەکانیان ختووکە دەدرێت و کاریان تێ دەکرێت، بە جۆرێك ئامادە دەبن ئەوەی لێیان داوا بکرێت جێبەجێی بکەن. حەسەن شارەزاییەکی فراوانی بە جوگرافیای وڵات و سروشتی فکریی خەڵکەکەی پەیدا کرد و ئەو شوێنەی دۆزییەوە کە لە بارە بۆ چاندنی بیروباوەڕ و سیاسەتەکانی. جەماوەرێکی زۆری لە باکووری وڵاتی فارس پەیدا کرد و دوای سێ ساڵ کەوتە کار بۆ بڵاو کردنەوەی بیروباوەڕەکانی لە ناو شارەکاندا.

لەو کاتانەدا دەوڵەتی فاتیمی لە میسر کێشەی تێ کەوتبوو.. موستەنسیر بیللای فەرمانڕەوا لە ساڵی ١٠٩٤ مرد و بەدرەدین جەمالییش پێش ئەو مردبوو، ئەفزەلی کوڕی بەدرەدین کودەتایەکی کرد و داوای دەکرد بەیعەت بدرێت بە موستەعلیی کوڕی موستەنسیر و بکرێتە فەرمانڕەوا، هەر چەندە نزار کوڕی گەورە بوو و لە پێشتر بوو، هۆکاریش ئەوە بوو کە موستەعلی خوداڕزای بەدرەدین بوو. بەم هۆکارەش خەڵکی بوونە دوو بەشەوە: بەشێکیان لایەنگری موستەعلی بوون و بە (بەهرەییەکان) ناسرابوون و ئەوانەی تریش لایەنگری نزار بوون و بە (نزارییەکان) ناسرابوون. حەسەنی کوڕی سەباح ڕایگەیاند لایەنگریی نزارییەکان دەکات و دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بانگەواز بۆی لە وڵاتی فارس کە خەڵکەکەی سوننە مەزهەب بوون بەتایبەتش لە شاری ئەسفەهان. هەر بۆیە بە دامەزرێنەر و سەرکردەی ئەو گرووپە نوێیە لە تەواوی خۆرهەڵات دادەنرێت. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە گوایە حەسەن کاتی خۆی بە موستەنسیری وتووە: کێ لەدوای خۆت بکەم بە ئیمام؟ موستەنسیریش وتوویەتی: نزاری کوڕم.

نزارییەکان بوون بە گەورەترین دوژمنی دەوڵەتی فاتیمی بەتایبەت دوای ئەوەی موستەعلی سەرکەوت و نزاری برای خستە بەندیخانەوە.

حەسەنی کوڕی سەباح و هاوکارەکانی دەستیان کرد بە کار کردن بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئیسماعیلیی نزاری و لە شاری ئەسفەهان نازناوی (سەید)ی بۆ خۆی هەڵگرت.

ڕۆژێك حەسەن و هاوکارەکانی بانگبێژی مزگەوتێك دەکەنە ئامانج بۆ ئەوەی بەرەو گرووپەکەی خۆیان ڕایبکێشن. بانگبێژەکە کاتێك ئاگاداری بیروباوەڕەکانیان دەبێت، ڕەتیان دەکاتەوە. ئەوانیش ترسان لەوەی ئاشکرایان بکات، بۆیە کوشتیان. ئەمە یەکەمین کاری تیرۆری حەسەنی کوڕی سەباح بوو.

نیزامولمولکی وەزیر دوای ئەو ڕووداوە بۆی دەرکەوت هاوڕێ کۆنەکەی سەرکردەی بانگخوازانی بزووتنەوەیەکی باتنیی مەترسیدارە، بۆیە بڕیاری دەستگیر کردنی دا و کەوتنە ڕاوەدوونانی، هەموو ئەوانەی پەیوەندییان پێوە هەبوو دەستگیر کران. لێرەوە حەسەن گرینگیی گەڕان بەدوای شوێنێکی ئارامی بۆ دەرکەوت، تا بیکات بە پەناگەیەك و لەوێوە کار بۆ جێبەجێ کردنی پلانەکانی بکات.

کارەکان ئەو کاتە پەرەیان سەند کە نزاری کوڕی موستەنسیر لە بەندیخانەی شاری ئەسکەندەریە مرد، حەسەنی کوڕی سەباح ڕایگەیاند ئەو نەمردووە بەڵکو ون بووە و لە شێوەی مەهدیی چاوەڕوانکراودا دەگەڕێتەوە. لە مێژووشدا چەندین کێشەی گەورە لەو جۆرە پڕوپاگەندەیەوە سەرچاوەی گرتووە.

دوای گەڕان بەدوای شوێنێکدا کە پێوەرەکانی تێدا بێنە دی، قەڵایەکی دۆزییەوە کە لە شوێنێکی سەختدا بوو و نزیکەی ٢,٠٠٠ مەتر بەرز بوو و تەنیا ڕێڕەوێکی هەبوو کە تەنیا یەك کەس دەیتوانی پێیدا بڕوات و لە خوداریشیەوە

دەشـــتێکی کشـــتوکاڵی هـــەبوو کـــە دەتـــوانرا ســـوود لـــە بەروبوومەکانی وەربگیرێت.

چیرۆکی قەڵاکە

قەڵاکە نـاوی قـەڵای (ئالـەموت) یـان (لانـەی هـەڵۆ) بـووە. گەڕیدەکان بە شێوەی جیاوازی ئەندێشەیی وەسفیان کردووە و باسیان لە ترس و بیمی ئەو قەڵایە و جوانییەکەی کردووە. مـارکۆ پـاولۆ دەڵێـت باخـەکانی لـە بەهەشـت دەچـن، بیانوویەکیش بـۆ ئـەو جوانییـە سەرنجڕاکێشـە دەبینێتـەوە.. بەپێی گێڕانەوەکانی دواتر، حەسەن ئەوانەی کاری تیرۆری پێ دەسپاردن دەهێنایە قەڵاکە و لەو شوێنەدا بڕێك حەشیشـەی دەرخـوارد دەدرا و دواتـر ئـافرەتی جـوانی بـۆ دەهێنـرا تـا بـاوەڕێکی بـۆ دروسـت بـبێ بـەوەی لـە بەهەشـتدایە و دوای ئەوەی کارەکەی ئەنجام دەدات بۆ ئەو بەهەشتە دەگەڕێتەوە. دەوترێت ناو نانی گرووپەکەشی بـە (حەشاشـەکان) بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە. بـەڵام ئەوانـە هـەموویان چـیرۆکی خـەیاڵین و ڕکابەرانیان بۆیان داڕشتوون و وا باشە گوێ لە پڕوپاگەنـدەی ڕکابەران بەرانبەر بە یەکتری نەگرین، چونکە قـەڵای ئالـەموت ساڵی ١٢٥٦ کەوتووەتە دەسـتی تەتەرەکانـەوە، لـە کاتێکدا مارکۆ پاولۆ لە ساڵی ١٢٥٤دا لەدایك بـووە. ئـەوەی کـە نـاوی ئەساسـین – Assassins یـان لـێ نـاون، واتـە گرووپـی غافڵکوژان، کاتێکیش وەرگێڕراوەتـەوە سـەر زمـانی عـەرەبی بووە بە (حەشاشین) و لە ڕووی مێژووییـەوە نەچەسپاوە کـە حەشیشەیان بەکار هێنابێت. ئێمە هەر چەندە بیرکردنەوەمان

لەوان جیاوازە، بەڵام ئەم زانیارییە تەنیا لەبەر لۆجیکی زانستی دەهێنینەوە. حەسەنی کوڕی سەباح خۆی بە بزووتنەوەکەی دەوت (بانگەوازی نویّ). قەڵای ئالەموتیش بەهەشت نەبووە، بەڵکو تا ئێستاش ساڵانە حەوت مانگ لەژێر بەفردایە!

حەسەنی سەباح بە فێڵ دەستی بەسەر قەڵاکەدا گرت، ئەو خۆی وەك کەسێکی زاهید دەردەخست و وای پیشانی خاوەنی قەڵاکە دا کە بۆ خوداپەرستی بەکاری دەهێنێت و بە بڕی سێ هەزار دیناری زێڕ لە دەستی دەر هێنا. خۆی و بڕێك لە شوێنکەوتووە دڵسۆزەکانی لەو قەڵایەدا نیشتەجێ بوون و لەوێ فێری گوێڕایەڵیی کوێرانە و هونەرەکانی جەنگ و خۆ شاردنەوە و مەڵاس دانی دەکردن. خۆی لەوێ دەرنەدەچوو و کاتەکانی لە خوێندنەوە و بەڕێوەبردنی بەدەست هێنانی لایەنگری زیاتر و بڵاوکردنەوەی بانگەوازی نزاری و ڕزگار بوون لە ڕکابەران ئەگەر قەناعەتیان پێ نەهێنرا، دەبردە سەر.

نیزامولمولکی وەزیری مەزن بڕیاری دا ڕووبەڕووی ئەو فیتنەیە ببێتەوە کە دەستی داوەتە چەك، بۆیە ساڵی ١٠٩٢ هێزی نارده سەریان. بەڵام هێزەکە نەگەیشتە قەڵای ئالەموت. حەسەنی کوڕی سەباح لەمەوە نیزامولموکی بە دوژمنی ژمارە یەك لە قەڵەم دا و بوو بە ئامانجی پلانەکانی تیرۆر کردن.

حەشاشەکان بە سەرۆکایەتیی حەسەنی کوڕی سەباح لە ڕەمەزانی ٤٨٥ی کۆچی بەرانبەر بە ١٠٩٢ی زایینی گەورەترین کاری تیرۆریان ئەنجام دا کە سەرەتای زنجیرەیەك بوو لە کاری تیرۆر و کوشتن. حەشاشەکان نیزامولمولکی وەزیری

دەوڵـەتی سـەلجوقییان تـیرۆر کـرد لـە کاتێکـدا لـە کـاروانی سوڵتاندا بوو. پیاوێکی سەر بە حەشاشەکان، کە بە فیـداکار نـاونرابوو، خـۆی وەك سـۆفییەك کـە پێویسـتییەکی هـەبێت پیشـان دەدا، لــە کاروانەکــەی ســوڵتان نزیــك بــووەوە، پاسەوانەکان ڕێیان لێ گرت بەڵام نیزامولمولك فەرمانی دا کـە ڕێـی بۆ بکەنـەوە، پیاوەکـە نزیکـی بـووەوە کاغـەزێکی دایـە دەسـتی کـە گوایـە داواکارییـەکانی تێـدا نووسـیوە، کاتێـك نیزامولمولك سەرقاڵی خوێندنەوەی کاغەزەکە بوو خەنجەرێکی ژاراویی تێ سرەواند و هاواری کرد: بیخۆ، ئەمە دیاریی شـێخ حەسـەنە. پیاوەکـە دەسـتگیر کـرا، بـەڵام نیزامولمولـك بـەر لەوەی کۆچی دوایی بکات، لێی خـۆش بـوو. حەسـەنی کـوڕی سەباحیش، کە ئەوکات نازناوی شێخی چیای لە خـۆی نـابوو، بۆ ماوەی دوو هەفتە ئاهەنگی لـە قەڵاکـەی گێـڕا لـە خۆشـیی کوشـتنی ڕکابەرەکـەی کـە هـاوڕێی دوێنێـی بـوو و دەیـوت: کوشتنی ئەو شەیتانە سەرەتای بەرەکەتە.

دەوڵەتی سەلجوقی بە کوشتنی ئـەو وەزیـرە باڵایـەی بـەو شـێوەیە و لــە بــەردەم خــەڵکی و لــە ســایەی پاســەوانیی سەربازەکانیەوە، هەستی بە سووکایەتی پێکـردن و تـووڕەیی کرد، بۆیە بڕیاری دا وەڵام دانەوەیەکی تونـدی بـۆ حەسـەن و دەوڵەتی حەشاشەکان ببێت. بۆیـە سـەربازەکانی بـۆ گـەمارۆ دانی قەڵای ئالەموت نارد، بـە نیـازی لـەناو بردنـی حەسـەن و گرووپەکەی. بەڵام گەمارۆی سەر قەڵاکە بـەهۆی سـەختییەوە شکسـتی هێنـا و حەشاشـەکان توانییـان فـەخرەدینی کـوڕی

نیزامولمولك و دواتریش سەنجەری وەزیری سوڵتانی سەلجوقی بکوژن.

حەشاشەکان بەم شێوەیە بوون بە گرینگترین دوژمنی هەر یەك لە دەوڵەتی فاتیمی و خەلافەتی عەباسی و سەلجوقییەکان و ئەیوبییەکانیش و بوون بە بنکەیەکی تیرۆر کە دەوڵەتان و زانایان و بانگخوازان و پیاوچاکانیان دەکردە ئامانج.

ساڵی ۱۱۲۱ (ئەفزەل)ی وەزیری دەوڵەتی فاتیمی لە قاهیرە کوژرا، کە کوڕی بەدرەدین جەمالیی دوژمنی حەسەنی کوڕی سەباح بوو. حەشاشەکان ڕایانگەیاند ئەوان کوشتوویانە و بەو هۆیەوە ناوبانگیان زیاتر پەرەی سەند. بەڵام ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە زانراوە ئەوەیە (ئامیر بیئەحکامیللای) فاتیمی کوشتوویەتی نەك حەشاشەکان.

حەسەنی کوڕی سەباح ساڵی ۱۱۲٤ مرد بە بێ ئەوەی منداڵێکی لەدوا جێ بمێنێت. (کیا بزورگ ئومێد) جێی گرتەوە و بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتی تیرۆر و غافڵکوژی. حەسەن دوو کتێبی نووسیوە کە یەکێکیان ژیاننامەی خۆیەتی و ئەوەی تریان لەبارەی لاهووتەوەیە.

دوای مردنی حەسەن، لایەنگرانی زنجیرەیەك کاری تیرۆریان دژ بە ژمارەیەك سەرکردەی گەورەی سیاسی و ئاینی ئەنجام دا. گرووپەکە بە بکوژی کرێگرتە ناسران، چونکە تیرۆریان تەنیا لە چوارچێوەی دوژمنانی ئاین و فکر و سیاسەت نەما، بەڵکو پەرییەوە بۆ ئەوەی هەر کەسێك پارەیان پێ بدات تیرۆری بۆ ئەنجام بدەن. یەکێك لە دیارترین

تیرۆرەکانیشیان کوشتنی میر مەودوودی فەرمانڕەوای موسڵ بوو کە سەرکردایەتیی جیهادی دژ بە خاچ دروشمەکان دەکرد، لە کاتێکیشدا کە لە یەکێك لە سەرکەوتنەکانی دەگەڕایەوە.

هەروەها (موستەرشید)ی خەلیفەی عەباسییان کوشت، کە سەلجوقییەکان خۆی و ژمارەیەك لە سوارانییان بەدیل گرتبوو، سوڵتانی سەلجوقی فەرمانی دابوو ڕێزی بگیرێت و دواتر ئازاد بکرێت، بەڵام فەرماندەی سوپا پێی خۆش نەبوو خەلیفە ئازاد بکرێت، لەبەرئەوەی دوای شەڕێکی سەخت و خوێناوی گرتبوویان، بۆیە چەند کەسێکی لە حەشاشەکان بەکرێ گرت و خەلیفەیان لەو چادرەدا کوشت کە تێیدا دەستبەسەر کرابوو.

ساڵی ١١٣٠ دە کەسی سەر بە حەشاشەکان (ئامیر بیئەحکامیللا)ی خەلیفەی فاتیمییان لە قاهیرە کوشت، ئەمەش ناوبانگ و مەترسییانی زیاتر کرد.

لە کاتی حوکمڕانیی (نوورەددین زەنکی)ی سەرکردەی موجاهیددا، حەشاشەکان هاوپەیمانییان لەگەڵ (ڕیمۆند)ی پاشای (ئەنتاکیا)دا بەست لەو هەڵمەتەی دژ بە نوورەددین بەرپایان کرد. بەڵام دواتر لە خاچ دروشمەکان هەڵگەڕانەوە و (کۆنت ڕیمۆند)یشیان لە شاری تەرابلوس تیرۆر کرد.

لە کاتی ئەیوبیەکانیشدا زۆرتر لە جارێك هەوڵی کوشتنی سەلاحەددینیان داوە، دوای ئەوەی دژ بەوان بوون بە هاوپەیمانی خاچ دروشمەکان. سینان کە سەرکردەی ئەو کاتەی حەشاشەکان بوو، چەند کەسێکی ناردە سەربازگەی سەلاحەددین، ویستیان تیرۆری بکەن، زۆریش نەمابوو

هەوڵەکەیان سەر بگرێت، بەتایبەت دوای کوژرانی ئەبوقەبیسی فەرمانـدەی سـەربازی و ژمارەیـەك لـە سـەربازان، بـەڵام سـەلاحەددین ڕزگـاری بـوو. حەشاشـەکان و سـینانی سـەرکردەیان جـارێکی تـر ویسـتیان سـەلاحەددین بکـوژن.. یەکێك لە ئەندامانیان نارد و گەیشتە چادرەکەی سەلاحەددین و توانیی بریندراری بکات، بەڵام ئەو زرێیەی لەبەریدا بوو لـەوە پاراستی کـە برینـەکـەی قـووڵ و مەترسـیدار بێـت. دوای ئـەم ڕووداوانە سەلاحەددین ناچار بوو ڕێوشوێنی ئـەمنیی نهێنـی و توند بۆ خۆپاراستن بگرێتە بەر.

بزووتنـەوە تیرۆریسـتەکان ئـاوان.. ڕوو دەکەنـە کوشـتنی پیاوچاکان بە بێ بیرکردنەوە و بە بیانووی زۆر لاواز.

حەشاشەکان بەم جۆرە نزیکەی دوو سـەدە خراپـەکارییان لەسەر زەوی بڵاو کردەوە و لەسەر ئەو قازانجە دەژیان کە لـە تیرۆر کردنەوە دەستیان دەکەوت، تا ئەو کاتەی بە پـەلاماری مەغۆلەکان لـە سـاڵی ١٢٥٦ کۆتـایی بـە ئەفسـانەکەیان هـات، هۆلاکۆ قەڵاکانیانی خاپوور کرد و میراتە فکرییەکانی حەسەنی کوڕی سەباحیش سووتاند، (زاهـیر بیبەرسـی)ش کۆتـایی بـە بوونیان لە شام هێنا.

***

بـیر هەڵسوکەوت ئاڕاسـتە دەکـات، تراژیـدیاش ئـەو کاتـە دەست پێ دەکات کـە کەسـێك عـەقڵی خـۆی بداتـە دەسـتی کەسێکی ترەوە و ویستی خۆی هەڵی بسـووڕێنێت و یـاری بـە پێکهاتە فکرییەکانیەوە بکات تا بیکات بە ئاوێتەیەك لـە تـرس


و دڵەڕاوکێ و دابڕان لە واقیع. ئەو کاتە کەسەکە هەست دەکات بووە بە کۆیلەیەکی گەمارۆدراو لە جیهانێکدا کە تەژییە لە خراپە و پێویستە لە بەندەکانی ئەو ژیانە دەر بچێت و بچێتە جیهانێکی دیکەی جوان، کە تەنیا بەوە پێی دەگات خۆی بداتە دەستی گەورەکەیەوە تەنانەت ئەگەر فەرمانیشی پێ بدات کە خۆی بتەقێنێتەوە.

سەرکردەی تیرۆریستەکان دەبێت بە وەلیی ئەو کەسە کە فەتوای پێ دەدات خەڵکان بکوژن و گوێ نەدەن بەوەی موسڵمانە یان نا، یان تەنانەت زانایەکی پایەبەرزیشە، چونکە بەلای ئەوەوە: (کوشتنی هەر یەکێکیان حەڵاڵترە لە ئاوی باران و ڕشتنی خوێنیان پاداشتی زیاترە لە کوشتنی حەفتا کافر)، شوێنکەوتووەکەش تەنیا بۆی هەیە گوێ بگرێت و ئەوەی پێی وتراوە بە بێ دواکەوتن جێبەجێ بکات و سەری ئەو کەسە بهێنێت کە وای ئاخنراوەتە مێشکەوە کە ئەوە سەری خراپەکارییە و خەیاڵی ئەوە دەکات بەو کارەی دەگاتە جیهانی نەمری و بە بەختەوەری و شادیی نەبڕاوە دەگات. بەڕاستی ئەمە دزینی عەقڵ و بنەمای ئەو تیرۆرەیە کە لە مێژوودا هەبووە و ئێستاش دەیبینین.

چارەسەریش دیالۆگە بە بەڵگە و سەلماندن لەگەڵ ئەوانەی چەك بەرز ناکەنەوە، ئەوەش کە چەك بەرز دەکاتەوە و خەڵکی دەکوژێت پێویستە بە دەستی پۆڵاین وەڵام بدرێنەوە.. ئەوانە تەنیا مەترسی نین بۆ سەر ژیان و ئاسایش، بەڵکو مەترسین بۆسەر خودی ئیسلامیش.

***

غافڵکوژی چەکی دەستی ئەو کەسە لاوازانەیە کە ناتوانن بە فکر ڕووبەڕوو ببنەوە.. ئەوانەی دەیکەن بە ئامراز لەسەر سنگیان نووسراوە: "بیرکردنەوەمان نییە".



ئەبوو حەنیفە

عەقڵ و ئاین

ئیمام ئەبو حەنیفە
عەقڵ و ئاین

دەگێڕنەوە ڕۆژێك بە یەكێك لە ئیمامەكانیان وتووە پیاوێك دەڵێت ئیمامی عوسمانی كوڕی عەفان جوولەكەیە. ئەو ئیمامە چوو بۆ لای پیاوەكە و پێی وت: دەمەوێت خودازبێنیی یەكێك لە كچەكانت بكەم.. پیاوەكە: وتی باشە، بەسەرچاو.. داواكاریی پیاوی وەك تۆ ڕەت ناكرێتەوە، بەڵام بۆ كێ؟ وتی: پیاوێكە لەناو كەسوكاری بە داوێنپاكی و دەوڵەمەندی و بەرچاوتێری ناسراوە، قورئانی پیرۆزی ئەزبەرە و بۆ شەونوێژ هەڵدەسێت و لە ترسی خودا بەردەوام چاو بە فرمێسكە!

پیاوەكە وتی:

– ئای لەو پیاوە! كەسی وا شایانی ئەوەیە كچی میری موسڵمانانی پێ بدرێت!!

– بەڵام سیفەتێكی هەیە دەبێت بیزانی.

– چییە؟!

– جوولەكەیە!

– ئیمام! دێیت خودازبێنیی کچێکی موسڵمان بۆ پیاوێکی جوولەکە دەکەیت؟! جا ئەوە لە شەرعی خودادا جێی دەبێتەوە؟!

– ئەی پێغەمبەری خودا (بەر دروودی خودا بکەوێت) چۆن دوو کچی داوە بە عوسمان کە وەك تۆ دەڵێیت جوولەکە بووە؟!! کابرا لە شوێنی خۆی وشك بوو!!

ئیمامەکە ئیمام ئەبو حەنیفەی ئیمامی قیاس و دامەزرێنەری قوتابخانەی ڕا و عەقڵ و مەنتقە و کەسایەتیی ئەم چیرۆکەیە.

***

ئیمام ئەبو حەنیفە، کە ناوی نوعمانی کوڕی سابیتە، لە کووفە پێ گەیشتووە، لە کاتێکدا ئەو سەردەمە چەندین دەستەی تێدا بوو کە هەر یەکەیان جۆرەها چالاکییان دەنواند و ئەبو حەنیفەش لەوانە و لە زانا ناسراوەکانی ئەو کاتەوە زانست و زانیاریی وەردەگرت و ئاسۆی بیری فراوان و بیرکردنەوەی لۆژیکیی قووڵتر کرد. ئەمەش ڕەنگ دانەوەی بەسەر خوێندنی فیقه و دواتریش وانە وتنەوەیدا جێهێشت.

ئەڵقەکانی وانە وتنەوەی ئیمام ئەبو حەنیفە (ڕەحمەتی خودای لێبێ) وەك ئەڵقەکانی تر نەبوو. ئەو نموونەیەکی مەنهەجیی لە باس کردنی مەسەلە فیقهییەکاندا داهێنا. سەرەتا بابەتەکەی دەخستە بەردەم قوتابییەکانی تا هەر یەکەیان ڕای خۆی تێدا بڵێت و بەڵگەکانی کە ئەو ڕایەی لەسەر بنیات ناوە بخاتە ڕوو، ئینجا خۆی دەهات و ڕاکانی شەن و کەو دەکرد و دەیخستنە بەردەم نەقڵ و عەقڵ. ئەو

ڕایانەی ڕاست بوونایە پەسەندی دەکردن و بە بەڵگەکانی بەهێزی دەکردن. ئەم کارە لەوانەیە چەند ڕۆژێکی بکێشایە.

ئەمەیە خوێندنی باش و بەهێز کە ڕێز گرتن لە ڕاکانی تێدا دەردەکەوێت و بیری قوتابییە ئامادەبووەکانی تێدا دەخرێتە کار و زانایی و کارامەییی مامۆستای تێدا دەردەکەوێت. ڕایەك لە مەسەلەیەکی فقهیدا بەو جۆرە بێتە بەرهەم، ئەستەمە بتوانرێ ڕەخنەی لێ بگیرێت و ڕەت بکرێتەوە.

ڕۆژێکیان دوو لە قوتابییەکانی، کە ئەبو یوسف و زوفەر بوون، لە تەنیشتییەوە دانیشتبوون لە ئەڵقەکانی خوێندن، هەر یەکەیان لە لایەکی، لە دوای نوێژی بەیانییەوە کەوتنە گفتوگۆ و هێنانەوەی ڕا و بەڵگەکانیان، ئەمیان دەیهێنایەوە و ئەویان ڕەتی دەکردەوە، بەو جۆرە بەردەوام بوون تا بانگی نیوەڕۆ درا، لەو کاتەدا ئەبو حەنیفە کێشای بە قاچی ئەبو یوسفدا و پشتگیریی ڕاو بەڵگەکانی کرد.

بەردەوام ئەمە حاڵی ئەڵقەکانی بوو، دەنگی تێدا بەرز دەبووەوە و گفتوگۆی تێدا گەرم بوو، بەڵام ئەو کاتەی خۆی دەستی بە قسە دەکرد، هەموو قوتابییەکانی بێدەنگ دەبوون و وەك ئەوەی باڵندەیەك بەسەر سەریانەوە بێت ورتەیان لێوە نەدەهات!

ئەبو حەنیفە و قوتابییەکانی لەدوای خۆی داهێنانکارییان لە هونەری ئیجتیهاددا کرد، بە تایبەتی لە پێوانە (قیاس)دا. کارەکەشیان بەپێی ئارەزوو نەبوو. ئەوەی لەو مەسەلانە بڕوانێت کە لە ئەبو حەنیفەوە گێڕراونەتەوە بۆی دەردەکەوێت

ئەو پێوانانەی کردوونی بەپێی سیستم و ڕێبازێکی زۆر ورد بوون. ئەبو حەنیفە خۆی دەڵێت:

"ئەگەر لە قورئان و فەرموودەی پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێ) ئەوەی بەدوایدا دەگەڕێم نەمدۆزییەوە، دەچمە سەر وتەی هاوەڵان، ئەوەی بمەوێت وەری دەگرم ئەوەشی نەمەوێت وەری ناگرم، لەدوای ئەوانیشەوە وتەی خەڵکی تر وەرناگرم، ئەگەر کار گەیشتە ئیبراهیم و شەعبی و حەسەن و ئیبنو سیرین و سەعیدی کوڕی موسەییب ئەوە منیش بۆم هەیە وەك ئەوان ئیجتیهاد بکەم!"

کەواتە ڕێبازی ئەبو حەنیفە وەرگرتن و هەڵێنجانە لە قورئان و دواتر لە سوننەتەوە و پێیانەوە پابەندە، بەڵام کاتێك قسە کردن لەبارەی بابەتێکەوە بێت کە بەڵگەی لە قورئان یان لە حەدیسی دروستەوە لەسەر نەهاتبێت و هاوەڵانی پێغەمبەر لە تێگەیشتن و کار پێکردنی جیاواز بووبن، ئەوە وتە و کاری ئەو هاوەڵە وەردەگرێت کە ڕاکەی بە باشترین و بەهێزترین بەڵگە پشت ئەستور بووە و ڕای ئەوانەی تر وەلا دەنێت، لەبەرئەوەی لەو جیاواز بوونە. بەڵام ئەگەر ڕای هیچ هاوەڵێك نەبووبێت و بێتە سەر ڕای موجتەهیدەکان، ئەو کات چ ڕێگرێك هەیە لەوەی کەسێکی وەك ئیمام ئەبو حەنیفە بەڵگەکانی بخاتە بەر دەست و مێشکی بخاتە کار و وەك ئەوان ئیجتیهاد بکات؟ ئەی کێ دەرگای ئیجتیهادی داخستووە و تەنها کردوویەتی بە موڵکی ئەوانەی پێشوو و ڕێگر چییە لە بەردەم ئەوانەی دواتر کە ئیجتیهادی باشتریان

هەبێت؟ ئەی کێ ئەو مێژووەی داناوە کە ئیتر نابێت لەوە بەدواوە ئیجتیهاد هەبێت؟

ئەبو حەنیفە ڕێبازێکی ئاشکرای هەیە لە بڕیار وەرگرتن لە کاروباری شەرعی، کە ڕیزبەندییەکی ڕوون پەیڕەو دەکات و بە دەقە شەرعییەکانەوە (کە بە نەقلێ ناسراوە) پابەندە و ئەگەر لە نەقلێ ئەوەی دەیەوێت نەیدۆزییەوە، ئەو کات بەڵگەی لۆژیکی و سەلماندن دەخاتە کار.

هەر چەندە ئەو ڕێبازە ڕوون بووە، بەڵام پڕوپاگەندەی زۆر بۆ ئەبو حەنیفە بڵاو کراوەتەوە گوایە ئەو نەقڵی بە تەواوی وەلا ناوە و تەنیا عەقڵی بەکار هێناوە. قوتابخانەکەشی کە بە قوتابخانەی پشتبەستن بە ڕا و پێوانە ناسراوە، دووچاری هێرشێکی سەخت بووەتەوە، وەک ئەوەی لەم بەسەرهاتەیدا دەردەکەوێت:

دەگێڕنەوە ڕۆژێک محەمەدی باقر تووشی ئیمام ئەبو حەنیفە دەبێت و بەتووڕەییەوە پێی دەڵێت: تۆ ئەو ئەبو حەنیفەیەی کە ئاینی باپیرمت گۆڕیوە؟ ئەبو حەنیفە نەکەوتە مشتومڕ لەگەڵی، لەسەر کورسییەک داینیشاند و خۆیشی لەسەر زەوی دانیشت و پێی وت: پایەی تۆ لای من وەک پایەی باپیرتە لای هاوەڵەکانی. دواتر وتی: ئیمام تۆ دەڵێیت من ئاینی باپیرتم بە ڕا و پێوانە گۆڕیوە؟ با من چەند پرسیارێکت لێ بکەم:

- کامیان لە ئاینی باپیرتدا بێهێزترە پیاو یان ئافرەت؟
- ئافرەت!

- ئـەی کامیـان میراتـی زیـاتر وەردەگرێـت، پیـاو یـان ئافرەت؟
- پیاو!
- ئەگـەر مـن کـارم بـە ڕا بکردایـە و ئـاینی باپیرتم وەلا بنایـە، ئـەو کـات دەمـوت: ئـافرەت بێهێزتـرە کەواتـە دەبێت لە پیـاو زیـاتر وەر بگرێـت، بـەڵام مـن وا نـاڵێم چونکە وتـەی پێغەمبـەر (بـەر دروودی خـودا بکـەویٚ) لەلام لە پێشترە لە ڕای خۆم!

ئینجا لێی پرسی:

- کامیان لای خودا گەورەترە: نوێژ یان ڕۆژوو؟
- نوێژ.
- ئەی ئافرەت کامیـان دەگرێتـەوە ئەگـەر لـە ڕەمەزانـدا بەڕۆژوو نەبەو، نوێژەکەی یان ڕۆژووەکەی؟
- ڕۆژووەکەی.
- ئەگـەر مـن بـە ڕای خـۆمم بکردایـە و فـەرموودەی پێغەمبەرم وەلا بنایە، دەموت نوێژ گەورەترە و دەبێت نوێژەکەی بگێڕێتەوە و ڕۆژووەکەی نەگرێتـەوە. بـەڵام من وام نەکردووە و هەر وەك باپیرت وتوویەتی، دەبێت ڕۆژووەکەی بگرێتەوە و نوێژەکەی نەکاتەوە!

ئینجا وتی:

- کامیان پیسترە: میز یان مەنی؟
- میز.
- خۆشۆردن لە کامیان واجبە؟
- مەنی.

- ئێ ئیمام! ئەگەر من بە ڕا و ئیجتیهادی خۆمم بکردایە و فەرموودەی پێغەمبەرم وەلا بنایە، ئەو کات دەمـوت: دەبێـت لـە میـز خۆمـان بشـۆین و لـە مـەنی دەسـتنوێژ بگـرین، لەبەرئەوەی میز پیسترە. بەڵام من هەر فەرموودەکەی باپیرتم دووپات کردووەتەوە کە دەبێت لـەدوای میزکـردن دەستنوێژ بشۆین و لەدوای مەنییش خۆمان بشۆین. بۆیـە هیچـم بـە ڕای خۆم نەگۆڕیوە ئەی ئیمامی گەورە!

پاشان ئەبو حەنیفە (بەر ڕەحمەتی خودا بکەوێت) وتی:

"ئەو کارەم بۆیە کردووە چونکە خەڵکی عیراق حەزیان بە شتی تازەیە و لـەو ڕێیـەوە دەمـەوێت جـارێکی تـر پابەنـدی ئاینەکەی باپیرت ببنەوە".

لێرەدا ئیمام محەمەدی بـاقر هەسـتایە سـەر پـێ و سـەری ئەبو حەنیفەی ماچ کرد!

***

ئەو وتووێژەی نێوان محەمەدی باقر و ئەبو حەنیفە ڕووێکی ئـەو نـاکۆکی و مشـتومڕەیە کـە ڕووبـەڕووی قوتابخانـەی ڕا دەکرێتـەوە کـە ئیمـام ئـەبو حەنیفـە دایمەزرانـدووە. لـە قوتابخانـەی ئەسـەردا کـە پێشـی ئـەو بەربڵاوییـەکی زیاتری هەبوو و بۆ بڕیارەکـان پشـتی بـەو دەقانـە دەبەسـت کـە لـە هاوەڵە بەڕێزەکان و موجتەهیدە گەورەکانەوە (بەر ڕەحمەتی خودا بکەون) هاتوون. لە وتووێژی هەر دوو ئیمام باقر و ئەبو حەنیفەدا تێبینیی ئەوە دەکرێـت کـە هـەمووی لـە مەسـەلەی پەیوەندیدار بە پەرستشەوە بووە، لێرەشەوە خاڵێکی گـرینگ هەیە کە دابەش کردنی مەسـەلە شـەرعییەکانە بـۆ دوو بـەش:

(پەرستش و هەڵسوکەوت - العبادات و المعاملات). هەر چەندە کەسانێك هەن ئەو دابەش کردنەیان پێ باش نییە، بەڵام من دوای ورد بوونەوەیەکی زۆر، پێم وایە دابەش کردنێکی دروستە. ڕێبازی سەرەکی لە پەیوەندیی نێوان عەقڵ و ئاین ئەوەیە شەرع بکەینە دوو بەشەوە، بەشی یەکەم پەرستشەکانە وەك نوێژ و ڕۆژوو و حەج و ... هتد. لەمانەدا دەبێت بە تەواوی پابەندی دەقەکان بین وەك ئەوەی کە هاتوون و ئیجتیهادی عەقڵیی تیدا نەکەین، چونکە پێویستە خوداپەرستی بەو شێوەیە بکەین کە خودای گەورە خۆی دەیەوێت نەك وەك ئەوەی ئێمە دەمانەوێت. بۆ نموونە بڵێین ئەگەر نوێژی شێوان حەوت ڕکات بووایە باشتر بوو، لەبەرئەوەی چەمینەوە و کڕنووش و زیکری زیاتری تێدایە، بەڵام ئەو کات وەك ئەوەیە خۆمان بە خودا دانابێت نەك خودای گەورە!

بەڵام لە هەڵسوکەوتدا کارەکە بە دوو شتەوە بەندە: ئەگەر دەقێکی سەرچاوە دروست و مانا ڕوون هەبێت، نابێت عەقڵ بخەینە کار و حوکمی شەرع بگۆڕین، وەك ئەو نموونەیەی ئیمام ئەبو حەنیفە لەبارەی میرات هێنایەوە. لەبەرئەوەی حوکمێکی ڕوون و ئاشکرا لەو بارەوە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە و دەبێت پێیەوە پابەند بین. هەر لێرەشەوەیە ئەو بنەمایە هاتووە کە نابێت ئیجتیهاد بکرێت ئەگەر دەق هەبوو. بەڵام ئەگەر دەقەکە ڕوون نەبوو یان سەرچاوەکەی دروست نەبوو، ئەو کاتە عەقڵ دەخەینە کار تا هەوڵ بدەین بگەینە حوکمێکی شەرعی کە پێچەوانەی حوکمە شەرعییەکانی تر

نــەبێت و ئامانجــەكانی ئــاین بێنــە دی، كــە زانایــان بــە مەبەســتەكانی شــەریعەت (مقاصــد الشــريعة) ناویــان نــاوە و بەرژەوەنــدیی بەنــدەكان بەدەســت بــێن و وەك ئیمــام ئیبنولقەییم دەڵێت: "بەرژەوەندی لە كوێدا بوو، ئاینی خـودا لەوێدایە".

كەواتە ناكۆكی لەوەدایە كـە قوتابخانـەی ئەسـەر (كـە بـە زۆری لـە حیجازەوەیـە)، پێیـان وایـە وەرگـرتن بـە ڕا دەبێت پەنای بۆ نەبرێت و ئەوەندە كەم بێت وەك ئـەوەی موسڵمان ناچار بێت گۆشتی بەراز بخوات، بۆیە دەق وەردەگـرن ئەگـەر سەرچاوەیەكی لاوازیشـی هـەبێت. حـوكم بـۆ مەسـەلەیەكیش دەرناكـەن كـە ڕووی نـەدابێت. بـەڵام قوتابخانـەی ڕا (كـە بـە زۆری سەرچاوەیان عیراقە) ئیجتیهـاد لـە شـتێكدا دەكـەن كـە فەرموودەی دروستی تێدا نەهاتبێت و تەنیا بە قسەكردن لـەو مەسەلانە واز ناهێنن كە ڕوویان داوە، بـەڵكو گریمانـە بـۆ ئـەو مەسەلانەش دەكەن كە ڕوویان نەداوە.

كـە بـەدوای بنچینەی سـەرهەڵدانی ئـەم دوو قوتابخانەیـە بكەوین، ئەوە سـەرنجمان ڕادەكێشـێت كـە هـەر دووكیـان بـۆ ڕەت كردنــەوەی حــەرەجی ئــاینی بــوون، قوتابخانــەی ڕا دەترسـان درۆ بـە دەمـی پێغەمبـەرەوە (بـەر درووی خـودا بكـەوێت) بكرێـت، بۆیـە كـەمتر فـەرموودەیان دەهێنایـەوە و ڕایـان دەردەبـڕی. قوتابخانــەی ئەســەریش لــەوە دەترسـان ئازایەتی بنـوێنن و بـە ڕای خۆیـان حـەرام و حـەڵاڵ ببـەزێنن، بۆیـە پـەنایان بـۆ فـەرموودە دەبـرد، ئەگـەر هەنـدێك جـار فەرموودەكە لاوازیش بووایە.

وا نەبێ ئەبو حەنیفە کاتێک ڕای هەڵبژارد، داهێنانێکی تازەی لە ئایندا کردبێت و کەس پێشی نەکەوتبێت، بەڵکو عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود لە پێش ئەودا پێی باشتر بووە فەتوا بە ڕای خۆی بدات لەوەی درۆ بە دەمی پێغەمبەرە (بەر درودی خودا بکەوێت)ەوە بکات. جارێکیان دوای ئەوەی فەتوای لەبارەی مەسەلەیەکەوە دا وتی: "ئەمە بە ڕای خۆم دەڵێم، ئەگەر ڕاست بێت ئەوە لە خوداوەیە و ئەگەر هەڵەش بێت لە خۆم و لە شەیتانەوەیە".

بەڵام وشەی "ڕا" لە کاتی هاوەڵاندا وشەیەکی گشتی بوو و ئیمام ئەبو حەنیفە مانا عەقڵییەکەی بەدرێژی خستە فیقهەوە و پێوانکاریی فراوانتر کرد و زۆر بە کارامەیی جوانتر بینینی بەکار هێنا.

ئەبو حەنیفە زۆرتر پشتی بە پێوانە کردن (قیاس) دەبەست و دژەکانی بەو هۆیەوە لۆمەیان دەکرد، بەڵام ئەو هەرگیز وەڵامی نەدەدانەوە لە ڕەت کردنەوەی پێوانەکاری.

یەکەم کەسێك کە لەو بارەیەوە قسەی کردبێ، ئیمامی شافیعی بووە کە پرسیویەتی: پێوانە چییە؟ ئایا پێوانە ئیجتیهادە؟ یان جیاوازن؟ هەر خۆی لە وەڵامدا وتوویەتی: هەر دووکیان دوو ناون بۆ یەك مانا.

ئەبو حەنیفە بۆ وەڵام دانەوەی پێویستییەکانی نوێ بوونەوە و پێوانەکاری لە مەسەلە تازە داهاتووەکان لە ژیانی خەڵکدا، قوتابخانەی ڕای لە کووفە دامەزراند. بەتایبەت کە فەرموودە گێڕانەوە لای ئەوان کەم بوو، لەو پێناوەشدا مەینەتییەکی زۆری چەشت لە دەستی ئەوانەی کە بیریان وەك

هی ئەم فراوان نەبوو. ئەوەی مێشکی ئەم پەی پێ دەبرد، بە خەیاڵی ئەواندا نەدەهات. بەڵام هەر ئەوەندە قوتابخانەکە دامەزرا و بناغەی داکوتی، زۆریك لەوانەی دژایەتییان دەکرد دانیان پێدا نا.

هەندێك لە زانایان دەڵێن: پێویستە هەموو موسڵمانێك لە نوێژەکانیدا نزا بۆ ئەبو حەنیفە بکات، لەبەرئەوەی ئەو زانستی فیقهی دامەزراند.

***

دەڵێم: دژایەتی لەنێوان نەقڵ و عەقڵدا نییە، هەروەك چۆن دژایەتی لەنێوان ئیسلام و مەنتیقدا نییە و لەنێوان دەقی ڕاست و عەقڵی ڕاستدا نییە.

لە کۆتاییدا

ئەم وتەیەی ئیمام ئەبو حەنیفە بڵاو بکەنەوە:

"ئەوەی دەیڵێین ڕایە و باشترینی ئەوەیە کە توانیومانە. ئەوەی شتێکی لەوەی ئێمە باشتر بڵێت، بێگومان ڕاستی بەلای ئەوەوەیە".



ناپۆلیۆن بۆناپەرت

شۆکی شارستانێتی

ناپۆلیۆن بۆناپەرت
شۆکی شارستانێتی

لـە میـانی شـەڕی خـاچ دروشمەکانـدا، ئەورووپاییـە دواکەوتووەکان کەوتنە بەرامبەر شارسـتانێتیی ئیسلامی کە ئەو کاتـە فـەرمانڕەواییی جیهـانی دەکـرد. ئـەورووپا تووشـی شۆکی شارستانێتی بوو و هەڵسانەوەی نوێی لێکەوتەوە.

دەوران گۆڕا و پێوەری جیاواز هاتە کایەوە و لـە نائاگـایی موسڵمانانـدا کە مێشکیان داخستبوو و هەوڵ و کارەکانیـان لـە شتی لاوەکیدا خەرج دەکرد و لـە سـایەی کێشـەی سیاسـی و شارستانیی بەردەوامدا دەژیان، تا دەنگی تۆپەکانی ناپۆلیۆن لـەو کاتـەی خـاکی میسـری دەکوتـا، بـە ئاگـای هێنانـەوە. موسـڵمانەکان لێـرەدا کەوتنـە بـەردەم شـۆکی شارسـتانێتیی پێچـەوانە و خۆیـان لەبـەردەم دابڕانێکـی شارسـتانیی قووڵـدا بینییەوە. ئەنجامیش ئەوە بـوو جیهـانی عـەرەبی و ئیسـلامی کەوتنە ژێر باری کۆلۆنیالیزمی نوێوە.

***

ناپۆلیۆن بۆناپەرت یان ناپۆلیۆنی یەکەم (١٧٦٩ – ١٨٢١) سەرکردەیەکی سەربازیی فەڕەنسی بووە و نموونە بووە بۆ شارەزایی و کارامەییی سەربازی لە سەردەمی خۆیدا و لەوانەیە ناسراوترین کەس بێت بەدرێژاییی مێژوو لەوانەی پلەی لیوا و بەرەو سەرەوەیان هەبووە. ناپۆلیۆن ئیمپراتۆریەتێکی دروست کرد کە زۆربەی خۆرئاوا و ناوەڕاستی ئەورووپای گرتەوە.

ناپۆلیۆن ساڵی ١٧٧٩ و کاتێك تەمەنی ٩ ساڵ بوو، چووە قوتابخانەیەکی سەربازیی فەڕەنسی و لە تەمەنی ١٦ ساڵیدا پلەی مولازمی دووەمی لەو قوتابخانەیە وەرگرت و لە هێزی تۆپخانەی فەڕەنسا دامەزرا. لە تەمەنی ٢٢ ساڵیدا بۆ پلەی ملازمی یەکەم بەرز بووەوە و ساڵی دواتریش بوو بە نەقیب.

لە ساڵی ١٧٩٦ەوە نەمسا وەك دوژمنی پلە یەکی فەڕەنسا دەرکەوت. دوای ئەوەی جەنگ لەنێوان هەر دوو وڵات سەری هەڵدا، ناپۆلیۆن سەرکردایەتیی سوپای فەڕەنسای کرد و بەسەر ئەو وڵاتەدا زاڵ بوو. لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا چوار سوپای بەزاند کە هەموویان لە سوپاکەی خۆی گەورەتر بوون، ئەمە لە کاتێکدا کە تەمەنی تەنیا ٢٧ ساڵ بوو. لە تشرینی یەکەمی ئەو ساڵەدا فەڕەنسا و نەمسا پەیماننامەی ئاشتییان مۆر کرد و بەپێی ئەو پەیماننامەیە فەڕەنسا خاکێکی فراوانی خرایە سەر. ناپۆلیۆن گەڕایەوە بۆ پاریس و وەك پاڵەوانێك پێشوازیی لێکرا.

ناپۆلیۆن تا ئەو کاتە پلانی ستراتیژیی سەربازیی یەکجار سەرکەوتووی دادەنا، کە بوون بە بناغەی پەلامارەکانی دواتری. پلانەکانی ئەوە بوون پەلامار دەست پێ بکرێت و زۆرترین هێزی گونجاوی یەدەگ لە هێڵەکانی پشتەوە بمێنێتەوە، ئینجا بەدوای خاڵەکانی لاوازیی دوژمندا بگەڕێن و لە کاتی گونجاودا هەموو قورسایی خۆیان بخەنە سەر ئەو خاڵە.

میسر لە سەردەمی ئەیوبییەکاندا دووچاری دوو پەلاماری خاچ دروشمەکان هاتەوە، یەکەمیان هەڵمەتی پێنجەمی بوو لەساڵی ١٢٢١ و دووەمیان هەڵمەتی حەوتەم بوو لە ساڵی ١٢٥٠ بە فەرماندەیی شا (لویس)ی نۆیەم و، هەر دوو هەڵمەتەکە دووچاری شکستی سەخت هاتنەوە. هەر بۆیە داگیر کردنی میسر یەکێك بوو لە ئاواتەکانی سیاسەتمەدارانی فەڕەنسا و بەدوای چانسێکەوە بوون بۆ ئەوەی ئەو ئاواتەیان بێتە دی. ئەو کاتەی دەوڵەتی عوسمانی لاوازی ڕووی تێ کرد چاو تێبڕینی فەڕەنساش زیاتر بوو.

(چارڵ ماگالۆن)ی کونسوڵی فەڕەنسا لە ئەسکەندەریە، لە ٩ی شوباتی ١٧٩٨دا و بەر لە هێرشەکەی فەڕەنسا بۆ سەر میسر، ڕاپۆرتێکی تێر و تەسەلی بۆ حکومەتی وڵاتەکەی بەرز کردەوە، تێیدا داوای کرد پەلە بکرێ لە داگیر کردنی میسر. ئەو ڕاپۆرتە گرینگییەکی زۆری هەیە لە مێژووی هێرشەکەی فەڕەنسا بۆ سەر میسر و تێیدا باس لە پەیوەندییەکانی فەڕەنسا و میسر دەکات هەر لە کۆنەوە، سوودی داگیر کردنی

ئەو ناوچەیە دەخاتە ڕوو و باس لە ئامرازەکانی جێبەجێ کردنی هێرشەکە دەکات لە ئامادە کردنی سەرباز و کەشتی و پلانی سەربازی. ماگالۆن داوایش دەکات دابونەریتی خەڵکی میسر و سرووتە ئاینییەکانیان ڕەچاو بکرێن و کار بۆ ڕاکێشانیان بکرێت و ڕێز لە زانا و ڕیشسپییەکانیان بگیرێ، لەبەرئەوەی زاناکان پایەیەکی بەرزیان هەیە لای میسرییەکان.

فەڕەنسا لە ١٢ی نیسانی ١٧٩٨دا بڕیاری داگیرکاریی دا و سوپای خۆرهەڵاتی خستە ژێر فەرمانی ناپۆلیۆن بۆناپەرتەوە. ئامادەکارییەکان دەستیان پێکرد و ناپۆلیۆن خۆی فەرماندە و ئەفسەر و زانایانی هەڵبژارد و لیژنەیەکی بە ناوی لیژنەی هونەر و زانست دروست کرد و چاپخانەیەکی بە زمانی عەرەبی ئامادە کرد تا لە هێرشەکەدا لەگەڵ خۆی بیبات.

کەشتیگەلی سوپای فەڕەنسا لە بەندەری (تۆلۆن)ەوە کەوتە جووڵە، کە لە نزیکەی ٣٠٠ کەشتی پێکهاتبوو و نزیکەی ٣٦ هەزار سەربازی لەخۆ گرتبوو، ٥٥ کەشتیی جەنگییش هاوڕێیەتیی دەکرد. کارەکە بە نهێنی ئەنجام درا، بە جۆرێک سەربازەکان نەیاندەزانی کەشتیگەلەکەیان ڕوو لە کوێ دەکات.

هەواڵی جووڵانی کەشتیگەلی فەڕەنسا گەیشتە بەریتانیا، کە دوژمنی سەرسەختی بوو. بەریتانیا پێی وا بوو فەڕەنسا دەیەوێت کێبڕکێی لەگەڵدا بکات و ناوچەکەی لەگەڵدا دابەش بکات. هەر بۆیە بەریتانیاش کەوتە خۆ و (هۆراتیۆ نیلسۆن)ی فەرماندەی کەشتیگەلی ڕەوانە کرد و سێ ڕۆژ بەر لە

گەیشتنی کەشتیگەلەکەی فەڕەنسا گەیشتە ئەسکەندەریە و وەفدێکی ناردە لای (محەمەد کەریم)ی فەرمانڕەوا و لە نیازی فەڕەنسییەکان ئاگاداری کردەوە، بەوەی دەیانەوێت شارەکە داگیر بکەن و یارمەتی دانی ئینگلیزەکانیان بۆ یارمەتی دان لە ڕووبەڕوو بوونەوەیان خستە ڕوو. بەڵام فەرمانڕەوا ئەوەی ڕەت کردەوە و بە فێڵێکی ئینگلیزەکانی دانا بۆ داگیر کردنی ئەسکەندەریە.

ڕۆژی ٢ی تەمموز ١٧٩٨ فەڕەنسییەکان گەیشتن و بەهۆی جیاوازیی زۆری هێز و چەکەوە، میسرییەکان دوای بەرگرییەکی کەم شارەکەیان دا بەدەستەوە.

ناپۆلیۆن دەیزانی پەیوەندیی مێژوویی ئاینیی نێوان میسر و عوسمانییەکان قووڵ و بەهێزە، بۆیە نەیدەویست دەستدرێژی بەرانبەر بە مافەکانی سوڵتانی عوسمانی بنوێنێت، بەڵام ئەم سیاسەتە میسرییەکانی نەخەڵەتاند و کەوتنە بەرگری کردن.

فەڕەنسییەکان ڕۆژی دواتر لە دوو ڕێگەوە بەرەو قاهیرە بەڕێ کەوتن، یەکیان لە ڕێی وشکانی و ئەوی تریان لە ڕێی ئاوی نیلەوە، تا لە نزیک شارەکە بەیەک بگەن.

فەڕەنسییەکان لەو کاتەی بەرەو قاهیرە بەڕێ کەوتن، دووچاری بەرگرییەکی توندی میسرییەکان بوونەوە. ڕۆژی ١٣ی تەمموز یەکەمین ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاوی لەنێوان بەلەمەکانی مەمالیك و فەڕەنسییەکان ڕووی دا و جووتیاران لە هەر دوو کەناری ڕووبارەکەوە پەلاماری بەلەمە

فەڕەنسییەکانیان دەدا. بەڵام دیسان بەهۆی پێشکەوتوویی چەکەکانیانەوە، شەڕەکەیان بەلای خۆیاندا یەکلا کردەوە و موراد بەگی فەرماندەی مەمالیك ناچار بوو بەرەو قاهیرە بکشێتەوە.

موراد بەگ جارێکی تر لە ڕۆژی ٢١ی تەمموز لە ناوچەی (ئیمبابە) ڕووبەڕووی فەڕەنسییەکان بووەوە. لەو ڕووبەڕوو بوونەوەیەدا ٧٠ فەڕەنسی و ١٥٠٠یش لە مەمالیك کوژران و ژمارەیەکی زۆریشیان لە ئاوەکەدا خنکان. فەڕەنسییەکان ئەو شەڕەیان ناونا شەڕی (هەرەمەکان).

ڕۆژی ٢٢ی تەمموز دەسەڵاتدارانی تورك لە قاهیرە خۆیان بەدەستەوە دا و کلیلەکانیان بۆ ناپۆلیۆن نارد، ئەویش ڕۆژی دواتر بە هێزێکی زۆرەوە چووە ناو شارەکەوە.

ناپۆلیۆن دەیویست بە دەرخستنی ڕێز و خۆشەویستی بۆ میسرییەکان و دەوڵەتی عوسمانی و ئاین و داب و نەریتی خەڵکەکە جێ پێی خۆی قایم بکات، تا میسر بکات بە کۆڵۆنی و بنکەیەکی سەربازی کە بتوانێت لەوێوە لێدانی بەهێز ئاڕاستەی بەریتانییەکان بکات.

***

ناپۆلیۆن دیوانی قاهیرەی بۆ بەڕێوەبردنی شارەکە دامەزراند، کە دیوانێکی ڕاوێژکاری بوو و لە ٩ کەسایەتی پێکهاتبوو. ڕێگریشی لە سەربازەکانی گرت لەوەی تاڵان و بڕۆی شارەکە بکەن، بەڵام ئەو باجەی هێشتەوە کە

مەمالیکەکان بۆ پارەدار کردنی هێزەکانیان سەپاندبوویان.

ڕێز گرتنی بۆ ئاین ڕاگەیاند و شایەتمانیشی هێنا.

ناپۆلیۆن لە نامەیەکی خەڵەتێنەردا بە عەرەبییەکی لاواز نووسیویەتی:

"بسم الله الرحمن الرحيم. لا إله إلا الله، لا ولد له و لا شريك له في ملكه. أيها المشايخ و الأئمة، قولوا لأمتكم إن الفرنساوية هم ايضاً مسلمون مخلصون، و صاروا الفرنساوية محبين مخلصين لحضرة السلطان العثماني ، ادام الله ملكه و أدام الله إجلال العسكر الفرنساوي... لعن الله المماليك وأصلح حال الأمة المصرية".

واتە: "بە ناوی خودای گەورە و میهرەبان. هیچ خودایەك جگە لە زاتی ئەڵڵا نییە، نە منداڵێك نە هاوبەشێکی لە موڵکدا نییە. زانایان و پێشەوایان! بە خەڵکەکەتان بڵێن فەڕەنسییەکانیش موسڵمانی دڵسۆزن.. ئەوانیش دڵسۆزانە حەزرەتی سوڵتانی عوسمانییان خۆش دەوێت، خودا موڵکی بەردەوام بکات، خودا پایەداریی سەربازانی فەڕەنسییەکان بەردەوام بکات، خودا نەفرەت لە مەمالیك بکات و حاڵی گەلی میسر یش باش بکات".

ناپۆلیۆن خۆی وەك فەرمانڕەوایەکی موسڵمان پیشان دا و خەڵکەکە پێیان دەوت عەلی ناپۆلیۆن پۆنابەرت و بە جلوبەرگی خۆرهەڵاتی و عەمامەوە دەسووڕایەوە، ڕۆژانی هەینییش دەچووە مزگەوت و بەشداریی سرووتە ئاینییەکان و نوێژیشی دەکرد.

بەڵام ئەوە تەنیا نواندن بووە و ئەو هەرگیز موسڵمان نەبووە.

ناپۆلیۆن لەگەڵ ئەو زانایانەی لەگەڵیدا بوون، کە ژمارەیان ١٥٠ زانا بوو، سەرباری زیاتر لە ٢٠٠٠ پسپۆڕ لە وێنەکێش و کیمیازان و پزیشك و فەلەکناس، کۆبووەوە تا ڕێوشوێن بۆ زاڵ بوون بەسەر نەخۆشیی تاعوون دابنێت و پلانی بۆ دامەزراندنی پیشەسازیی نوێ و خزمەتگوزاریی پۆستە و گواستنەوە و ئاودێری و بەستنەوەی ڕووباری نیل بە دەریای سوورەوە دانا.

ئەو زانا و پسپۆڕانەی لەگەڵ ناپۆلیۆندا بوون، هەموو خاکی میسریان تەی کرد، لە باکوورەوە بۆ باشوور. هەموو شتێکیان لەبارەی شارستانێتیی میسرەوە کۆ کردەوە و کتێبێکی ٢٠ بەرگییان بە ناوی (وەسفی میسر)ەوە لێ بەرهەم هێنا.

ساڵی ١٧٩٩ بۆ شارد *Bouchard*ی زانای فەڕەنسی لە نزیك ئەسکەندەریە بەردی ڕەشیدی دۆزییەوە کە بە دوو زمان و سێ جۆر خەت (هیرۆگلیفی و دیمۆتیکی و یۆنانی) نووسینی لەسەر بوو. لێرەوە بنەمای ڕێبازی وەرگێڕانی دەقە هیرۆگلیفییەکان دامەزرا و دەرگای شارستانێتیی دێرینی میسری پێ کرایەوە.

لێرەدا دەبێت دان بەوەدا بنێین کە کۆڵۆنیالیستەکان هەندێك جار چاکسازیی ئەوتۆ دەکەن کە فەرمانڕەوا خۆجێییەکان بیریان لێ نەکردووەتەوە. بەڵام ئەوەمان لەبیر نەچێت فەڕەنسییەکان ویستی سڕینەوەی ناسنامەی هەر وڵاتێکیان هەبووە کە داگیریان کردووە و ناسنامەی خۆیان

بەسەردا سەپاندووە، ئەوەتا تا ئێستاش کاریگەریی زمانەکەیان بەسەر زمانی خەڵکی جەزائیر و تونس و مەغریبەوە ماوە، دوای تێپەڕینی ئەوەندە ساڵە بەسەر کۆتا پێهاتنی داگیرکاری و کۆلۆنیاڵ کردنەوە. ئەمە سەرباری ئەو هەڵسوکەوت و ئاکارانەی عەلمانییەکان، کە دەستبەرداری ناسنامەی خۆیان بوون، پێیانەوە پابەندن.

***

ناپۆلیۆن کاتێك کەشتیگەلەکەی لە ئەسکەندەریە جێهێشت، فەرمانی بە ئەدمیراڵ (فرانسوا پۆڵ) کرد باری کەشتییەکان دابگرێت و بەخێرایی ناوچەکە جێ بهێڵێت، نەبادا بەریتانییەکان بگەنە سەریان و ناچاری ڕووبەڕوو بوونەوە ببن. بەڵام بەهۆی خراپیی کەش و هەواوە نەیتوانی بڕوات و لە کەنداوی ئەبوقیر لای دا.

نیڵسۆنی فەرماندەی کەشتیگەلی بەریتانیا لە ١٣ی تەمووزی ١٧٩٨دا کەشتییەکانی بینی و بەخێرایی پەلاماری دان و بەسەر فەڕەنسییەکاندا سەرکەوت، ئەدمیراڵ فرانسوا پۆڵ و ژمارەیەکی زۆری ئەو سەربازانەی لەگەڵیدا بوون کوژران.

کاتێك هەواڵی ئەم شکستە گەورەیە گەیشتە ناپۆلیۆن لە قاهیرە، زانیی ئیتر داگیر کردنی میسر مانای نەماوە، بەتایبەت کە لە دەریا و وشکانییەوە گەمارۆ دراوە و

کەوتووەتــە بــەر ڕەحمــەتی خــەڵکی وڵاتەکــە و ژینگــە نەخوازراوەکەیەوە.

کێشەی زیاتر یەخەی بە ناپۆلیۆن و سوپاکەی گرت. ڕۆژی ١٦ای تشــرینی دووەم خــەڵکی قــاهیرە شۆڕشــێکیان دژ بــە فەڕەنســییەکان بــەرپا کــرد. فەڕەنســییەکان زۆر بەتونــدی وەڵامیــان دانــەوە. نــاپۆلیۆن فــەرمانی دا هــەر کەسێك چــەك هەڵبگرێت و یاخی ببێت، لە ملی بدرێت.

فەڕەنسییەکان هــەر چــەندە جــەخت دەکەنــەوە لــەوەی هێرشەکەیان سروشتێکی زانستیی هەبووە، بــەڵام لــە ڕاستیدا سوپای ناپۆلیۆن سڵی لە بۆردومان کردنی ئەزهەر و کوشتنی زانایــانی و لــــەناو بردنــــی کتێــــب و دەستنووســــەکانی نەکردووەتەوە، بگرە هەوڵی ڕووخاندنیشی داوە.

نــاپۆلیۆن کــە 'انیــاریی پێگەیشــت تورکــەکان لــە هــەوڵی ئەوەدان سوپایەك بۆ گەڕاندنەوەی میسر ئامادە بکەن، کەوتە ئامادە کردنی ١٣ هەزار کەس و بــەرەو سنووری شــام بــەڕێی خســتن. هێزەکــەی نــاپۆلیۆن لــە ڕۆژی ١٠ی شــوباتی ١٧٩٩ دەســتی بــە جــووڵان کــرد و شــاری (عــەریش)ی داگــیر کــرد و درێژەی بە ڕێڕەوەکەی دا لە بیابانی سینا.

هێزەکــەی نــاپۆلیۆن ڕۆژی ٣ی ئــازاری ١٧٩٩ لــە بــەردەم شاری (یافا)دا وەســتا کــە قەڵایــەکی بــەهێز و دانیشــتووانێکی بەرگریکاری هــەبوو. نــاپۆلیۆن مەرجــەکانی خــۆی بــۆ نــاردن، بــەڵام دانیشــتووانی شــارەکە مەرجــەکانیان ڕەت کــردەوە. ئەنــدازیارە ســەربازییە فەڕەنســییەکان توانییــان دیوارەکــانی

قەڵاکە کون بکەن و سەربازەکان لێیەوە چوونە ژوورەوە، هەموو ئەو کەسانەیان کوشت کە بەرگرییان کردبوو و شارەکەشیان تالان کرد.

ناپۆلیۆن لە هەوڵی داگیر کردنی فەلەستیندا نامەیەکی بۆ جوولەکەکان ناردووە، ئەو نامەیە دەیسەلمێنێت کە موسڵمان نەبووە و ڕقێکی زۆری بەرانبەر موسڵمانان هەبووە.

ناپۆلیۆن بەردەوام بوو، تا ڕۆژی ١٨ی ئازار گەیشتە شاری عەککا، کە قەڵایەکی پتەوتری هەبوو و گەمارۆی دا. فەرەنسییەکان بە بێ تۆپ گەمارۆیان خستبووە سەر شارەکە، چونکە کاتێک دەیانویست لە ڕێی دەریاوە تۆپەکانیان لە ئەسکەندەرییەوە بگوازنەوە، کەشتیگەلی ئینگلیز دەستی بەسەردا گرتبوو و تۆپەکانی ڕادەستی دانیشتوانی عەککا کرد و لە کاتی گەمارۆدانیشیدا خواردن و پێداویستیی بە خەڵکی شارەکە دەدا.

ڕۆژی ٢٠ی ئایار و دوای ئەوەی دوو مانگ بەسەر گەمارۆدانی عەککادا تێپەڕ بوو و قوربانییەکی زۆریان دا، ناپۆلیۆن فەرمانی بە سەربازەکانی دا بکشێنەوە و هەموو ئاواتەکانی لە داگیر کردنی عەککا و گەڕاندنەوەی قوستەنتینیە و دەستبەسەردا گرتنی تەواوی خۆرهەڵات لەبار چوون.

سوپا ماندووەکەی فەرەنسا ڕۆژی ١٤ی حوزەیران و دوای گەشتێکی تاقەت پڕووکێن کە ٢٦ ڕۆژی پێ چوو و لە میانەیدا ٣٠٠ میلی بڕی، گەیشتەوە قاهیرە.

رۆژی ١١ی تەمموز عوسمانییەکان هێزێکی گەورەیان کە لەسەر ١٠٠ کەشتیدا بوو لە کەنداوی ئەبوقیر داگرت، بە ئامانجی ئەوەی فەرەنسییەکان لە میسر دەر بکەن. ناپۆلیۆن لە قاهیرەوە سەرکردایەتیی هێزێکی لە باشترین جەنگاوەرەکانی کرد و بەرەو باکوور بەڕێ کەوت و دووچاری شکستێکی گەورەی کردنەوە.

ناپۆلیۆن چێژی لەم سەرکەوتنە نەکرد، چونکە هەواڵی پێگەیشت کە هاوپەیمانیی ئەورووپیی دووەم، فەرەنسای لە ئەڵمانیا وەدەر ناوە و و دەستی بەسەر ئیتاڵیادا گرتووە و تەواوی سەرکەوتنەکانی کەوتنە بەر ڕەشەبای شکست. ناپۆلیۆن خۆی و سوپا ماندووەکەی بینییەوە کە لە هەموو لایەکەوە گەمارۆ دراون و لە ژێر هەڕەشەی لەناو بردندان.

هەر بۆیە ناپۆلیۆن فەرمانێکی لە حکومەتی فەرەنساوە پێگەیشت کە دەستبەجێ بگەڕێتەوە پاریس. ناپۆلیۆن هەر چۆنێك بوو توانیی لە گەمارۆی بەریتانییەکان دەربچێت و بگەڕێتەوە و ڕێگەی بەرەو دەسەڵات ببڕێت. ناپۆلیۆن لە شوێنی خۆی (جان باپتیست کلیبەر) ی دانا تا سەرپەرشتیی هیواکانی بە هێشتنەوەی میسر لە ژێر دەسەڵاتی فەرەنسادا بکات.

زۆری پێنەچوو کلیبەری جێگرەوەی ناپۆلیۆن لەلایەن سلێمان حەلەبییەوە کوژرا و کەشتیگەلی فەرەنسا دووچاری پەلامارێکی بەهێز هاتەوە و بەتەواوی تێکشکێنرا. پاشماوەی فەرەنسییەکان ناچار بوون پەیماننامەی ڕادەست کردنەوەی

میسر ئیمزا بکەن و لەسەر کەشتییە بەریتانییەکانەوە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان. ئەمەش کۆتایی یەکێك لە گرینگترین قۆناغەکانی مێژووی میسرە.

بە کۆتا پێهاتنی هێرشەکەی فەڕەنسا بۆ سەر میسر، دەسەڵاتی مەمالیکەکان کۆتایی هات و ئەستێرەی (محەمەد عەلی) گەشایەوە و قۆناغی دەوڵەتی سەربەخۆی میسر دەستی پێکرد.

یەکێك لە ئەنجامەکانی ئەو هێرشە بووژانەوەی گیانی بەرگری و جیهاد بوو لە دەروونی خەڵکی میسر و شام و تەواوی ئەو شوێنانەی داگیرکاری گرتنیەوە.

***

یەکێك لە سەیرترین ئەو بەڵگەنامانەی لە ناپۆلیۆنەوە جێ ماون، وەسیەتەکەیەتی بۆ کلیبەر، کە تێیدا دەڵێت:

"ئەگەر ویستت ماوەیەکی زۆر فەرمانڕەوایی میسر بکەیت، پێویستە ڕێز لە هەستی ئایینیی خەڵکەکەی و حورمەتی ماڵەکانیان بگریت".

لە بەڵگەنامەیەکی تریشدا دەردەکەوێت ناپۆلیۆن خەونی ئەوەی هەبووە کەناڵی سوێس لێبدات و ڕێ لە بەهەدەر چوونی تەنانەت یەك دڵۆپی ئاوی نیلیش بگرێت، ئەگەر بۆ ماوەیەکی زۆر حوکمی وڵاتی میسری بەدەست بمێنێتەوە.

ویستووشیەتی میسر بکات بە بنکەیەك تا لەوێوە ئیمپراتۆریەتێکی گەورە لە خۆرهەڵاتی سوێس دابمەزرێنێت کە

سـنووره‌که‌ی ئێـران و ئه‌فغانسـتان بگرێتـه‌وه و وتوویـه‌تی:
"هیچم له ئه‌سکه‌نده‌ری مه‌زن که‌متر نییه، به‌ڵام داخێکم.. من له ته‌مه‌نی ٢٨ ساڵیدا ده‌ستم به‌سه‌ر میسردا، که‌چی ئه‌و لـه ته‌مه‌نی ٢٦ ساڵیدا".

***

هێرشه‌که‌ی ناپۆلیۆن بۆ سه‌ر میسر، شۆکێکی شارستانیی له‌لای میسرییه‌کان دروست کرد.. ئـه‌وان بـۆ یه‌کـه‌م جـار بـوو ببیـنن چـاپخانه پیتـی عـه‌ره‌بیی لێـوه ده‌ربچـێت. هـه‌ر لـه‌و کاتـه‌وه گرینگـی دان بـه شـوێنه‌واری فیرعه‌ونـه‌کان ده‌سـتی پێکرد و بۆ یه‌که‌مین جاریش ئافره‌ت به سه‌ررووتی بینرا.

ئـه‌م شـۆکه شارسـتانییه محه‌مـه‌د عـه‌لیی فـه‌رمانڕه‌وای دواتری میسری هان دا هه‌ڵمـه‌تێك بـۆ نـوێ کردنـه‌وه‌ی میسـر ده‌ست پێبکات و له‌و پێناوه‌دا که‌سانێکی زۆری بـۆ ده‌ره‌وه‌ی وڵات نارد تا زانست و زانیـاریی نـوێ به‌ده‌ست بهێـنن. بـه‌ڵام به‌داخـــه‌وه ئه‌وانـــه‌ی نێررانـــه ده‌ره‌وه، بـــه (ڕوفاعـــه تـه‌هتاوی)یشـه‌وه کـه شـێخی هه‌ڵمه‌ته‌کـه بـوو، لـه فۆبیـای سه‌رسوڕمان به‌رانبـه‌ر خۆرئـاوا بێبـه‌ش نـه‌بوون و نـه‌یانتوانی جیاوازی له‌نێوان پێشکه‌وتنی ماددیی خۆرئاوا و هه‌ژارییان لـه ئاستی بـه‌ها ڕۆحییه‌کانـدا بکـه‌ن، ئـه‌و به‌هایانـه‌ی تـه‌نیا لـه کۆمه‌ڵگه‌کانی خۆرهه‌ڵاتدا هه‌ن و بانگه‌واز بۆ ئه‌وه بڵاو کرایه‌وه که پێشکه‌وتن له لاسایی کردنه‌وه‌ی خۆرئاوادایـه ته‌نانـه‌ت لـه کاره خراپه‌کانیشیاندا بێت!

***

هێرشـەکەی نـاپۆلیۆن بـۆ سـەر میسـر هۆشـی توێـژێك لـە ڕۆشنبیرانی ناوچە عەرەبییەکان -بەتایبەت لە میسر و شام- بزواند و سەرنجی بۆ یەك ئامانجیی داگیرکـەران ڕاکێشـا، هـەر چەندە ئەگـەر لـە ڕووکەشیشـدا جیـاواز بـن. ئامانجەکەشـیان ئەوەیە ناسنامەی ئیسلامیی خەڵکەکە بسڕنەوە و دواتر خێر و بێری وڵاتەکانیان بۆ خۆیان ببەن.

لە کۆتاییدا

ئەم وتەیەی ناپۆلیۆن بڵاو بکەنەوە:

"ئەگـەر فەرمانـدە سـەربازییەکانم وەك پابەنـدیی پیـاوانی میسر بە ئاینەکەیانەوە پابەندی بنەما سەربازییەکان بن، ئـەو کات هەموو جیهان دەبێت بە موڵکی من. ئەو قورئانەی هەڵیان گرتووە، پێدەچێ هێزێکی باڵای تێدا بێت کە نە دەشـکێت نـە بەسەریدا زاڵ دەبێت".



حوسێن

و

هەوڵ دان بۆ گەڕاندنەوەی ڕاوێژ

حوسێن
و
هەوڵ دان بۆ گەڕاندنەوەی ڕاوێژ

مەروانی کوڕی حەکەم لە میانی ئەو وتەیەی لە کاتی بەیعەت دان بە یەزیدی کوڕی موعاویە دای، وتی: "لەسەر سوننەتی کامڵ و ڕێپیشاندەریی ئەبوبەکر"، عەبدولڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکر هەڵسایەوە و وتی: "ئەمە سوننەتی ئەبوبەکر نییە، بەڵکو سوننەتی (هێرقل)ە کە بەیعەت بە کوڕەکانتان دەدەن!".

ئیمام ئیبن عەتیەی ئەندەلوسی دەڵێت: "ڕاوێژ لە بنەماکانی شەریعەت و هێزی حوکمەکانە، ئەوەی ڕاوێژ بە زانایان و ئایینناسان نەکات، واجبە لا ببرێت. ئەمە هیچ ڕاجیاییەکی لەسەر نییە".

فەرمانڕەوایی گرێبەستێکە لەنێوان فەرمانڕەوا و گەل. هەر گرێبەستێکیش ڕەزامەندیی لەگەڵ نەبێت، پووچەڵە. ڕەزامەندییش بە بێ ڕاوێژ نابێت. ڕاوێژیش بە بێ ئازادی مانایەکی نییە.

ڕاوێژ تەنیا لە هەڵبژاردنی فەرمانڕەوادا کۆتای نایات، بەڵکو دەبێت لە ڕا وەرگرتنیشدا کاری پێبکرێت.

دەستبەردار بوون لە ڕاوێژ تەنیا دووركەوتنەوە نییە لە باشترین شت، بەڵكو دوور كەوتنەوەیە لە واجب.

گەڕاندنەوەی ڕاوێژ بابەتی ئەم باسەیە و پاڵەوانەكەشی حوسێنی كوڕی عەلییە (بەر ڕەزای خودا بكەون).

ئەبو عەبدوڵڵا حوسێنی كوڕی عەلیی كوڕی ئەبو تالیبی كوڕی عەبدولموتتەلیب كوڕی هاشم و كچەزای پێغەمبەری خودایە (بەر دروودی خودا بكەوێ). ساڵی چوارەمی كۆچی لەدایك بووە.

پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بكەوێ) لە بارەیەوە دەفەرمووێت:

"حوسێن لە منەو منیش لە حوسێنم. خودایە! ئەو كەسەت خۆش بوێ كە حوسێنی خۆش دەوێت"، لە بارەی خۆی و حەسەنی براشیەوە دەفەرمووێت: "حەسەن و حوسێن گەورەی لاوانی بەهەشتن".

حوسێن ڕازی نەبوو بە بەیعەت دان بە یەزیدی كوڕی مەعاویە. لەم كارەشیدا، عەبدوڵڵای كوڕی زوبێر هاوبەشی بوو. ئەمەش لەبەرئەوەی سوور بوون لەسەر ئەوەی كار دەبێت بە ڕاوێژ بێت و ئەوەی باشترە ئەو فەرمانڕەوایی بكات.

یەكێك لە هۆكارەكانی دەرچوونی حوسێن (خودای لێ ڕازی بێت) گۆڕینی سیستمی فەرمانڕەوایی بوو لە ڕاوێژەوە بۆ فەرمانڕەواییی پشتاوپشت. حوسێن پێی وا بوو هەوڵ دانی موعاویە بۆ بەمیرات كردنی فەرمانڕەوایی بۆ یەزیدی كوڕی، دژایەتییەكی ڕوونی ڕێبازی ئیسلامە لە فەرمانڕەواییدا. بەڵام پێی گرینگ نەبوو لە موعاویە هەڵبگەڕێتەوە لەبەرئەوەی

پێشتر بەیعەتی پێ دابوو و خاوەنی پەیمان و پابەندییەکەی بوو. بەڵام دوای ئەوەی موعاویە مرد ڕەوشەکە گۆڕا و ئەو بەیعەت و پەیمانەی لە ئەستۆدا نەما کە پابەندی گوێ گرتن و گوێڕایەڵیی دەکرد.

وەلیدی کوڕی عوتبەی والیی مەدینە دەیویست بەیعەت لە حوسێنی کوڕی عەلی و عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر بۆ یەزید وەربگرێت، بەڵام ئەمان بۆ ئەوەی ئەو کارەیان بەسەردا نەسەپێنرێت ئەو شارەیان جێهێشت و ڕوویان کردە شاری مەککە.

حوسێن ئەو هەڵوێستە سیاسییەی لەسەر بنەمای ڕوانینێکی شەرعی دامەزراندبوو. ئەو پێی وا بوو ناگونجێت بەیعەت بە یەزید بدرێت، لەبەرئەوەی ناگونجێت ببێتە خەلیفەی موسڵمانان و مەرجەکانی عەدالەتی تێدا بەدی ناکرێت.

حوسێن خۆی شایانتر بوو بەوەی ببێتە خەلیفە، ئەو زانست و توانای باشتر بوو، خۆشەویستیی لە ناو خەڵکی زیاتر بوو، مافی ئەوەشی هەبوو خۆی بۆ خەلیفایەتی بپاڵێوێت و میللەتیش خاوەنی بڕیار بوو لەوەی کێ هەڵدەبژێرێت و نابێت ئەو مافەی لێ زەوت بکرێت و ڕاوێژ ژێر پێ بخرێت و حوکم هەر بە دەستی ئەمەوییەکانەوە بمێنێتەوە.

حوسێن دەستی کرد بە نامە گۆڕینەوە لەگەڵ خەڵکی عێراق و وەفدەکان گەیشتنە لای. گەیشتە ئەو ئەنجامەی دەبێت ڕووبەڕووی ستەم ببێتەوە و خراپەکاری لا ببات و ئەوەش ئەرکێکی شەرعییە لەسەری.

ئەو پێی وا بوو ئەمەوییەکان پێچەوانەی ڕێبازی پێغەمبەر (بەر دروودی خودا بکەوێت) و خەلیفەکانی دوای بوونەتەوە و فەرمان بە چاکە و ڕێ گرتن لە خراپە واجبە بەسەر زانایانەوە، گەورەترین خراپەکاریش ڕەت کردنەوەی ڕاوێژکاری و گۆڕینی فەرمانڕەوایی شەرعییە بۆ فەرمانڕەواییەکی ستەمکارانەی تاک جەمسەر لە ڕێی ڕەت کردنەوەی ویستی گەل.

لەبەرئەوەش کە حوسێن بەیعەتی لە ئەستۆدا نییە و یەکێکە لە زانا و گەورە پیاوەکانی ئوممەت، بۆیە پێویست بوو ئاڵاهەڵگری لابردنی ئەو خراپەیە بێت و ڕووبەڕووی ستەمکاری ببێتەوە، بە ئامانجی گەڕاندنەوی فەرمانڕەوایی بۆ سەر ڕێبازە ئیسلامییە دروستەکەی.

دوای نامە گۆڕینەوە لەگەڵ گەورە پیاوانی کووفە، حوسێن (بەر ڕەزای خودا بکەوێت) پێی باش بوو بۆ بە تەواوی ئاگادار بوون لە ڕاستییەکان، موسلیمی کوڕی عەقیلی ئامۆزای ڕەوانەی شارەکە بکات و واقیعی شارەکەی بۆ بگوازێتەوە و ئەگەر ئەوەی دەیلێن ڕاست بێت، بچێت بۆ لایان.

کاتێك موسلیم گەیشتە کووفە، خەڵکی شارەکە ڕوویان تێکرد و ١٢ هەزار کەس بەیعەتیان پێدا. بەیعەت پێدانەکەش بە شێوەیەکی نهێنی بەڕێوە چوو. موسلیم بۆ حوسێنی نووسی کە هەموو خەڵکی کووفە لەگەڵیدان و هەر کاتێك نامەکەی پێگەیشت بەرەو ئەو شارە بەڕێ بکەوێت.

حوسێن کە نامەکەی عەقیلی پێگەیشت، خۆی کۆ کردەوە و سوور بوو لەسەر ئەوەی بە ماڵ و منداڵەوە ڕوو بکاتە کووفە.

ژمارەیەك لە هاوەڵان – لە نێویشیاندا محەمەدی کوڕی حەنەفیەی باوك برای و عەبدوڵڵای کوڕی عەباس– پێیان باش بوو دەرنەچێت، نەك لەبەرئەوەی پێیان وا بووبێت یەزید لە حوسێن باشترە یان شایانترە بە خەلیفایەتی، بەڵکو لەبەرئەوەی دەترسان خۆی و خانەوادەکەی دووچاری زیان ببنەوە. عەبدوڵڵا پێی وت: ئەگەر خەڵکی کووفە فەرمانڕەواکەیان کوشتووە و دوژمنیان دەرکردووە و دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتووە بڕۆ، بەڵام ئێستا فەرمانڕەوا هەر لەوێ ماوە و کاروبار بەڕێوە دەبات و بەسەر ڕەوشەکەدا زاڵە، ئێستاش کە بانگت دەکەن تەنیا بۆ ئاژاوە و کوشتنە. بە خوا دەترسم وەك عوسمان بە بەرچاوی ژن و منداڵەکانتەوە بکوژرێیت.

لە وتەکەی عەبدوڵڵاوە دەردەکەوێت ئەو لە لایەنی شەرعییەوە دژایەتیی دەرچوونی حوسێنی نەکردووە، بەڵکو لە ڕووی پلانەوە پێی وا بووە کە پێویستە حوسێن گرینگی بە پلان دانان بدات و تا لە بەهێزیی لایەنگرانی لە عیراق و نەمانی دەسەڵاتی ئەمەوییەکان دڵنیا نەبێت، ڕوو نەکاتە عیراق. ئەگەر نا پێی باش بووە ڕوو بکاتە یەمەن، لەبەرئەوەی دوورە لە دەسەڵاتی ئەمەوییەکان و لایەنگری زۆری لەوێ هەیە و شوێنی خۆ حەشاردانی زۆر و قایمی لێ هەیە و دەتوانێت لایەنگرانی بۆ بەرەنگار بوونەوەی ئەمەوییەکان کۆ بکاتەوە.

ئەوەی جێی تێڕامانە ئەوەیە گشت ئەوانەی ئامۆژگاریی حوسێنیان دەکرد، یەك دەنگ بوون لەسەر ئەوەی خەڵکی کووفە ناپاکی دەکەن و پێویستە بڕوا بە بەڵێنەکانیان نەکات. هەمووشیان لە وتەکانی ماڵئاوایی کردنیان لە حوسێن، پێشبینیی کوژرانیان کردووە.

یەزید کاتێك دڵنیا بوو حوسێن بە نیازە وەڵامی بانگەوازی خەڵکی کووفە بداتەوە، نامەیەکی بۆ (ئیبن عەبباس) وەك گەورە زانایەك و پیشسپییەکی بەنو هاشم لەو کاتەدا نووسی و تێیدا وتبووی: وا دەزانین کەسانێك لە خۆرهەڵاتەوە هاتوون و هیوای خەلیفایەتییان پێ داوە، لەبەر ئەوەی تۆش کەسێکی شارەزا و بە ئەزموونی، وای لێ بکە واز لە دووبەرەکی نانەوە بهێنێت.

ڕووداوەکان خێراتر بوون. لایەنگرانی حوسێن لە کووفە بەیعەتیان دا بە موسلیمی کوڕی عەقیل. نوعمانی کوڕی بەشیری ئەنساریی والیی کووفەش کاتێك هەستی بە ترسناکیی ڕەوشەکە کرد، خەڵکی شارەکەی کۆ کردەوە و وتاری بۆ دان و هۆشداریی دانێ لە دووبەرەکی، ڕەتیشی کردەوە فشار بخاتە سەر هیچ کەسێك بۆ ئەوەی دوژمنایەتیی حوسێن بکات. یەزید سیاسەتی نوعمانی بەدڵ نەبوو، بۆیە لە والێتی لای برد و عوبەیدوڵڵای کوڕی زیادی والیی بەسرەی لە شوێنی دانا و داوای لێکرد موسلیمی کوڕی عەقیل دەستگیر بکات و بیکوژێت یانیش دووری بخاتەوە.

عوبەیدوڵڵا سیخوڕەکانی خستە کار و توانیی هەواڵی موسلیم و جووڵانەوەکانی دەست بکەوێت.

هـانیی کـوڕی عـورووە کـە موسـلیمی لـە مـاڵی خۆیـدا دەحەوانـدەوە، دەسـتگیر کـرا. کاتێـک هەواڵەکـە گەیشـتە موسلیم، لایەنگرانی -ئەوانەی کە بەیعەتیان پـێ دابوو- کۆ کردەوە، چوار هەزار کەس بۆی کۆ بوونەوە و بەرەو کۆشکی عوبەیدوڵڵا بەڕێ کەوتن. عوبەیدوڵڵا لـەو کاتـەدا پیشسـپیانی کووفـەی لـە خـۆی کـۆ کردبـووەوە و داوای لێکردبـوون ئامۆژگاریی خەڵکەکە بکەن لە موسلیم دوور بکەونەوە. هەوڵی ئەوانە و هان دانی ئافرەتان بە هەوڵ دان بۆ دوور خستنەوەی مێردەکانیـان لـە موسـلیمی کـوڕی عـەقیل، بووە هـۆی چـۆڵ بـوونی دەوروبـەری موسـلیم، بـە جۆرێـک بـە تـەنیا مایـەوە و دارودەستەکەی عوبەیدوڵڵا توانییان دەسـتگیری بکـەن. دوای ئازار دانێکی زۆر، سەری موسلیم لە جەستەی جیـا کرایـەوە و لەسەر کۆشکەوە فڕێ درایە خوارەوە.

***

حوسێن (بەر ڕەزای خودا بکەوێت) ڕۆژی تـەرویـە (٨ی ذي الحجة)ی ساڵی ٦٠ی کۆچی، بە هاوڕێیەتی خانەوادەکەی و ٦٠ پیاو بەرەو عیراق بەڕێ کەوت.

عوبەیـدوڵڵا کۆمـەڵێك ڕێوشـوێنی گرتـە بـەر بـۆ ئـەوەی پەیوەندی لەنێوان خەڵکی کووفە و حوسـێن دروسـت نـەبێت. بە جۆرێك ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە ببێتە پشتیوانی حوسـێن، مەرگ لە چاوەڕوانییدا بوو. حوسێن هەستی دەکرد کاروبار لە کووفـە بـە باشـی بـەڕێوە ناچـێت، بەتایبـەت کـە خـەڵکی

دەرەوەی شارەکە پێیان ڕاگەیاند بە هیچ شێوەیەك ڕێ نادرێت خەڵکی بچێتە ناو کووفەوە یان لێوەی دەربچێت.

حوسێن کاتێك گەیشتە ناوچەی (شراف) هەواڵی کوژرانی موسلیمی کوڕی عەقیل و هانی کوڕی عوروە و پشت تێکردنی خەڵکی کووفەی پێگەیشت. ئەم هەواڵانە زۆر کاریان کردە سەر حوسێن و بوونە مایەی ئازارێکی زۆر بۆی.. ئەوانە نزیکترین کەسی بوون کە کوژراون و ئەو خەڵکەی پشتی پێ بەستبوون پشتیان تێکردووە.

حوسێن ئەو هەواڵەی بە هاوەڵەکانی دا و وتی: ئەوەی دەڕوات با بڕوات. خەڵکی لە هەموو لایەکەوە جێیان هێشت و تەنیا ئەوانەی لەگەڵ مانەوە کە لە مەککەوە لەگەڵی هاتبوون. ئەوانەشی کە لەگەڵی مانەوە وتیان: توخودا با بگەڕێینەوە، چونکە هیچ لایەنگرێکت لە کووفە نەماوە و دەترسین هەموویان بووبن بە دوژمنت. بەڵام براکانی موسلیم سوێندیان خوارد کە ناگەڕێنەوە تا تۆڵەی نەکەنەوە یان ئەوانیش وەك موسلیم دەکوژرێن.

حوسێن بەردەوام بوو لە ڕۆیشتن بەرەو کووفە، تا لە نزیك کەربەلا و لە ناوچەی (تەف)دا ڕووبەڕووی سوارەکانی عومەری کوڕی سەعد بووەوەو کەوتنە وتووێژ. حوسێن بۆی ڕوون کردەوە کە ئەو لەسەر داوای خەڵکی کووفە ڕووی لەو شارە کردووە و دوو جانتای گەورەی پێ پیشان دا کە پڕ بوون لە ناوی ئەوانەی بەیعەتیان پێداوە و داوایان لێکردووە ڕوو بکاتە شارەکەیان و کاتێك خۆی بۆ خەلیفایەتی پاڵاوتووە لەسەر

داوای ئەوان بووەو مافی خۆیشی بووە، ئێستاش کە ئەوان وازیان لێهێناوە ڕێی بدەن یەکێك لەم کارانە بکات:

- بگەڕێتەوە ئەو شوێنەی کە لێیەوە هاتووە.
- بچێتە شام، تا لەوێ ڕاستەوخۆ وتوێژ لەگەڵ یەزیدی کوڕی موعاویە بکات.
- یان بچێتە یەکێك لە شارەکانی دەوڵەت وەك هەر یەکێك لە موسڵمانەکان نیشتەجێ ببێت.

عومەری کوڕی سەعد نامەیەکی بۆ عوبەیدوڵلای کوڕی زیاد نارد و بۆی ڕوون کردەوە کە خەریکە کێشەکە چارەسەر دەبێت و ئاشتی دەگەڕێتەوە، و تەنیا چاوەڕوانی ئیمزای ئەوە.

عوبەیدوڵلا خەریك بوو ڕەزامەندی دەر ببڕێت و نووسراوەکە ڕەوانەی یەزید بکات، بەڵام (شیمری کوڕی زیلجەوشەن) کە لە دانیشتنەکەدا بوو، پێی باش نەبوو زیاد ڕەزامەندی پیشان بدات و بۆی ڕوون کردەوە باشتر وایە خۆی – واتە عوبەیدوڵلا– خاوەن ڕا بێت لەو مەسەلەیە و حوسێن ناچار بکات حوکمی ئەو قبووڵ بکات.

کاتێك هەواڵ گەیشتە حوسێن، زۆر بە توندی ڕەتی کردەوە ملکەچی حوکمی عوبەیدوڵلای کوڕی زیاد بێت و هاوەڵەکانی سەربەست کرد. بەڵام ئەوان سوور بوون لەسەر ئەوەی لەگەڵیدا بمێننەوە و تا دوا دڵۆپی خوێنیان لەگەڵی بجەنگن.

***

کاتێك ڕەوشەکە توند بوو و بەرەو گەرمی دەچوو، (حوڕڕی کوڕی یەزید) ڕووی کردە عومەری کوڕی سەعد و پێی وت: "بەڕاستی تۆ بەنیازی دژ بەم پیاوە بجەنگێیت؟"

عومەر وتی: "ئەریّ بەخوا! بە جۆرێك لەگەڵی دەجەنگم ئاسانترینی ئەوە بێت سەری لە لاشەکەی بکرێتەوە و دەست و پێی بکەوێتە ئەو ناوە!"

حوڕڕ لەم کاتەدا لە ئەسپەکەی خوڕی و چووە بەرەی حوسێنەوە و هاواری کرد: "کووفەییەکان! ئێوە بانگهێشتی حوسێنتان کرد. کەچی پشتتان تێی کرد و ئێستاش پێشی لێدەگرن و بەنیازن بیکوژن، ڕێ نادەن لەو زەوییە گەورە و فراوانەی خوادا لە شوێنێك دابنیشێت، ڕێ نادەن قومێك لەو ئاوە زۆر و زەوەندەی فورات بخواتەوە لەکاتێکدا خەریکە لە تینوێتیدا دەخنکێ. ئاوا چاودێریی ئەوەی پێغەمبەرەکەتان دەکەن؟ سا خودای گەورە لە ڕۆژی تینوێتیی گەورە ئاوتان لێبگرێتەوە ئەگەر تۆبە نەکەن و نەگەڕێنەوە!"

هەڵوێستی ئەم پیاوە لە هەڵوێستی ئەو ئەفسەر و سەربازانە دەچێت کە ئامادە نەبوون لە پێناوی دەسەڵاتدارە ستەمکارەکانی ئەمڕۆدا بمێننەوە و چوونە سەنگەری گەلەکانیانەوە کە داوای ئازادی و سەربەستی دەکەن.

***

بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی ساڵی ٦١ی کۆچی حوسێن (بەر ڕەزای خودا بکەوێت) هاوەڵەکانی ڕێکخست، کە ٣٢ سوار و ٤٠ پیادە بوون.

عومەری کوڕی سەعدیش لە بەرانبەردا سوپاکەی ڕێکخستەوە و شەڕ لەنێوان هەر دوولادا دەستی پێکرد. سەرەتا بە شمشێربازی بوو و هاوەڵانی حوسێن بەرگرییەکی توندیان بەرانبەر سوپاکەی عومەری کوڕی سەعد پیشان دا و گیانبازانە شەڕیان کرد، چونکە ئومێدێکی ژیانیان نەمابوو.

حوسێن لە سەرەتادا بەشداریی شەڕی نەکرد، ئەو کاتەشی کە هاوەڵەکانی کوژران، کەس نەیدەوێرا شەڕی لەگەڵ بکات نەبادا بە دەستی ئەو بکوژرێت، نەبادا تاوانی کوشتنی ئەو پیاوە گەورەیەی بکەوێتە ئەستۆ، بۆیە دەیانخواست خۆی بدات بەدەستەوە. بەڵام حوسێن بە هیچ جۆرێک نەرمیی نەدەنواند و زۆر ئازایانە شەڕی دەکرد و خۆی نەدەدا بەدەستەوە.

شیمر ترسا لەوەی کۆنترۆڵی کارەکەیان لەدەست دەربچێت، بۆیە پەلاماری حوسێنی دا و شەهیدی کرد. خەولیی کوڕی یەزیدی ئەسبەحییش سەرەکەی بۆ یەزید برد.

کوژرانی حوسێن (بەر ڕەزای خودا بکەوێت) لە ڕۆژی ١٠ی موحەڕڕەمی ساڵی ٦١ی کۆچی بوو. لەو شەڕەدا ٧٢ کەس لە هاوەڵانی حوسێن (بە ڕەزای خودا بکەوێت) و ٨٨ لە پیاوانی عومەری کوڕی سەعد کوژران. دوای کۆتا پێهاتنی شەڕ، عومەری کوڕی سەعد فەرمانی دا کەس دەست بۆ ژن و منداڵەکانی نەبات و ئازار نەدرێن و لەگەڵ سەریدا ڕەوانەی لای ئیبن زیادی کردن.

لەو کەسانەی لەگەڵ حوسێن (بەر ڕەزای خودا بکەوێت) شەهید بوون، ناوی ئەبوبەکری کوڕی عەلی و عوسمانی کوڕی

عەلی و ئەبوبەکری کوڕی حەسەن هەن، بوونی ئەو ناوانەش دەربڕی ئەو خۆشەویستییەیە کە ئالوبەیتی پێغەمبەر (بەر درودی خودا بکەوێت) بۆ خەلیفە ڕاشیدەکان هەیانبووە.

***

بەم جۆرە ئەوەی بەرپرسە لە خوێنی حوسێن خەڵکی کووفەن کە پشتیان تێکرد، هەروەها عوبەیدوڵڵای کوڕی زیادیش کە هەموو هەوڵی بۆ ئەوە بوو پاشایەتییە ستەمکارانەکەی ئەمەوییەکان بچەسپێنێت، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی خوێنی حوسێنیش بێت (بەر ڕەزای خودا بکەوێت).

کەسێکی تریش کە بەرپرسیارێتییەکەی لەسەرە، عومەری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبووەقاسە، کە لەسەر ڕێچکەی باوکی نەڕۆیشت و دنیاویست و بەدوای پلەوپایەوە بوو. هەروەها یەزیدی کوڕی موعاویەیش کە دەبوو فەرمانی زۆر توندی دەربکردایە بەوەی نابێت بە هیچ جۆرێک هیچ کەسێک لە حوسێن نزیک ببێتەوە.

***

ئیبن تەیمیە لەبارەی حوسێنەوە (بەر ڕەزای خودا بکەوێت) دەڵێت: "فەرموودەکانی پێغەمبەر (بەر درودی خودا بکەوێت) کە باس لە پێویستیی کوشتنی هەر کەسێک دەکەن کە لە جەماعەت دوور بکەوێتەوە، حوسێن ناگرێتەوە، چونکە ئەو پێش ئەوەی بکوژرێت داوای کرد بگەڕێتەوە بۆ

شارێك یان سەنگەرێك یان تەنانەت بۆ لای یەزیدیش بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ناو جەماعەت و بەر لە دووبەرەکی بگرێت. ئەو داوایانە ئەگەر هەر کەسێکی ئاسایی بیکردنایە، دەبووایە بەرەو پیری بچوونایە، چ جای حوسێن!"

***

دوور کەوتنەوە لە پەرت کردنی موسڵمانان و ترس لەو مەسەلەیە بۆ بڵاوکردنەوە و بەبازاڕ کردنی فیقهی زاڵبوو، قۆزراوەتەوە وەك ئەوەی ئەوە ئەسڵ بێ لە مەسەلەکەدا و خراوەت خزمەتی سیستمە خۆسەپێن و ستەمکارەکانەوە و بووە بە دڕکێك لە پشتێنەی ئەو موسڵمانانەی بەدوای ئازادییەوە وێڵن.

ئەوانە چەمکی فیتنەش دەقۆزنەوە بۆ کردنە کالاّ بە بالاّی ئەوانەی ئەگەر بە ڕێگەی ئاشتیانەش بێت داوای چاکسازی دەکەن و ئەو کەسانە بە (خەواریج) و (تیرۆریست) ناوزەد دەکرێن بە جۆرێك ئەم وەسفە کەسانی وەك حوسێنیش (بەر ڕەزای خودا بکەوێت) بگرێتەوە، کە بەتەواوی لە کەسانی وەك ئەوەوە دوورە!

لە وڵاتانی ئێمەدا -بەداخەوە- کاتێك ماڵێك بدزیت ئەوە دز و جەردەی، بەڵام ئەگەر نیشتیمانێك بدزیت ئەوە فەرمانڕەوایەکی زاڵبووی شەرعییت!

ناوئاخن



به 3750 دیناره

Awng


سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ
أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ